# ڕاپەڕینی کرۆنشتات

# ڕووی دووەمی سیاسەتی بۆلشەڤیکە

نووسینی

فەرید نووری

سەلاح ڕێبوار

لە فارسییەوە وەریگێڕاوە و پێشەکی بۆ نووسیووە

٢٠١٧

# بەسەرهاتی ئەو وەرگێڕانە

لە سەرەتای سالآنی ٨٠ ی سەدەی ڕابردوو هەم لە ئیتالیا و دواییش لە سوێد. پەیوەندییەکی نزیکم لەگەڵ هێزە چەپەکانی ئێرانی بەگشتی و کوردەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی هەبوو. ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ یەکەم ئارەزووی خۆم بۆ دەرچوون لە چوارچێوەی سیاسەتی گەڕەک و بنەماڵە بۆ فراوانکردنی جیهانبینییانەی خۆم، دوای ئەوەش ویستی ئاشنایەتیم بە ئەدەبی ئێرانی ئەو دەمە جا هەر لە ئەحمەد شاملۆ و سەمەدی بەهرەنگی و سادق هیدایەت تا دەگاتە فروغ فروغ زاد و هتد... بەڵام خوێندنەوەکانم تەنیا لەوەوە نەدەوەستا، بەڵکوو هەوڵم دەدا لە ژانرە جیاجیاکانی ئەدەبیاتی زانستیانەی دوور لە ئارەزووی کەس و لایەن بخوێنمەوە. ئەوەش بە مەرجێ نووسەری یەکەم ئێرانی بێ. چونکە من دەمەویست هەم لە چێژی زمانی نووسەر و هەم لە ڕەوت و ووردەکاری ئاستی نووسینی بەتایبەتی فارسی ئاشنایەتی پەیدا بکەم.

گۆڤاری (زمان نو) لەو سەردەمە زۆربەی نووسینەکانی هەم بە پێز بوون و هەم مێتوودی نووسینەکان زانستیانە بوون. بۆیە بەردەوام دەمخوێندەوە. بە ڕێکەوت بابەتی (کرونشتات انقلاب سوم ؟) لە نووسینی فەرید نوریم کەوتە بەرچاو. لەبەر گرنگی و زیندوویی بابەتەکە، ووردەکاری ڕووداوەکان چەند جارێک خوێندمەوە. وەک خوێکی خۆم زۆرم پێ خۆشە کە بابەتێک دەخوێنمەوە، بە نووسەرەکەی ئاشنابم. دوای ئەوە کەوتمە سۆراخی نووسەر، بۆم دەرکەوت لە سۆڤیەت پلەیەکی بەرزی ئەکادیمی خوێندووە و ئێستا لە پاریس دەژی. نووسینەکانیشی دوورن لە ڕەنگی حیزبی، هەڵبەتە دوای خویندنەوەی نووسینەکە، ئەو شتەم بە ڕوونی بۆ دەرکەوت. دوای ئەوە بریارمدا وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی. دوای

تەواوبوون، هەر بە ڕەشنووسی هەڵمگرت. لەبەرئەوەی لەو کاتەدا بڵاوکردنەوەی بۆ من ئەستەم بوو. ئەو دامودەزگا کوردییانەی کە توانایان هەبوو، لەبەر هەر هۆیەک بێ نەیاندەویست شتی وا بڵاو بکەنەوە. من هەڵبەتە ئەزموونی ئەو شتەم پێشتر لەگەڵ لایەنێک هەبوو لەسەر بڵاوکردنەوەی (شووراکان نۆبەرەی دەستەڵاتی زەحمەتکێشانن) دوای ماوەیەکی زۆر ئەوسا بۆمیان ناردەوە، بە بیانوی ئەوەی لەگەڵ ڕەوتی سیاسی ئەوان ناگونجێ.

ئەوە وایکرد هەر بە ڕەشنووسی بمێنێتەوە، تا سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠. دوای ئەو ماوەیە گۆڤاری تری ئازاد دەستییان بە دەرچوونکرد. منیش دوو بابەتم (ئەو بابەتە لەگەڵ بابەتێکی تر) بۆ یەک لەو گۆڤارانە نارد، بەو مەبەستەی ئەگەر بەدڵیان بێ ئەوا بەسەر ڕەشنووسەکە دادەچمەوە و پاکنووسی دەکەم، کە بۆ خوێندنەوە بشێ. دوای قسەکردن لەگەڵ سەرنووسەری گۆڤار، دیاربوو بەدڵیان بوو، لەبەر ئەوەی هەلومەرجی ڕاپەڕینی کرۆنشتات، وەک بابەتێکی زیندوو زۆر لە بارودۆخی ئێستای کوردستان دەچێ. دەتوانرێ بە ئاسانی لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کوردستان هەڵسەنگاندنێکی بەراوردکاری پێ بکرێ.

بەداخەوە گۆڤارەکە وەستا و نووسینەکانی منیش، بە پێی قسەی سەرنووسەر، بە مەبەستی بڵاوکردنەوە بۆ گۆڤاری تر نێردراون. ئیتر هیچ هەواڵێکی بابەتەکان نەما، هەرچۆنی بێ من کۆپێ ڕەشنووسەکەم لەلا مابوو. لەو ساڵانەی دوایی کاتی ئینتەرنێت هات و مۆنۆپۆلی بڵاوکردنەوەش چیتر بۆ کەس نەما. هاتمە سەر ئەو خەیاڵەی کە ئێستا کاتی ئەوەیە بەسەری دابچمەوە و بەهەر شێوەیەک بێ بڵاوی بکەمەوە.

بەڕێکەوت لە ناو کتێبخانەی سایتیکی کوردی، نامیلکەیەکم کەوتە بەرچاو، بە ناونیشانی (کۆمونەی کرۆنشتات ١٩٢١) ناونیشانەکە سەرنجی ڕاکێشام و دەستمکردە خوێندنەوەی. دوای تەنیا چەند دێرێک، هەستم کرد ئەوە نووسینە بۆرەی خۆمە. یەکەم جار حەپەسام. دوایی خوێندنەوی لە کۆتایی کە هەموو شتێک تەواو دەبێ، ئەوجا لە لاپەڕەیەکی بەتاڵ

ناوی نووسەر و وەرگێڕی نووسیووە. سەرەڕای  ئەوەی ڕەشنووسەکەی هەر وەک خۆی بە هەڵەوە بەبێ دەستکاری بڵاوکردۆتەوە.

لێرەدا بێجگە لە دزینی بابەتەکە، هەندێک خاڵی تر هەیە کە ئامادەکار کردوویەتی و ئاستی نووسینەکەی دابەزاندووە، دەبێ بیخەمە ڕوو.

خاڵی یەکەم: ناونیشانی بابەتەکە بە زمانی فارسی (کرۆنشتات انقلاب سوم؟) هەرچەند نووسەر پرسیار دەکا ئایا ڕووداوی کردۆنشتات شۆڕشی سێیەم بوو؟ نووسەر مەبەستی هەردوو شۆڕشی فێبریوەری و ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ یە. چونکە بەگومانە لەوەی ڕووداوی کرۆنشتات شۆڕش بێ. بەڵکوو ڕاپەڕینێک بوو بۆ باشتر کردنی باری ژیانی خەڵکی. منیش لە وەرگێرانەکە، یەکەم وەک ڕێز بۆ نووسەر نەم هێشت ناونیشانەکە لەو چوارچێوەیە دەر بچێ. و زیاتر ڕەنگدانەوەی هەڵومەرجی ڕاپەرینی خەڵکی کرۆنشتات، ناونیشانەکەم کردە (ڕاپەڕینی کرۆنشتات ڕووی دووەمی سیاسەتی بۆلشەڤیکە) ئەوەش بە ڕەچاوکردنی پرۆسەی ڕووداوەکە و شێوەی هەڵسوکەوتی دەوڵەتی بۆلشەڤیک لەگەڵ ڕاپەڕیووەکاندا. کەچی کاکی ئامادەکار یەکسەر ناونیشانەکەی کردۆتە (کۆمونەی کرۆنشتات ١٩٢١). لێرەدا دەبێ ئەو برادەرە تا ئێستا نەزانێ جیاوازی لە نێوان کۆمونە و شۆڕش و ڕاپەڕین چی بێ. لە مێژووی جیهان دا یەک کۆموونە هەیە ئەویش کۆمونەی پاریسە. کۆمونەی پاریس یەکەم ناوێکی تایبەتییە بۆ ڕاپەرین و گۆڕینی سیستەمی دەسەڵات لە فەرەنسا. دووەم تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەرەنگاری دەسەڵات بوونەوە. ئەو هەڵکەوتە تەنانەت لە شۆڕشی ئۆکتۆبەریش نەبووە. بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە ئامادەکار دەتوانێ پەرتووکی (مێژووی شۆڕشی ڕووسیای لیۆن ترۆتسکی) بخوێنێتەوە. نەک بەتەنیا لە بەیاننامەیەکی ئەنارشیستەکان کە ڕاپەڕینی کرۆنشتایان بە کۆمموونی پاریس چوواندووە. هەڵبەتە ئەوانیش نەیان نووسیوە کۆمونەی پاریس، بەڵکو نووسیویانە کۆمموونی دووم. تۆش بە بێ ڕەچاوکردنی هەمەلایەنی ڕاپەڕینەکە بابەتەکە بگۆڕیت.

خاڵی دووەم: هەرچەند بە ناو نووسینەکە دادەچمەوە هیچ جیاوازییەک نابینم. بۆیە پرسیار لە ئامادەکار دەکەم: بابەتێ نووسەری دیاربێ و ووەرگێڕ دیاربێ. پێم ناڵێی تۆ چیت ئامادە کردووە؟ تەنانەت پێداچوونەوەیەکت بەسەر ئەو ڕەشنووسەدا نەکردووە کە بە نیوەچڵی من بۆ گۆڤارێکم ناردبوو. ئامادە کردن بریتییە لە ڕێکخستن و تاوتوێکردنی بابەتێک یان پرۆگرامێک لە نێوان چەند بابەت یان کەرستەی سەرەتایی کە پێویستی بە پوختکردن و پێداچوونەوە هەبێ. بەڵام تۆ هیچیانت نەکردووە، تەنانەت هێزی ئەوەت تێدا نەبووە، بەلای کەمی بیخوێنیتەوە و هەڵەگیری لێبکەی یان هەندێک ڕوونکردنەو لەسەر هەندێک شوێن بدەیت.

خاڵی سێیەم: بابەتەکە و نووسینی نووسەر بابەتێکی ئەکادیمییە، واتە چی لە ڕووی مێتوود و سەرچاوە و شێوەی لێکۆڵینەوە پەیڕەوی ڕێبازێکی زانستی کردووە، کە بۆ ڕووداوەکە دەگونجێ. و هەموو ووردەکارییەکانی پرۆسەی ڕووداوەکە بە بەلگە پشتڕاستکراونەتەوە. بەڵام ئامادەکار بێ ئەوەی گوێ بداتێ یان نابێ لێی تێگەیشبێ. هەموو ژمارەی سەرچاوەکانی ناو باسەکەی لابردووە. لەجیاتی ئەوە، لەهەرجێگایەک وەک نیشانە ئەستێرەکی داناوە، کە خوێنەر ناتوانێ پەیوەندی نێوان تێکست و سەرچاوەکان لە دواوە بدۆزێتەوە. بەوەش لە ئاستی زانستی بابەتەکەی دابەزاندووە و بەرگی ئەکادیمی لەبەر داڕنیووە.

بە هەموو پێوەرێکی نووسین، زانستی و ویژدان، ئەو برادەرە نووسینەکەی بەبێ ڕای وەرگێر دزیوە. ئەو کارەشی لە هەر لایەکەوە سەرنجی بدەیتێ بێجگە لە دابەزاندنی ئاستی بابەتەکە هیچی تری نەکردووە.

سەلاح ڕێبوار

# پێشەکی وەرگێڕ

نووسینەوەی مێژوو کارێکی ئاسان نییە، نووسەر ژینگەی کۆمەڵگە و ڕووداوەکانی ڕابردوو لە مەیدانێکی دیریکراودا بەرجەستە دەکا. ئەرکی مێژوونووس ئەفراندنی پرۆسەی ڕووداوەکانە، کە لەمەوبەر ڕوویانداوە. تێیدا زانیاری لەسەر ڕابردوو بە شێوەیەکی فرەلایەن دەخاتە بەردەست. گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ئەفراندنی دیمەنی پاشخان بۆ هۆکار و دەرئەناجامەکانی ئەو دەمەیە.

هەرچەندە پرۆسەی ڕاستی ڕووداوەکان بنەمای سەرەکین بۆ هەڵنانی سترەکچەری گێڕانەوەی مێژوونووس، کەچی ڕووداوەکان وەک خۆیان تەنیا ڕۆڵێکی لاوەکی دەبینن. لە جیاتی ئەوە پاشخانی هۆکار و کاریگەرییەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبنە جێگای مشت و مڕ بۆ لێکدانەوە.

ئەوەش لە بنچینەدا پرۆسەی نووسینەوەی زانیاری و ئەزموونی خەڵکە بە یارمەتی فاکتەرەکانی لە چوارچێوەی سەردەمێکی دیارکراودا. کە بتوانێ زانیاری نوێ بداتە دەست. زانیارییەک ڕەنگە لەمەو پێش ئەستەم بووبێ. بە کورتی مێژوونووس بەرپرسیارییەتێکی گەورەی بۆ خستنە ڕووی مرۆڤ و کۆمەڵگە لەسەر شانە، کە بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوا بیانخاتە ڕوو[1] .

ڕۆلف تۆشتەنداهل باسی چەند مەرجێک دەکات، کە دەبێ مێژوونووسی پسپۆر بەلانی کەم ڕەچاویان بکات. بۆ نووسینەوەی مێژوو:

دەبێ ناوەرۆکێکی لۆژیکانەی هەبێ

---

[1] Maria Ågren (2013) Därför är jag historiker. Tidskriftenscandia. S. 69

دەبێ ئێمپێریەکی شایەنی هەڵسەنگاندنی هەبێ
دەبێ ماتریالی سەرچاوەکانی گونجاوبن
دەبێ هێڵی ڕووداوەکانی پرۆسەی ناوەوەی تێکستەکە یەکتری تەواوبکەن بۆ وەدەست هێنانی دەر ئەنجامێکی بەرجەستە
دوا خاڵ دەبێ دەرئەنجامێکی نوێ بداتە دەست (نەک تەنیا دووبارەکردنەوەی شتە زانراوەکان بێ) [2]

ئێمپیری شایەنی هەڵسەنگاندن، بە واتای بنیاتنانی گێڕانەوەی مێژوو لەسەر بنچینەی پاشخانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی کە دەبنە دروستکەری پرۆسەی ناوەوەی ڕووداوەکان. بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو پاشخانە فرەلایەنییە، نووسینەوەی مێژوو دەبێتە گێڕانەوەیەکی سارد و سڕ و بێ مانا. بە مانایەکی تر مێژوونووس دەبێ لە چاوێلکەی چەندین ڕەهەندەوە کۆمەڵگە لە ماوەیەکی سنووردار ڕوومالٚ بکا، تا بتوانێ ئەو دیمەنە سنووردارەی مەبەستییەتی، بە شێوەیەکی بنبڕ بخاتە ڕوو.
بۆ ئەوەی بتوانێ بەپێی هەلومەرجی لێتوژینەوەی ئەوکاتە و مەرجەکانی سەرەوە لە چوارچێوەی چاوێلکەیەکی تیوری ڕووداوەکان هەڵسەنگێنێ. بە مەرجێ نەبێتە هۆی بەلادابردنی گەیاندنی پەیامی نووسینەکە، واتە چاوێلکەی تیوری تەنیا ئامرازێکە بۆ ئاسانکردن و دۆزینەوەی ڕێبازێک کە بەشێوەی سیستەماتیک ووردەکاری ڕووداوەکان بۆ پرسە وورد و درشتەکان و دەست بێنێ و هەڵدەسەنگێنی.

بە کورتی نووسینەوەی مێژوو پردێکە لە نێوان رووداو و خوێنەر، کە مێژوونووس لە ڕێگای گێرانەوەکانی کۆنتێکستێکی گشتی پڕ ووردەکاری چەندلایەنی دروست دەکات. بەو پێیەش مێژوونووس گێڕەرەوەی تەنیا خودی ڕووداوەکە نییە، بەڵکوو ڕاڤەکارێکە دەیەوێت سەردەمێک و خوێنەر لەیەک نزیک بکاتەوە. جا بۆیە ڕاڤەکانی دەبێ لە گۆشەنیگای جیاجیا بن و بتوانێ دیمەنێک بئەفرێنی، لەلایەک سەڕاست بەێ لە گێڕانەوەی بەسەرهات و هۆکارەکانی و لەلایەکی تر بتوانێ لە ڕێگای ئەفراندنی دیمەنی بەرجەستە،

---

[2] Torstendahl, Rolf (2005) Källkritik, metod och vetenskap. Historisk Tidskrift. 125:2. 2005.

خوێنەر لەگەڵ شەمەندفەڕی پرۆسەکاندا ڕەکێشی گۆڕەپانی چالاکییە جۆراوجۆرەکان بکات کە هۆکارن بۆ تێگەیشتنی سەبارەت بە ناوەرۆکی ڕووداو و ژینگەی سەردەمێکی ڕابردوو کە مێژوونووس دەیەوێ بیانگوازێتەوە. بەوەش خوێنەر دەتوانێ چالاکانە هۆکار و دەرئەنجامەکانی پرۆسەی ڕووداوەکان لای خۆی دووبارە فۆڕمۆلە بکاتەوە.[3]

مێژوو نووسی بەتوانا لە نووسینەکانی بوار بۆ خوێنەر دەڕەخسێنی تا خوێندنەویەکی هەمەلایەن و تێگەیشتنێکی لۆژیکانە وەدەست بێنێ. کاتێ هەڵومەرجی ڕووداوەکان و ئیمپێری فەرامۆش دەکرێ و گێڕانەوکان لەسەر بۆچوون و ئارەزوو بنیات دەنرێن، نەک لەسەر ئیمپیری و پشتڕاستکردنەوەی بە بەلگە. ئەوا مێژوو وێران دەکرێ. لەو کاتەدا زانیاری و بلگەی پشتڕاستکراوە، پشت گوێ دەخرێ و بە وەگەڕ خستنی تەنیا بۆچوونی سۆزدارانە بەرگی مێژوویێکی پسپۆرانە و جێ متمانەی لەبەر دادەڕنرێ.

لە مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی هەمیشە ڕووداوەکان هەم هۆکاری ڕوودانیان هەیە و هەمیش خۆیان دەبنە هۆکار بۆ ئەفراندنی هەڵومەرجی دوای خۆیان. بۆیە تێگەیشتن لە سەرجەمی پرۆسەی ڕووداوەکان، تێگەیشتنە لە پەرەسەندنی هەمەلایەنی قۆناخە مێژووییەکە.[4]

خوێنەری بەڕێز

مێژووی شۆڕشی ڕووسیا، پرۆسەی زنجیرە ڕووداوێکە کە سەرجەمی ئەلقەکانی، پێکەوە کۆنتێکستێکی بەرفراوانی شۆڕشی ڕووسیا دەئەفرێنن. هەر لەبەر ئەوەش تێگەیشتن لە هەر ئەلقەیەکی ئەو زنجیرەیە دەتوانێ ببێتە بناخە بۆ ئەلقەکانی تری زنجیرەکە، بەم شێوەیە دەتوانێ خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و دەروونی کۆمەڵگەکە

---

[3] Truth & Discurse

[4] Lisa, Strömbom (2013) Föränderlig historia. Lund Universitet. سیمینارێک بوو لەمانگی ٦ ساڵی ٢٠١٣

بدەیتە دەست. کەمی یان نەبوونی یەک لەو ئەلقانە کەلێنێک لە پرۆسەکە دروست دەکات. ئێمە زۆرمان لەسەر شۆڕشی ڕووسیا بیستووە، خوێندۆتەوە. بەڵام خوێندنەوەکان هەمیشە دوو جۆر بووین.

جۆری یەکەم نووسینەوەی لەلایەن مێژوونووسانی ڕووسی و پشت بەستن بە ئاڕاستەی دەستەڵات و ووتارەکانی سەرانی ئەو سەردەمە. هەڵبەتە ئەو نووسینانە، یەک لایەنی بووین و خۆیان لە زۆر شت بواردووە کە لەگەڵ سیاسەتی سۆڤییەتی نایەتەوە.

دووەم ئەو نووسەرانە بووین کە لە دەرەوەی ڕووسیا یان لە ناوەوە، وەک ئۆپۆزسیۆن بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بنەماو ووردەکارییەکانی هەڵومەرجە جیاجیاکانیان لەسەر پرۆسەی شۆڕش نووسیووە. زۆربەی هەرە زۆری ئەو مێژوونووس و ڕاڤەکارانە بەپێی مەبەستی دژایەتی نووسراون. بێجگە لە چەند مێژوونووسی تاک و تەرا وەک ئێدوارد هالێت کاڕ[5] و چەندێکی تر، ئەوانە سەرڕاست و بێ سەرەڕۆیی نووسینەوەیان لەسەر کردووە و توانیویانە ووردەکاری نوێ لەسەر پرسە گرنگەکان تۆماربکەن. کاتی مرۆڤ ووشەی ڕووداوێک یان ووردەکاری گرنگ دەبینێ، پێویستە پرسیار بکا:

کێ ئەو ڕووداوە یان ووردەکارییە بەگرنگ دادەنێ و لەبەرچی؟

ئەوەش خۆی لە خۆیدا چەقی گرنگی نووسینەوەی مێژووە.[6] بۆ نووسینەوەی پرۆسەی ڕووداوەکان پێویستیمان بە زانستی نووسینەوەی مێژوو هەیە، کە بتوانێ هەم بە شێوەی فرەلایەن و بابەتیانە. هەم مێتوودی زانستی بکاتە ڕێباز، نەک بۆ مەسبەستی لایەنێک یان بۆچوونی سۆزدارانەی تاک بۆ کێشەیەکی دیرکراو. بەداخەوە لە نووسینەوەی کات و ڕووداوە هەستیارەکان ئەو نووسەرانە کەمن، کە بتوانن ووردەکاری یان تاکە ڕستەیەکی دەستەڵاداران، بە سەرجەمی پرۆسەی ڕووداوێک ببەستنەوە. چونکە کاتی وا هەیە وەڵامێک یان ووتارێک درکاندنێکە کە دەکرێ ببێتە بنەما بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر قۆناخێکی

[5] Edward Halett Carr (1979) The Russian Revolution from Lenin to Stalin.
[6] Joakim Wendell (2011) Vad är historia? Karlstad Uinversitet.

مێژوویی. یان دەبێتە جێگای سەرنج بۆ لێکدانەوە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٢١ ڕووسیا لە هەموو ڕوێکەوە بەرەو دارمان دەڕۆیی و شەڕی ناوخۆ، دارمانی باری ئابووری و سیاسەتی بۆلشەڤیکەکان وای کردبوو نارەزایی زۆر و بەهێز لە زۆر شوێنی جیا جیا لە سەرتاسەری ڕووسیا سەری هەڵدابوو. لە هەمان کاتدا ئابووریناس و سیاسی و فەیلەسووفەکانی ڕووسی لە سەرتا سەری ئەورۆپا بۆ ڕووسیا دەگەڕانەوە، بۆ بەشداریکردن لە بنیات نانی پەیکەری ئابووری و سیاسی دەوڵەتی سۆڤییەت. ئەو زانایانە ڕەخنەگری توندبوون لە سیاسەتی پۆلشەڤیکەکان بەگشتی و لە لێنین و ترۆتسکی وەک سەرکردەو دەستەڵاتداری وولات بە تایبەتی. بلە سەرووی هەمووشیان شێوەی پراگماتیزمی لێنین لە کارکردندا تا دەگاتە بە لاڕێدا بردنی ڕێڕەوی ئابووری سیاسی مارکسیزم. لە دانیشتنێک لە ساڵی ١٩٢١ لێنین لە ڕەخنە ئەوەندە هەراسان دەکرێ لە وەڵامدا دەڵێ:

> من نازانم ئێمە بەلای ڕاست یان بەلای چەپدا لامان داوە، بەڵام ئەوە دەزانم ئێمە ئەوەمان کردووە کە لە توانادابوو بیکەین[7]

بەڕەچاوکردنی هەلومەرجی هەمەلایەنەی پرۆسەی شۆڕش و قات قڕی و برسیەتی و شەڕ لەلایەک. لەلایەکی تر بوونی چەندین ڕەوتی سیاسی چەپی ئەو دەمە لە ڕووسیا، ئەو قسەیەی لێنین بەری لێتۆژینەویەکی بەرفراوان هەڵدەگرێ، بە بەراورد لەگەڵ ڕێبازی سەرمایەی مارکسیزم و چۆنییەتی پیادەکردنی لە دەوڵەتی سۆسیالیستی نوێ دا.

مێژوونووس دەتوانێ ئەو وەڵامەی لێنین بکاتە بنەڕەتێک بۆ زیاتر قووڵبوونەوە لە سرووشت و پرۆسەی ئاڵوگۆڕییەکانی سیاسی و بنیات نانی سیستەمێکی نوێی سوسیالیستی. تا بتوانێ پردێک بۆ خوێنەر دروستبکا، چونکە لە ڕێگای پرۆسەی گێڕانەوە سەرەداوێک دەداتە دەست، تا خوێنەر بتوانێ خوێنەندەوەی خۆی هەبێ، بۆ سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوویی و لەسەر ئەو خوێندنەوە و بە پێی تێگەیشتنی خۆی بنچینەیەک بۆ شرۆڤەیەکی گونجاو و لۆژیکانە ببنیات بنێ. ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی زۆر فاکتەری جیا

---

[7] Världshistoria (1983) Från krig till krig 1914-1945. Del 13, s.84
مێژووی جیهان (١٩٨٣) لە شەڕەوە تا شەڕ ١٩١٤- ١٩٤٥ بەرگی ١٣ لاپەڕە ٨٤

جیای گرنگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سەر پاشخانی ڕووداوەکان. جا ئەو هۆکارانە لە چەند ڕەهەندێک دەتوانن کاریگەر بن، بۆ لێکدانەوەیەکی لۆژیکانە و ببنە دەرئەنجام.

ئێمە دەزانین هەردوو سەرکردە لێنین و ترۆتسکی زۆر شارەزای ئابووری و کۆمەڵناسی مارکسیزم بوون. هەر ئەوانیش ڕێبەر و تیوریستی سیستەمی نوێی دەوڵەت بوون. بۆیە هەڵوێست و هەڵسوکەوتیان لەمەڕ هەر شتێک بچووک یان گەورە دەبێ بە ووردی ڕەچاو بکرێ. لەلایەکی تر نووسینەوەی مێژوو گێڕانەوە و ڕاڤەکردنی لایەنی پراکتیکی شۆڕشە، نەک ئیدیۆلۆژی مارکسیزم. هەر بۆیە خوێنەر دەبێ لە خوێندنەوەی مێژوو ڕەچاوی هەڵومەرج بکات، نەک وەک دەقی ئیدیۆلۆژی هەڵیسەنگێنێ. لە جیاتی ئەوە دەتوانێ پرۆسەی ڕووداوەکان و دەرئەنجامەکانیان لەگەڵ تیوری ئایدیۆلۆژییەکە لە سێبەری پەرتووکەکانی مارکس و ئەنگلس لە بوارکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەلسەفی بەراوردی بکات.

ڕاپەڕینی کرۆنشتات یەک لەو ڕووداوانەیە کە لامانگی مارسی ١٩٢١ ڕوویدا، هەرچەندە هۆکارەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی زۆر زووتر، بەڵام ڕووداوەکە لە سەرەتای تا ناوەڕاستی مانگی مارسی ١٩٢١ ڕوویدا. ئەو ڕووداوە زۆر پەرتووکی بیرەوەری و نووسینی کورت و درێژی لەسەر نووسراوە. تێبینی و ڕاپۆرتی چەندین چاودێری سیاسی لەسەر هەیە کە دەتوانرێ ووردەکاری ڕاپەڕین و هۆکارەکانی بە شێوەیەکی بەرفراوان و هەمەلایەن بەرجەستە بکرێ. ئەو پرسە بەدەیان لێتوژینەوەی لەسەکراوە، کەچی لە زۆربەی ئەو نووسینانە مافی ڕەوای خۆی نەدراوەتێ و یەک لایەنی تاو و توێ کراوە. خودی لێنین و ترۆتسکی چەندین نووسینی پۆلەمیکیان نووسیوە، کەچی ئەو نووسینانە وەلانراون و تا ئەو ساڵانەی دوایی دەرکەوتنەوە.[8] یان ترۆتسکی ساڵی ١٩٣٨ واتە دوو ساڵ پێش

[8] Lenin och Trotskij (1921) Kronstadt. 1979 Canada دووبارە بە زمانی ئینگلیزی لە کەندا لە ساڵی ١٩٧٩ چاپکرایەوە.

تێرۆرکردنی نووسینێکی بە ناوی (هاوار و گریە بۆ کرۆنشتات) نووسی.[9] لێرەدا دەنووسێ "خەڵکی کرۆنشتات مافی خۆیان بوو" یان "ڕووداوی کرۆنشتات تراجیدیا بوو". بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیرچی، ئەو کاتە ترۆتسکی هەم کەسێکی سادە بوو و هەمیش ترسی تێرۆری هەمیشەی لەسەربوو. بۆیە ووتنی کەمترین ڕۆڵێک نابینێ لەو کارەساتە گەورەیەی بەسەر خەڵکی کرۆنشتات داهات.

ئەوەی جێگای سەرنج و سەرسوڕمانە لە مێژووی شۆڕشی ڕووسیا کەراکتەرە سەرەکییەکان چ لێنین یان ترۆتسکی. تا بگرە لە ئەدەبیاتی سۆڤییەتیش، دوای دامرکاندنەوە و دەربەدەری و وێرانکردنی شاری کرۆشتات، بە هیچ شێوەک باسی ئەو ڕووداوە ترژیدیایە ناکرێ و گۆزە بەدرخوون کراوە. ئەگەر لێتۆژەرەوەیەک بیەوێ لەو ڕاپەڕینە و هۆکار و دەرئەنجامەکانی بتۆژێتەوە، ئەوا دەبێ بڕواتە ناو ئارشیڤی ئەو دەمەی ڕووسیا بۆ وەدەست هێنانی بەڵگەنامەی پێویستی بێلایەن.

یەک لەو ڕێبەرانە لیۆن ترۆتسکی کە کەسی دووەمی دەوڵەتی نوێ بوو (کۆمیساری شەڕ و سەرۆکی گشتی شوراکانی شۆڕشگێڕی شەڕی سەرتاسەری ڕووسیا) بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی، لە دامرکاندنەوە و سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی کرۆنشتات هەبوو. بە هیچ شێوەیەک چی لە پرتووکی (مێژووی شۆڕشی ڕووسیا) کە لە سێ بەرگ پێکدێ و چی لە بیرەوەرییەکانی خۆی، بە ناونیشانی (ژیانی من)[10] بە دێرێکیش باسی ئەو کارەساتە ناکات. ترۆتسکی لە بیرەوەرییەکانی دا باس لە زۆر ووردەکاری بچووک دەکات، بەڵام ئەو ڕووداوە بەتایبەتی و ساڵی ١٩٢١ کە ساڵێکی زۆر گرنگە لە دەوڵەتی نوێی سۆسیالیستی بە فەرامۆشی سپێردراوە. هەرچەندە ئەو ساڵە ١٩٢١ ساڵێکە لە خوێناویترین ساڵەکانی شەڕی ناوخۆی ڕووسیا. کەچی لە ئەدەبیاتی سۆڤییەتی شتێکی سەرنج ڕاکێش نابینی لەسەر ئەو ساڵە و ڕووداوەکانی.

---

[9] Leo Trotskij (1938) Hue and Cry over Kronstadt. New International. April 1938.

[10] هەلبەتە ترۆتسکی بیرەوەرییەکانی خۆی دواتر لە ساڵی ١٩٣٥ لە نەرویج نووسراوە و چاپکراوە.

ئەو باسەی لەو نامیلکەیە دا دەیبینی جیاوازە لە بیرەوەرییەکانی ئێما گۆلدمان و ئەلکسەندەر بێرکمەن. جیاوازیشە لە نووسینی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا. نووسەر وەک کەسێکی ئەکادیمی بۆ وەدەست هێنانی وورده زانیاری، چەندین شەو و ڕۆژی لە ئارشیڤی کتێبخانەکانی مۆسکۆ و پێترۆگراد و پاریس بەسەر بردووە. هەر ئەوەش وای کردووە بتوانێ دیمەنی ڕاپەڕینی کرۆنشتاتمان بە شێوەیەکی دوور لە بەرژەوەندی ڕۆژئاوا و دووریش لە پرۆپاگاندەی دەستەڵاتدارانی کرێملن بداتە دەست. لێ تۆژینەوەکەی نووسەر تەنیا بە ساڵی ١٩٢١ ناوەستێ، بەڵکوو پاشخانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی خەڵکی کرۆنشتاتمان بە شێوەیەکی وورد دەداتە دەست، تا بتوانین بە شێوەیەکی ئەکتیڤ تێگەیشتنی خۆمان لەسەر ئەو ڕووداوە و سەرجەمی ژینگەی ئەو کاتە دروست بکەین و لە هەمان کاتدا ببێتە ڕێنیشاندەرێک بۆ نەک تەنیا ڕاپەڕینی کرۆنشتات، بەڵکوو تەواوی سیاسەتی بۆلشەڤیکەکان دوور لە پرۆپاگاندەی دامودەزاگا حیزبی و دەوڵەتی.

جا خوێنەری هوشیار خۆی دەتوانێ ئەنجامگیری بکات.... بە مەرجێ بە چاوێلکەی حیزبی یان ئایدیۆلۆژیەکی دیاریکراو نەیخوێنێتەوە. دوایش بابەتێکە لە ڕاستیدا لەگەڵ ئێستای کوردستان جوان دەگونجێ. خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێ لەیەکچوونەکان وەک بەڵگەی مێژوویی بدۆزێتەوە و بەراورد بکات.

سەلاح ڕێبوار

# کۆمونیزمی شەڕ

مەرجی سەرەکی بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ڕووداوی کرۆنشتات، وەدەست هێنانی شارەزایی تەواوی کاتی کۆمونیزمی شەڕە. ئێمەش هەر لەبەر ئەو هۆیە سەرنج لەو سەردەمە دەدەین.

بە دەست بەسەرداگرتنی دامودەزگای دەوڵەتی لەلایەن بۆلشەڤیکەکانەوە، بەشێکی نوێ لە مێژووی ژیانی کۆمەڵگەی ڕووسیا دەستی پێکرد. بەڵام کۆنەپەرستی بریندار لە بنەکەی جیاجیا هێرشی ڕێک و پێکی دژی بۆلشەڤیکەکان دەست پێکردبوو. بەو جۆرە شەڕی ناوخۆی بەسەر کۆمەڵدا سەپاند. شەر بە بەرفراوانی خۆی بووە هۆکاری ماڵوێرانی، نەهامەتی، قاتوقڕی، مردن و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی. بە کورتی بڵێین ڕۆژی ڕەشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. تەنیا لە ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٢٠ نزیکەی ٩ ملیۆن کەس بەو هۆیانەی سەرەوە گیانیان لەدەستدا[١]. سەرەڕای ئەوە دەوڵەت ٥ ملیۆن کەسی لە ژێر چەتری سوپای سووردا (بە ناچاری) ڕەکێش کرد. بە نیازی سیاسەتێ کە بتوانێ نەک تەنیا وەڵامدەرەوەی ئاواتەکانی جەماوەربێ، بەڵکوو لە کورترین ماوەدا هێزە سپییەکان تێک بشکێنن. بەو شێوەیە بۆلشەڤیکەکان ڕێگای دەربازبوونیان دارشت و ناویان لێنا (سیاسەتی کۆمونیزمی شەڕ). ئەو سیاسەتە لە سێ لایەن، یانی جوتیاران، کرێکاران و سوپا خرایەکار. لە دووایيدا درێژە بە باسی ئەو سیاسەتە دەدەین.

# جوتیاران

ئالقەی بنچینەیی سیاسەتی کۆمونیزمی شەڕ سەبارەت بە جووتیاران بوو. بەهۆی پرسی قاتی و قڕی (گرانی) و ئەو سیاسەتەی لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ ئامادەکردنی خواردەمەنی گیرابووە بەر، بریتی بوو لە ڕێکخستن و دەستبەسەرداگرتنی دانەوێڵە و بەرهەمی کشتوکاڵی تر. تابگرە لە هەندێ ناوچەدا نوێنەرانی دەوڵەت، گیانلەبەر و کەرەستەی هونەری و مێوە و .... هتد یان دەبرد. لێنین سەبارەت بەم سیاسەتە دەڵێ:

> ناوەرۆکی کۆمونیزمی شەڕ بەم شێوەیە بوو ئێمە بەرهەمی جوتیارانمان زەوت دەکرد. کەچی لە هەندێ کاتدا بەشی نەدەکردین. جا بەشێک لە دانەوێڵەی جووتیاران بۆ قووتی خۆیانمان زەوت دەکرد. (٢)

هەڵبەتە تەواوی زەوتکردنی ئەو بەرهەمانە، بەبێ هیچ جۆرە پارەدانێک یا هیچ شتێکی بەرامبەر بوو. سەرەڕای ترساندنی بەگیان هاوڕێک و تەواوکەری زەوتکردنی ئەو بەرهەمانە بوو. لە کاتی بەردەوامی شەڕی ناوخۆ و هێرشی یەک لە دوای یەکی (گاردی سپی). جوتیاران تەنیا لەبەر ترسی دووبارە هاتنەوە سەردەستەڵاتی سپییەکان و گەڕانەوەی شەللاقی تزاری، ملیان بۆ فەرمانی دەوڵەت لە مەڕ زەوتکردنی بەرهەمەکانیان شۆڕکردبوو. بەڵام کاتی بۆیان ئاشکرابوو کە دەستەڵاتی سپییەکانی تزار لە ناوچوو و بۆیان ڕوون بووەوە کە جارێکی تر توانای وەرگرتنەوەی دەستەڵاتیان نییە. ئەوسا بە ڕێگای جۆراوجۆر دەستیان بە بەرەنگاربوونەوەی کاروباری سیاسەتی (کۆمونیزمی شەڕ) کرد. شێوەی سەرەکی بەرەنگاربوونەوەکەش بریتی بوو لە شاردنەوەی بەرهەمەکانیان، بە جۆرێک بە پێی مەزەندەی فەرمانبەرێکی پلە بەرزی دەوڵەت لە ساڵی ١٩٢٠، جوتیاران زیاتر لە سێ یەکی بەرهەمەکانیان لە نوێنەرانی دەوڵەت شاردۆتەوە.(٣) کاتی کە جوتیاران سوودیان لە چاندنی

دانەوێڵە و بەرهەمەکانی تر نەدەدیت، ڕێگا چارەیان تەنیا بە نەچاندنی دادەنا. بە شێوەیەک لە ساڵی ١٩٢١ ڕێژەی سەرجەمی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ گەیشتە نیوە، هەروەها بەرهەمی ئەمبارکراو بە ڕێژەی دوو لەسەر سێی پێشان لە کەمی دا (٤). ئەنجامی ئەو بەرەنگارییە گەیشتە ئەو جێگایەی کە ڕووبەری زەوییە چاندراوەکان لە بەشی ئەوروپای ڕووسیا بە ڕێژەی سێ لەسەر پێنجی ساڵی ١٩١٣ کەمی کرد.(٥)

تا بەرگری و نارەزایی زیاتر دەبوو، توندوتیژی و سەختگیری نوێنەرانی دەوڵەتیش توندتر دەبوو. بە جۆرێک کە لە ماوەی نێوان نۆڤێمبەری ١٩٢٠ و مارسی ١٩٢١ لێپرسراوانی دەوڵەت لە مۆسکۆ و مەڵبەندە جیا جیاکانی تر.... بە تایبەتی بەشە جوتیارییەکان سکاڵای لە ژمارە نەهاتوویان بۆ کۆتایی هێنان بەو سیاسەتە پێشکەش کرد (٦). هەڵبەتە ئەوە تاکە هەنگاوی جوتیاران نەبوو، بۆ نموونە تەنیا لە مانگی فێبرواری ١٩٢١، ١١٨ شەڕوگێچەڵ لە نێوان جوتیاران و نوێنەرانی دەوڵەت ڕووی دا (٧). زۆربەی ئەو ڕووداوانە لەسەر نکۆڵی کردنی جوتیاران لە بەخشینی بەرهەمەکانیان و توندو تیژی نوێنەرانی دەوڵەت ڕووی دەدا.

شێوە و قەوارەی بەرەنگار بوونەوە لە ناوچە جیاجیاکانی جوتیاران جیاوازی هەبوو. هەندێ ناوچە تەنیا بە ناردنی سکاڵا نارەزاییان دەردەبڕی، لە هەندێ ناوچەی تر وەکوو (تامبۆف، سیبیریا، ئەورێنبەرگ و ئامسک جوتیاران دەستیان دایە چەک و چەکدارانە بەرەنگار دەبوونەوە. گرنگترین بەرەنگاربوونەوە، چی لەڕووی چۆنییەتی و یا چەندییەتی لە ناوچەی تامبۆف رووی دا. ئەو ڕاپەڕینە دژی زەوتکردنی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ بە خورتی و سیاسەتی دەوڵەت لە ناوچەکە بوو. ڕاپەڕین توانی کۆمەڵێکی نزیکەی ٥٠ هەزار کەسی کۆبکاتەوە. سەرۆکایەتی ڕاپەڕینەکەش بەدەستی کەسێک بەناوی ئا. ئێس. ئەنتۆف بوو. ئەو کابرایە سەردەمێک هاوکاری لەگەڵ باڵی ڕاستی (ئێس. ئاڕ) ەکاندا کردبوو.(٨)

تەواوی ڕاپەڕینە جوتیارییەکان باوەڕیان بەوە بوو کە، یەکەم هەنگاو دەبێ دەستبەجێ واز لە زەوتکردنی بە خورتی یان بە شێوەیەکی تر بڵێین (دەستبەسەرداگرتنی) بەرهەمەکانی کشتوکاڵ بێنن. سیستەمێکی دارایی دیاربکرێ بۆ ئەوەی مافی زێدەبایی بەرهەمیان لە کاری خۆیان بێتە دەست. و بازرگانی ئازاد بە پێی یاسا دانی پێدا بنرێ. ئەو سیاسەتەش بە

تەواوی ناکۆک بوو لەگەڵ سیاسەتی (کۆمونیزمی شەڕ). لەکاتی شەڕی ناوخۆ بە بیانووی ئاسایی، نەک تەنیا ئاوڕییان لەو داخوازییانە نەدەدایەوە، بەڵکوو بە توندترین شێوە بۆ چوونەکانی خۆیان دەسەپاند. بەڵام ئەو خاڵە جێگای لێدوانی ئێمە نییە ( بەلای کەم لەو کاتەدا) ... بەردەوام بوونی ئەو سیاسەتە لەسەر و بەری کۆتایی شەڕ دابوو. لە هەر بارێکەوە بە کۆتایی هاتنی شەڕ و توندتر بوونی داخوازییەکانی جوتیاران، ناکۆکی توندتر لە نێوان حیزب و جوتیاران هاتە کایە. لە کۆنگرەی هەشتەمی شوراکان لە دیسەمبەری ١٩٢٠ دا. مەسەلەی جوتیاران بووە کلیلی ڕاوێژی کۆنگرە.

لە ناو کۆنگرەدا دوو بۆچوون (تیوری) خرانە ڕوو. ئەو دوو بۆچوونە تەواو لەگەڵ یەک ناکۆک بوون. دوو بۆچوونەکە بریتی بوون لە یەکەم بۆچوونی جوتیاران، کە بە گشتی لە سەرەوە باسمان کردبۆچوونەکەی تریش، بۆچوونی یەکێک بەناوی (ئۆسینسکی) بوو. ئۆسینسکی یەکێک بوو لە سەرانی چەپی سێنترالیستە دیموکراتەکان. داوای دەکرد نەک تەنیا بازرگانی ئازاد نەبێ، بەپێی یاسا دانی پێدا نەنرێ، بەڵکوو دەبێ هەرەوەزی کارکردن بەشێوەی زۆرەملێ بەسەر جوتیاران دا بسەپێندرێ. ئەو کاری هەرەوەزییەش نابێ لە ژێر چاودێری جوتیاران دابێ، بەڵکوو دەبێ لە ژێر چاوەدێری دازگاکانی دەوڵەت دابێ. تا بگرە پێشنیاری ئەوەی دەکرد کە تۆوی ئەو دانەوێڵەیەی نیازی چاندنی لێدەکرێ، دەبێ لە بانکی دانەوێڵە دا بپارێزرێ [٩]. لەبەر ئەوەی لە کۆنگرەدا زۆر بە ساردی پێشوازی لە نوێنەری جوتیاران کرا. لینین مۆری لایەنگیری بۆ بۆچوونەکەی ئۆسینسکی پێوەنا و جێبەجێ کردنی ئەو بۆچوونەش بۆ یەکەمین جار لە بەهاری ١٩٢١ خرایەکار.[١٠]

لەبەر زۆری کۆمەڵگای جوتیاری لە ڕووسیا و توندکردنی سیاسەتی (کۆمونیزمی شەڕ) لەسەر پێشنیاری ئۆسینسکی، کاریگەرییەکی خراپی خستە سەر بنکەی جوتیارانی بۆلشەوڤیک. بە شێوەیەک کە نیوەی سوپای سوور یانی نزیکە ٢ ملیۆن ٥٠٠ هەزار کەس، کە لە لادێکانەوە بۆ سەربازی ڕەکێش کرابوون، مۆڵەت پێدران. ئەوەش گیانی بەرەنگاربوونەوەی لای جوتیاران زیاتر کرد. بە هەڵە دانەچووین ئەگەر بڵێین ئەزموونی

سوپای ئەو ئەو سەربازانە زۆر بەکەلکیان هات. ڕاپەڕینی جوتیارانی تامبۆف گەواهی ئەو مەسەلەیە.

پێداگرتنی دەوڵەت لەسەر جێ بەجێ کردنی ئەو سیاسەتە باڵی چەپی (ئێس. ئاڕە) کانی بەتەواوی لە بۆلشەڤیکەکان جیاکردەوە. هەڵبەتە هەر لە کۆنگرەی پێنجەمی سەرتاسەری شوراکان را پەیوەندی دۆستانەی ئێس. ئاڕەکان بە ناوی کۆمەڵگەی جوتیارانی ڕوسیا لەگەڵ بۆلشەڤیکەکان بڕابوو. بەڵام برانی ئەو پەیوەندییە بە یەکجاری، لە کۆتایی ساڵی ۱۹۲۰ و سەرەتای ساڵی ۱۹۲۱ دابوو.

بەو نەهامەتییەوە، کە لەبەر گرانی وشەڕی ناوخۆ و هەروەها ئاڕاستەکردنی سیاسەتی بۆلشەڤیکەکان. کە ئاڕاستەکردنەکەشیان زیندووکەرەوەی گۆتە بەناوبانگەکەی (برینشتاین) بوو، لە هەر ڕوویەکەوە دیارە کە سیاسەتی شەڕی بەلشۆڤیکەکان نەیتوانی لە چارەسەرکردنی پرسی کشتوکاڵ سەربکەوێ. لەوەش خراپتر بە هۆی گرتنەبەری ئەو سیاسەتە توناى جوتیاران لە چاندندا زۆر کەمیکردبوو، ئەوەش پرسی کشتوکاڵی بەگشتی ئاڵۆزتر کردبوو. هەستی دوودڵی جوتیاران بەرامبەر سۆسیالیزم لە زیادی دابوو. هەڵبەتە دەتوانین بڵێین، هەڵسوکەوتی بۆلشەڤیکەکان بەرامبەر پرسی جوتیاران، لە تەواوی ئەو سیاسەتانەی گرتبوویانە بەر، هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئەو کاتە، هۆی وەدیهێنانی ئەو ناکۆکییە بووە. جا لەبەر ئەوە (پێویست ناکا خەمی هەیوانێت بێ کە خانوو سەرتاپا وێران بوو).

# سوپا

سەرنگوونی دەوڵەتی تزاری و دوای ئەوەش وەرگەڕانی (دەوڵەتی کاتی) گۆڕانێکی گرنگی لە سوپای ڕووسیادا وەدی هێنا. ڕێکخستن لەسەر بنچینەی گوێڕایەڵی کوێرانە. فەرمان لەسەرەوە و بەپێی پلەکانی ڕێکخستن ڕەتکرایەوە. ئەوەش یەکێک لە کەمترین داواکارییەکانی شوورابوو. لە مارسی ١٩١٧ کاتی شورای شاری پێترۆگراد دەستی بە جێ بەجێ کردنی داخوازییەکانی خۆی لە (دەوڵەتی کاتی) کرد، کارگێڕی و ڕێکخستن لەلایەن سەربازان خۆیانەوە جێ بەجێ کرا [١١]. دوا بە دوای وەرگرتنی دەستەڵات لەلایەن بۆلشەڤیکەکانەوە، ڕێکخستنی سوپا کە داواکاری شووراکان بوو، لەلایەن شورای سەربازان ڕێکخرا. بەڵام پرسەکە لێرە کۆتایی نەهات. ڕێکخستنی سوپاش بەهۆی شەڕێ ناوخۆ و دەستەڵاتی ترۆتسکی لەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەت بۆ شەڕ. بە ناوی کۆمیساری سوپا و شەڕ، گۆڕا. بەرەنگاربوونەوەی هێرشی نەپساوەی ژەنراڵەکانی تزاری، دژی سەربازان وبە هۆی پسپۆر و پشتگیری دەرەوە و هەبوونی لەشکرێکی ڕێکوپێک و خاوەن دیسپلین.

سوپای ئەو کاتەی بەلشۆڤیکەکان، تا ڕادەیەک لەبەر نەبوونی و کەم و کووڕی جۆراوجۆر لە بارێکی زۆر سەخت دەژیا. بە تایبەتی ڕەکێشکردنی بە هەراوی جوتیاران بۆ سوپا گرفتەکانی زیاتر کردبوو. ئامادەکردنی سوپا بۆ بەرەنگار بوونەوەی (گاردە سپییەکان) و پارێزگاری کردن لە دەستکەوتەکانی شۆڕش، تا بگرە بەرگری لە نیشتمان لە دوو ڕێگاوە دەتوانرا بکرێ:

## ڕێگای یەکەم

فراوانکردنی سیستەمی شورای سوپا و پێ سپاردنی بڕیارەکان. کارگێڕی و کۆنترۆل بەدەستی سەربازان خۆیان یان ئەوانەی کە بەڕای شوراکان خۆیان لێپرسراوەتییان

دەخستە ئەستۆ. لەو ڕێگەیەوە نەک تەنیا لە کارامەیی سەربازان زیاد دەبوو، بەڵکوو ئەوە هەر لە خۆیەوە زەمینەیەکی گونجاوبوو بۆ تاقیکردنەوەی بیری شورایی و ئاشناکردنی ئەو سەربازانەی کە لە لادێکانەوە (نزیکەی تەواوی سوپا) دێن، بە بیری کاری کۆموونی و سۆسیالیزم.

## ڕێگای دووەم

ئەو شێوەیە، ئەو خاڵانەی خوارەوەی لە دووبارە ڕێکخستنەوەی سوپا بۆ بەرەنگاربوونەوەی (سپییەکان) بەباشی دەدیت.

یەکەم: ڕازی بوون و هەڵوەشاندنەوەی شورای سەربازان و بەردەوام بوونی پەیڕەوی کوێرانە. یانی ڕازی بوونی بێ چوون و چرای فەرمان لەسەرەوە بۆ خوارەوە. و هەڵبژاردنی پەرپرسیار و ئەفسەران نەک لەلایەن سەربازانەوە، بەڵکوو لەلایەن کۆمیسارییای شەڕەوەبێ.

دووەم: بە هۆی کەمبوونی ژەنەڕاڵی پسپۆر، پسپۆڕانی سوپای تزاری کە تا ئەو کاتە، هەر لە ڕوسیا مابوون. داواکرا کە پەیوەندی بە سوپای سوور بکەن.

ڕێگای دووەم سیستەمێکی بە تەواوی لەگەڵ یەکەمدا جیاواز بوو. لە ڕاستیدا گەڕانەوەیەک بوو لە کۆنترۆلی کارگێڕی سوپا بۆ سیستەمی تزاری. لە هەموو ڕوویێکەوە بۆلشەڤیکەکان ڕێگای دووەمیان بۆ خۆ ئامادەکردنی بەرەنگاربوونەوەی سپییەکان بە گونجاوتر دەبینی. و ترۆتسکی لەسەر ئەو شێوەیە سوپای سوری ڕێکخست.

ڕەنگە هەندێک بڵێن لەبەر بوونی شەڕی ناوخۆ، مەبەستی سەرەکی پاراستنی شۆڕشە. ئەگەر لە ئایندە شووراکانیش لەناو چوون و سیستەمی تزاری دامەزرایەوە!. کێشە نییە، لەلای ئەوانە ئامانج هەموو شتە و هۆیەکانیش هەرچی بێ شتێکی بێ بەهایە. هەندێ گەواهی تر سەلماندوویانە کە لە ناوچەکانی وەکوو کرۆنشتات کە نەیانتوانی ڕێگای دووەم

پیادەکەن. نەک تەنیا لە پلەی بەرگرییان کەم نەبووەوە، بەڵکوو زیادیشی کرد، لانی کەم بە پشتیوانی بەڵگەی مێژوویی، تێکشکانی هێزی سپییەکان لە ساڵی ١٩١٩ لە لایەن دەریاوانان ناتوانرێ نکۆڵی لێبکرێ. لە هەموو ڕوویەکەوە تا کۆتایی شەڕی ناوخۆ و پاکسازی ڕوسیا لە ژەنەڕاڵەکانی تزار. شێوەی دووەم هەروەک خۆی بەردەوام بوو. شتێکی زۆر ڕوونە کە ئەو هەلومەرجە هۆکارێکی تری هێنایە ئارا، بۆ ئاڕاستەکردنی دامەزرانەن و بەردەوامی سیستەمی کۆنترۆلی سوپا لەسەر شێوەی تزاری. ئەوانەی کە لەو پرۆسەیەدا بەشداربوون بە ناچاری بوونە ئاراستەکەرێکی پیشەیی و شوێن پێی ئەوانەش تا ئەوڕۆکە بە ڕوونی بەدی دەکرێ. هیگڵ راستی گوتووە کە ( ئاوەز بۆ شتی ناشیرینیش، هۆی باشی دەوێ ).[١٢]

# کرێکاران

لەو بەشەدا، جێ پێگای شارەکان و کرێکاران سەبارەت بە سیاسەتی (کۆمونیزمی شەڕ) هەڵدەسەنگێنین و هەوڵدەدەین کە دیمەنی تەواوی هەلومەرجی ئەو کاتە بخەینە ڕوو

هەلومەرجی نالەباری ئابووری، هەنگاوەکانی وێرانکاری لە شارەکاندا لەگەڵ خۆی دا هێنا. بەهۆی شەڕ کەرەستەی سەرەتایی و یەدەک، بۆ بەردەوامبوونی کارخانەکان نەمابوو. ژمارەیەکی زۆر لە ناوەندییەکانی پیشەسازی داخرابوون یان بەشێوەی نیوەکات کاریان دەکرد. لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٠ ڕێژەی سەرجەمی بەرهەمی پیشەسازی گەیشتە یەک لەسەر سێی بەرهەمی ساڵی ١٩١٣.[١٣] بۆ نموونە لە هەمان ساڵی ١٩٢٠ دا، بەرهەم هێنانی خەڵووز کەمیکرد و گەیشتە یەک لەسەر چوار و نەوت یەک لەسەر سێی بەرهەمی ساڵی ١٩١٣.

هەڵبەتە دەبێ کاریگەری بایکۆت و گەمارۆی ئابووری ڕووسیا لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەبەرچاو بگیرێ. هەرچەندە بە شێوەیەکی یاسایی ئابلۆقەدانی پەیوەندییەکانی ئابووری لە ساڵی ١٩٢٠ هەڵوەشایەوە، کەچی دوای ئەوەش تا ماوەیەک بە هۆی نەبوونی ئاسایش. چەندین پەیمان لەگەڵ دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان نەتوانرا ئیمزابکرێ.(١٥)

بە پێی مەزەندەی سەرچاوەیەکی دەوڵەت، هەلومەرجی نالەباری ئابووری بووە هۆی ئەوەی دەرامەتی ئابووری کرێکاران بە ڕێژەی ٨،٦٪ی ئاستی دەرامەتی پێش دەستپێکردنی شەڕ کەمیکرد.(١٦) سەرجەمی ئەو پرسانە بوونە هۆی ئەوەی کە کار بگاتە ئەو ئاستەی زۆر لە کرێکاران کارەکانیان بەجێ بێڵن و بگەڕێنەوە لادێکانی خۆیان. بە جۆرێک کە لە پێترۆگراد یەک لەسەر سێی کرێکاران شاریان بەجێ هێشت.(١٧)

گرنگترین هۆی کە کرێکارانی بۆ ئەو کارە هاندەدا، بە پلەی یەکەم کەمبوونی ئازووقە بوو. یان بە ڕوونتر بڵێین، گرانی بوو. خاڵێکی تر بەرزبوونەوەی نرخی نرخی کەلوپەل بوو. بۆ نموونە نرخی یەک نان بە درێژایی ساڵی ١٩٢٠ گەیشتە دە جار بەرامبەر (١٨). خاڵێکی تر ئەویش دابەشکردنی خۆراکی ڕۆژانە بوو، کە بە ڕێکوپێکی و گونجاوی دابەش نەدەکرا. بۆ نموونە کرێکارانی پیشەسازی قورس. بە تایبەتی بەشی چەکسازی، هەر ڕۆژە ٨٠٠ گرام نانی ڕەشیان وەردەگرت و کرێکارانی پیشەسازی سووک لە نێوان ٦٠٠ تا ٢٠٠ گرام نانی ڕەشیان وەردەگرت. ئەو دابەشکردنە جلوبەرگی زستانی و پێڵاو و سابوون و کەلوپەلی پێویستی تریشی دەگرتەوە.(١٩)

ئەو کرێکارانەی بە هۆی جۆربەجۆر ناچاربوون لە شار دابنیشن، زۆربەیان لە ڕێگەی بە دزی فرۆشتنی کەلوپەلی جۆربەجۆر بە خەڵکی گوندان بۆ وەدەستهێنانی هەندێک ئارد، پەتاتە یان نان کە پێشیان پێ لە مەرگی خۆیان دەگرت. هەڵبەتە کار گەیشتە ئەوەی کە دەوڵەت بە ناردنی پۆلیس بۆ سەر ئەو ڕێگایانەی کە شارو گوندییان بە یەکەوە دەبەستەوە، پێشی لەو کارانە دەگرت. توندوتیژی ئەو فەرمانبەرانە دژی هەموو لایەک بوو. سەرباری ئەوەش، فەرمانبەرانی دەوڵەت دوای جوێن و تێهەڵدانی کرێکاران، سەرجەمی ئەو خۆراکەی کە لە گوندەکانەوە هێنابوویان بە تاڵان دەبرد. لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٠ و سەرەتای

١٩٢١ خەڵکی سکاڵای زۆریان دژی توندو تیژی و شێوەی هەڵسوکەوتی ئەو فەرمانبەرانە بۆ مۆسکۆ نارد.[٢٠]

سەبارەت بە کارخانە و کرێکاران دەبێ زیاتر شت ڕوونبکرێتەوە، چونکە ئەو شتانەی لێرەدا دەستنیشانکران باشتر سیاسەتی کرێکارانەی بۆلشەڤیکەکان ڕووندەکاتەوە.

تەواوی دەستەڵات بۆ شووراکان" درووشمێک بوو کە بۆشەڤیکەکان بە هۆیەوە توانیان " شووراکان و کۆنترۆڵی کرێکاری لە کارخانەکان، بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. بێ گومان ئەوە مەرجێک بوو کە کرێکارانی ستەمدیدەی بەلای ئەواندا ڕاکێشا. بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئەو دروشمانە نەخرانە کار.

شەڕی ناوخۆ بیانۆیەکی باش بوو بۆ جێبەجێ کردنی ئەو شتەی بۆلشەڤیکەکان ناویان لێنا (سۆسیالیزم). بە دەستپێکردنی سالی ١٩١٨ کارخانە گەورەکان خۆماڵیکران. کۆنترۆڵی کرێکاری کە بەشێوەیەکی نیوەچل تا ئەو کاتە پیادەدەکرا، لەسەرخۆ و بەردەوام لە مەیدانی کارخانەکان بزردەبوو و سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی تاکە کەسی و یاسای سوپایی جێگای دەگرتەوە[٢١]. دەوڵەت لەلایەن گاردە سوپاییەکان ڕێکدەخرایەوە و لە کارخانەکاندا جێگیر دەکرا. ئیشوکاری ئەو گاردانە ناچارکردنی کرێکاران بوو بۆ مل کەچکردن بۆ فەرمانەکانی بەڕێوەبەران و پسپۆرانی بورژوازی.[٢٢]

میلیتاریزەکردنی کاری بەڕێوەبەرایەتی تاکەکەسی، دامەزراندنی پەیوەندییەکانی وشکی سەربازی، بە تەنیا بەکارهێنانی بەڕێوەبەر و پسپۆرانی بورژوازی نەبوو، بەڵکوو بەڕێوەبەرایەتی کارخانەکانیان بە ئەوان سپارد. تەنیا بیرەوەرییەک کە هەبوو تێهەڵدانی شەللاقەکانی سەردەمی تزار بە شێوەیەکی جیاواز بوو. ئایا مەنشفیکەکان بە هەڵە دەیانگوت "ئەدی ئەو کارانە هەر وەک سوودی فیرعەونە نییە لە کۆیلەکان؟"[٢٣]. ئەو شتە بێ هۆ نییە کە ترۆتسکی نەخشەکێشی سەرەکی ئەو سیاسەتە، لە سێیەمین کۆنگرەی سەندیکاکاندا لە ساڵی ١٩٢٠ دا گوتی:

ئایا ڕاستەکاری بە خورتی هەمیشە بەرهەم هێنە؟ ئەوە دلسۆزترین و مسکینانەترین دادوەری لیبەراللییە. مێگەلی کۆیلەکانیش بەرهەم هێن بوون..کاری بەخورتی بەندەکانیش ...... لە کاتی خۆیدا دیاردەیەکی پێشکەوتووانە بوو [٢٤]

هەڵبەتە ئەوە سەرەتای کاربوو. لە نۆڤێمبەری ١٩٢٠، لە هەر پێنج کارخانە چواریان دووبارە لە ژێر چاودێری و بەڕێوەبەرایەتی تاکە کەسی دانرانەوە. کارخانەکان و کارگەکانی بچووک خۆماڵی کران.[٢٥]

کرێکاران لە کارخانەکاندا لە چەند کۆبوونەوەیەکی گشتی خۆیان دژی هێنانە کایەی ئەو سیستەمە نارەزاییان دەربڕی. هاتنە پێشی ئەو سیاسەتە هاوکات لەگەڵ گرانی، سەرما، کەمی کەرەستەی سووتەمەنی و نەخۆشی ڕشانەوە و تیفۆس[٢٦]، نارەزایی و ڕەخنەیەکی بەرفراوانی لەلایەن خەڵکەوە دروستکرد. کە لە ئێرەوە لێیان دەدوێین.

## مۆسکۆ و پێترۆگراد

پێشبینی کردن لە بەرەنگار بوونەوەی هەمەلایەنەی خەڵکی، بەتایبەتی کرێکاران بەرامبەر سیاسەتی دەوڵەت، سەبارەت بە چۆنییەتی کاتی بەرەنگار بوونەوەکە بۆ هەموولایەک پرسیار بوو. خراپی باری ئابووری، بە هێزی سەرما و بێ ئازمموونی تەنگو جەڵمەی دروستکردبوو. لە ڕاستیدا مۆسکۆ و پێترۆگراد، وەکوو دوو تۆپەڵە بارووتی بە سەرە فتیلەی ئامادە و بەهێزیان لێهاتبوو. تەنیا پرۆشکێکی بۆ تەقینەوە دەویست و بەس.

لە بەرواری ٢٢ ژانوەری ١٩٢١ کاتی دەوڵەت، کەمکردنەوەی دابەشکردنی کەرەستەی بژێوی بۆ یەک لەسەر سێی ئەوەندەی ئێستا هەیە ڕاگەیاند. ئەو پرووشکەش هات[٢٧]. لەوەش خراپتر، دوا بە دوای ئەوە لە دە ڕۆژی سەرەتای فێبرواری ١٩٢١ بە هۆی گیروگرفتی تەکنیکی ڕێگای شەمندەفەر، هیچ جۆرە خواردەمەنییەک نەگەیشتە مۆسکۆ.

لە ناوەڕاستی فێبرواری دا کرێکاران دەستیان کردە کۆبوونەوە لە کارخانەکان و داوای کۆتایی هێنان بە سیستەمی (کۆمونیزمی شەڕ) یان کرد. و داوای دامەزراندنی بازرگانی ئازاد و زیاترکردنی کەرەستەی بژێوی و دابەشکردنیان کرد.(٢٨)

دوای بینینی هەڵومەرجەکە، دەوڵەت نوێنەرانی ناردە لای کرێکاران. تا بەڵکوو بە ڕوونکردنەوەی هەڵومەرج و بابەتی هێمنیان کەنەوە. لە کاتی ووتاردانەکاندا کرێکارانی وەڕس بوو وتاربێژەکانی دەوڵەتیان لەسەر سەکۆی ووتار ڕادەکێشایە خوارێ(٢٩). بەپێی ڕاپۆرتێک، لە یەکێ لەو کارخانانەی کە کرێکارانی کۆکراوە نارەزاییان بەرامبەر سیاسەتی دەوڵەت دەردەبڕی. لێنین لە ووتارێکدا لە کرێکاران دەپرسێ: کە ئایا ئەوان پێیان باشترە (سپییەکان) دەستەڵات بگرنەوە دەست؟ کرێکاران لە وەڵامدا دەڵێن (لێگەڕێن هەر کەسێ دێ با بێ. سپی، ڕەش. هەتا ئەگەر شەیتانیش بێ، بەس ئێوە بەتاڵی کەن)(٣٠)

کاتی کە کرێکاران لە بەرامبەر داخوازییەکانی خۆیاندا وەڵامێکیان وەدەست نەکەوت. دەستییان بە ڕێکخستنی مانگرتن و خۆپیشاندانی بەرفراوانکرد. داوای لابردنی زەوتکردنی بەخورتی دانەوێڵە، دابەشکردنی کەرەستەی بژێوی زێدەتر، بازرگانی ئازاد و تابگرە داوای ئازادی سیاسی و شارستانییان دەکرد.  هەندێکیان داواکاری دامەزراندنی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانیان دەکرد. لە ئەنجامی ئەو نارەزاییەی خەڵکی، دەوڵەت بە زەبری سوپا و گاردی تایبەتی خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی ڕاگرت.(٣١)

دوا بە دوای ئاشکرابوونی مانگرتن و نارەزایی کرێکارانی مۆسکۆ، کرێکارانی پێترۆگرادیش وەجۆش و خرۆش هاتن. بارودۆخێکی تراژیدی ئاسمانی پێترۆگرادی داگرت(٣٢). پێترۆگراد (پایتەختی پێشوو) بەهۆی نەبوونی کەرەستەی سووتەمەنی بۆ گەرم کردنەوە و بەکارخستنی کارخانەکان، زۆر لە مۆسکۆ خراپتر بوو. ئازووقە و خواردەمەنی لە پێترۆگراد گەیشتە یەک لەسەر پێنجی پێش شەڕی جیهانی یەکەم(٣٣). کەمبوونی کەرەستەی

سووتەمەنی بووە هۆی کە زیاتر لە ٦٠ کارخانەی گەورەی پێترۆگراد لە بەرهەم هێنان کەوتن.(٣٤)

سەبارەت بە بازاڕی ئازادیش، کە دەوڵەت قەدەخەی کردبوو. لە هاوینی ساڵی ١٩٢٠ دا زینۆڤیف گشت جۆرە ئاڵوگۆڕییەکی بازرگانی کردە یاسایی(٣٥). بە هۆی ئەو زۆر بۆهێنانە کرێکاران تواناییان لەدەست دابوو. ڕێگای چارەیان تەنیا پەیوەندیکردن بە لادێکانەوە بوو، بۆ ئەوەی کەرەستە و خۆراک لەو ڕێگەیەوە پەیدا بکەن. بەڵام دەوڵەت ئەو کارەشی بە نایاسایی دادەنا و سەرجەمی ئاڵوگۆڕی لەو شێوەیە دەبوایە لە ڕێگای دەزگاکانی دەوڵەتەوە بێ. سەیر لەوە دابوو کە دەزگاکانی دەوڵەت توانای ئەنجامدانی ئەو کارەیان نەبوو، بۆیە کرێکارانی والێکرد، ڕێگەی نایاسایی بگرنە بەر.

مایەوە مۆسکۆ کە لەوێوە یەکەمین ناڕەزایی کرێکارانی کارخانەکان دەستی پێکرد. بۆ یەکەمین جار لە بەرواری ٢٣ فیبرواری ١٩٢١ لە کارخانەی (تروپۆچینی) کە یەکێک لە گرنگترین پیشەسازییەکانی مێتاڵ سازی بوو. بە شێوەیەکی تێکڕایی کرێکاران لەیەک کۆبوونەوە. دوای ئەو کۆمەڵبوونە تێکڕاییە، بڕیارێکیان لەسەر چاککردنی شێوەی پووشاک و پێڵاوی زستانەوە پەسەندکرد. ڕۆژی دواتر کرێکاران بەگشتی دەستیان لەکار کێشایەوە و مانیان گرت.

بزووتنەوەی کرێکارانی (تروپۆچینی) کرێکارانی تری کارخانەکانی هاندا و تا بگرە خوێندکارانی (ئامۆژگای مێتاڵەکان)یش خۆیان گەیاندە خێلی مانگران.

کۆمەڵێکی زیاتر لە دوو هەزار کەس بە خۆپیشاندان هەڵستان و ناڕەزایی خۆیان بە دەوڵەت ڕاگەیاند، هەروەکوو جاری پێشوو لە مۆسکۆ زینۆڤیف، سوپای سوور و خوێندکارانی کۆلیژی ئەفسەرانی بۆ سەرکوتکردنی مانگرتوو و خۆپیشاندەران ناردە سەر شەقام. بە هێرشی ئەوان، مانگرتن و خۆپیشاندان پەرتەی پێکرا. جارێکی تر، لە بەرواری

٢٥ فێبرواری ١٩٢١ کرێکارانی کارخانەی (تروپۆچینی) ڕژانە سەر شەقام. و کرێکارانی تریان بۆ مانگرتن وە جۆش و خرۆش هێنا. ئەو کارە چاک بەکەلکیان هات. کارخانەی جگەرەی (لافومە)، پێڵاوسازی (ئاسکرۆکۆد) و کۆمەڵەی مێتال سازی (بەڵتیک) و(پاترۆنی)یش لەگەڵ کرێکارانی کارخانەی (تروپۆچینی) بە مانگرتن و نارەزایی هەڵستان. دوای ئەوەش بە خۆ پیشاندان هاتنە پێش. ئەو بزووتنەوە جەماوەرییەی کرێکاران، بووە هۆی دەست لە کارکێشانەوەی کرێکارانی بەندەری (گالیرنایا) و کەشتی سازی (پێترۆگراد).(٣٦)

کاتی هەواڵی مانگرتن بڵاوبووەوە، یەکێک لە کاربەدەستانی حیزبی بۆلشەڤیک بەم شێوەیە باسی دەکا:

> مانگرتن لە سایەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا! شتی وانییە. باشە دژی کێ؟ دژی خۆیان؟
> ئەوان کرێکارن چ لە ڕووی سیاسییەوە چ لە ڕووی ئابوورییەوە ڕێبەری کۆمەڵن (٣٧)

لە بەرامبەر ئەو شەپۆلە گەورەیەی خەڵکی، حیزبی بۆلشەڤیک لە پێترۆگراد بە سەرۆکایەتی زینۆڤیف فەرمانی دروستکردنی کۆمیتەیەکی بەرگری دەرکرد. لە ئەندامانیش داواکرا، کە لە سەرجەمی ناوچەکانی کە شەپۆلی نارەزایی سەری هەڵداوە ئەو (کۆمیتەی بەرگری)یە دروست بکەن (٣٨). مەبەست لە دروستکردنی ئەو کۆمیتەیە تەنیا ڕاگرتنی هێمنی و سەرکوتکردنەوەی خەباتی کرێکاران بوو. دوا بە دوای دروستبوون و دەست بەکاربوونی (کۆمیتەی بەرگری) زینۆڤیف، بەرپرسیاری شورای پێترۆگراد لە بەرواری ٢٤ فێبرواری میری سەربازی ڕاگەیاند. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە هەر جۆرە کۆمەڵبوونێک بە نایاسایی دەژمێردرێ(٣٩). ڕۆژێک دوای دامەزراندنی میری سەربازی، شورای پێترۆگراد، شورای تریدیۆنین و حیزبی بۆلشەڤیک لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشدا داوایان لە کرێکاران کرد کە بگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان. و ئەو قەیرانەشیان لە ئەنجامی بەگری کردن لە شۆڕش هەژمارکرد.(٤٠)

دوا بە دوای بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندنەکە و گرنگی نەدانی کرێکاران (کازمین) کۆمیساری هێزی دەریای بەلتیک، بە شێوەیەکی ئاشکرا، ڕایگەیاند کە تاکە ڕێگەچارە، بەکارهێنانی توندوتیژییە. لەو بارەوە داوای وەدەرنانی کرێکارانی (تروپۆچینی) کرد. بەو بیانۆیەی کە بزوێنەری بنچینەیی مانگرتن بووین. لە ئەنجامدا لە وەرگرتنی خواردەمەنیش بێبەش کران. شورای پێترۆگرادیش هەمان ڕێگای گرتەبەر، تا بگرە بەرامبەر کرێکارانی (لافومە)ش هەمان ڕێیان گرتەبەر (٤١). ئەو جوولانەوەیەی دەوڵەت نەک تەنیا کاری نەکردە سەر ناڕەزایی خەڵکی، بەڵکوو زیاتر پەرەی پێدا. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێین کە گۆڕانی دروشمەکانی کرێکاران لە ئابوورییەوە بۆ سیاسی تا ڕادەیەک سەخڵەتی دەوڵەتی زیاترکرد، بۆ نموونە سەرجەمی مانگرەکان داوای لابردنی گاردی تایبەتییان لە کارخانەکان دەکرد (٤٢). ئەو هێزەی کە هەڵسوکەوتی وەکوو پۆلیسی سیاسی بوو بۆ سەرکوتکردن و دەستنیشان کردنی کرێکاران و ناچارکردنییان، بەوەی کە ڕازی بن بە سیاسەتی بەڕێوەبەرەکان.

خەباتی بێ پسانەوەی کرێکاران و داواکارییە ڕادیکالییەکانییان بەڵگەی پێویستی بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن دایە دەستی دەوڵەت. جا لەژێر پەردەی ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆن بزوێنەر و جۆشدەر و ڕێکخەری ئەو مانگرتن و ناڕەزاییانە بووە، دەستیان کردە دەستگیر و بەندکردن و دوورخستنەوەیان. ڕێکخراوی مەنشفیکەکان لەو کاتەدا کەوتە بەر لێدانێکی سەخت و لە سەرەتای مانگی مای ١٩٢١ نزیکەی ٥ هەزار کەس لە ئەندامانیان لەلایەن پۆلیسی سیاسی دەستگیرکران (٤٣). هەروەها سەرجەمی کۆمیتەی ناوەندی نەنشفیکەکان لەلایەن پۆلیسی سیاسییەوە گیران و تا بگرە بڕیاری گولەباران کردنیشیان دابوون، بەڵام مەکسیم گۆرکی دەکەوێتە ناو و لە مەرگ ڕزگارییان دەکا.(٤٤) هەڵبەتە پۆلیس تەنیا بە ئۆپۆزسیۆن وازی نەهێنا و لە کارخانەکان کەوتە گیانی ڕابەری کارخانە و لە کۆتایی مانگی فێبرواری نزیکەی ٥٠٠ کەسی کرێکار و ئەندامانی تریدیۆنەکان دەستگیرکران و خرانە بەندیخانە(٤٥). دوا بە دوای دەستگیرکردنی بزوێنەر و ڕێکخەرانی خەباتی کرێکاران، دامەزراندنی میری سەربازی و سەرکوتکردنی کرێکاران بە تۆندوتیژی، زینۆڤیف بە


مەبەستی داپۆشین و بەدناوکردنی خەباتی کرێکاران، دەستی بە هەندێ ڕیفۆرم کرد. دابەشکردنی خواردەمەنی زیاترکرا، مۆڵەت بە کرێکاران درا کە لە شار بچنەدەرەوە، هەروەها فەرمانی دا کە کۆنترۆڵ لە سەر جادەکان هەڵبگیرێن. لە هەمانکات ڕایگەیاند نزیکەی ١٨ ملیۆن پود[11] خەڵووزی بەرد کە لە دەرەوەی وولات کڕدرابوو، بەو زووانە دەگاتە جێ. هەروەها بۆ یەکەمین جار ڕایگەیاند کە پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی سیاسەتی ئابووری بە ڕێگاوەیە (٤٦). بە هەرحاڵ کرێکاران و خەڵکی کە لە دەستی برسییەتی و سەرما لەسەر لێواری مەرگ بوون، بە بینینی ئەو ڕیفۆرمانە دەستیان لە خەبات کێشایەوە. لە سەروبەری سەرەتای مانگی مارس هەموو شتێ گەڕایەوە باری ئاسایی. خەباتی کرێکارانی مۆسکۆ و پێترۆگراد هەرچەندە تەمەنی کورت بوو، بەڵام کاریگەرییەکی گەورەی لە دەستپێکردنی ڕاپەڕینی کرۆنشتات دا هەبوو. کە لە بەشی دواییدا لێی دەکۆڵینەوە.

[11] پود: یەکەیەکی کێشانی ڕووسییە. بەرامبەر (١٦،٣٨٠ گرام) ١٦ کیلۆ و ٣٨٠ گرامە

# کرۆنشتات[12]

لێرەدا مەبەستمان پیشاندانی وێنەی تەواوی ڕاپەڕینی کرۆنشتاتە، بۆیە ڕوونکردنەوەیەکی هەرچەندە کورت لە ڕووی مێژووییەوە بە پێویست دەزانین.

شاری کرۆنشتات دانیشتوانەکەی نزیکەی ٥٠ هەزار کەس دەبێ، نیوەیان شارستانین و نیوەکەی تریان دەریاوان و سەربازن. نیوە شارستانییەکە بریتیین لە کرێکارانی دەستکورتی کارخانە، ماسیگر و فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی دەوڵەت و سەر بەسوپا. هەڵبەتە ژمارەیەکی دیاریکراویش ووردە بازرگان لە شارەکەدا هەن.



نەخشەی کرۆنشتات و دووری لە پێترۆگراد

---

[12] شاری کرۆنشتات دەکەوێتە دوورگەی کۆلتین، لە کەنداوی فینلەندا، نزیکەی ٢٠ میل لە شاری پێترۆگراد دوورە. ئەو کەنداوە هەر لە مانگی نۆڤێمبەرەوە تا کۆتایی مارس یا سەرەتای ئەپریل بەستوویەتی.

# له ۱۹۰٥تا ئۆکتۆبەری ۱۹۱۷ [13]

ڕابردووی خەباتی خەڵکی شاری کرۆنشتات، بە گشتی ناوبانگێکی تایبەتی هەبوو. یەکەمین ڕاپەڕینی ناڕەزایی کە ڕووی دا لە ساڵی ۱۹۰٥ بوو. بووە هۆی کوشتنی چەند سەرکردەیەکی سەربازی. ئەوەش بە هۆی کەمکردنەوەی شیفتی کار و باشتر کردنی هەلومەرجی ژیان دەستی پێکرد.

ئەو ڕاپەڕینە دوای دوو ڕۆژ بە کوشتنی ۱۷ کەس و برینداربوونی ۸۲ کەس و دەستگیربوونی ۳۰۰۰ کەس کۆتایی هات. لەڕاستی دا داواکارییەکانی ساڵی ۱۹۰٥ جارێکی دیکە دوای تێکشکانی شۆڕش، ئەو کاتەی کۆنەپەرستی ئاستۆلپین، سایەی زەبروزەنگی شۆمی بەسەر هەمووولایەکدا سەپاندبوو.

دەریاوانان لە بەرواری ۱۹ جولای ۱۹۰٦، جارێکی تر سەر لە نوێ ڕاپەڕینەوە، ئەو جارە تامی ناخۆشی شکەستییان چەشت.

لە نێوانی ئەوانە نزیکەی ۳٦ کەس لە ڕێبەرانی دەریاوانان دەستگیرکران و بە دەستی بەکرێگیراوانی تزار لە سێدارە دران(٤٨). لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۰٦ تا ۱۹۱۷ شارنیشینەکانی کرۆنشتات. بە تایبەتی دەریاوانان، چەند جارێک لەسەر کێشەی جوراو جۆر کۆبوونەوە و دەنگی ناڕەزاییان هەڵبڕی. بە درێژایی ئەو کاتەی سوپا لەژێر ڕکێفی فەرماندارییەتی تزار دابوو، هێزی دەریای تاکە نموونە بوو کە فەرماندەکانیان بە دوودڵی هەڵدەبژێردران و تا ئەو ئاستەی لە توانایان دابوو. پێشیان لە بەسەردا سەپاندن و ستەمگەری دەگرت.
لەو شوێنەی کە لە چوارچێوەی سنووری ئەو نووسینە دەچێتە دەر (لە ماوەی نێوان ۱۹۰٦ تا ۱۹۱۷) ناکۆڵینەوە و لاپەڕەکانی مێژوو تۆزێ خێراتر ئاودیو دەکەین تا دەگەینە ساڵی۱۹۱۷.

---

[13] لێرەدا هەندێ لە سنووری باسەکە دەچینە دەرەوە. لە ڕابردووی خەباتی کرۆنشتات دوای ساڵی ۱۹۰٥ دەکۆڵینەوە.

دوای سەرنگوون بوونی ڕژێمی ستەمگەری تزار دەستەڵات کەوتە دەستی دەوڵەتی کاتی. بە پێچەوانەی تەواوی ڕێکخراوە کرێکاری، سەربازی و جوتیارییەکان. شوورای کرۆنشتات سەرۆکایەتی کەوتە دەستی ئەنارشیستەکان، بۆلشەڤیکەکان، باڵی چەپی ئێس. ئاڕ و هەندێ بێلایەنی ڕادیکاڵ. تاکە نموونەی شۆڕشگێڕبوو کە لە بەرامبەر دەوڵەتی کاتی دا جڵەو شۆڕ نەکا و خۆی بە تاکە دەستەڵاتدار دابنێ[٤٩]. بەڕێوەبردنی شار بە هۆی دروستکردنی کۆمیتەی جۆربەجۆر وەکوو کۆمیتەی خواردەمەنی، کۆمیتەی نیشتەجێ کردن، کۆمیتەی کەشتی و ئۆردووی خەڵکی بەڕێوەدەبردرا. بەرهەمی ئەو بەڕێوەبردنە لە ڕێگای شوراوە بە جۆرێک بوو، کە لە ڕێی دروستکردنی (هەرەوزییەکانی کشتوکاڵ) کە هەر هەرەوزییەک زیاتر لە ٥٠ کەسی تێدابوو. دەستکرا بە چاندنی تەواوی زەوییەکانی دوورگە کە بە پیت بوون و کەلکی چاندن دەهاتن و توانییان لە کاتی شەڕی ناوخۆدا لە برسییەتی ڕزگاربن.[٥٠]

دوای ئەوەی بە دەوڵەتی کاتی ڕازی نەبوون و لەو ساوە کاریگەری و ڕۆڵیان خەباتیان لە سەرجەمی ئەو بەرەنگاریانەی دژی دەوڵەتی کاتی بە ڕاشکاوی دیار بوو. بۆ نموونە لە ئەپریلی ١٩١٧ لە خۆپیشاندانی پێترۆگراد توانیان ڕۆڵێکی بەرچاو ببینن و گیانی گرووپێک لە ئەنارشیستەکانی کەوتبوونە بەر هێرشی هێزەکانی دەوڵەت ڕزگار بکەن.[٥١]

پاش توندبوونی خەبات لە نێوان دەوڵەتی کاتی و شوراکان و هاتنی ڕۆژە تووفانییەکانی ژوونی دەریاوانان هاتنە پێترۆگراد و دیسان ڕۆڵێکی زۆر مەزنیان بینی. هەر لەبەر ئەوە بوو ترۆتسکی ئەوانی بە (مایەی شانازی و سەربڵندی شۆڕش ناوبرد. بە ڕێکەوت هەر لەو کاتانەدا بوو، ڤیکتۆر چرنۆف وەزیری کشتوکاڵ لە حیزبی ئێس. ئاڕ کەوتبووە دەستی دەریاوانان و لە سەروبەری لە سێدارەدانی دابوون، ترۆتسکی بە ووتارێکی ڕەوان و بە شێوەی تایبەتی خۆی لە مەرگ ڕزگاری کرد.[٥٢]

بە خۆ تێکەڵاوکردنی توندی بەردەوامی دەریاوانان لە خەباتی سیاسی ڕووسیا. لەو کاتەی ڕاپەڕینی کۆرنۆلیف هاتە پێش کە ئامانجی لەناوبردنی دەستکەوتەکانی شۆڕش وگەڕاندنەوەی

دەسته‌ڵاتی دیکتاتۆری تزار بوو، دەریاوانان لە بەرەنگار بوونەوەی ئەو ڕاپەڕینە پێگایەکی تایبەتییان هەبوو.(٥٣)

بە هاتنی ٢٥ ئۆکتۆبەر، جارێکی تر دەریاوانان هاتنەوە پێترۆگراد، دوای بەشدارییەکی کاریگەرانەیان لە سەرکوتکردن و وەرگێڕانی دەوڵەتی کاتی و گرتنی (کۆشکی زستانی) جارێکی تر بە (مایەی شانازی و سەربڵندی شۆڕش) ناو بردرانەوە.



کۆشکی زستانی لە پێترۆگراد کە دەریاوانانی کرۆنشتات گرتیان

جا بە هەر شێوەیەک لە پرۆسەی مێژوویی فێبراوری تا ئۆکتۆبەر بکۆڵینەوە، بە دەگمەن ڕووداوێک پەیدا دەبێ کە دەریاوانان یان شارنیشینەکانی کرۆنشتات دەستییان تێدا نەبووبێ. ئەو چالاکی و خۆ تێ هەلقورتاندنانە ڕیشەکەی لە پێگای چینایەتییان و هەروەها وورەبەرزی و بێ پەروایییانەوە دێ. بەرەنگاربوونەوەو خەباتی بەردەوامی دژی دەستەڵات لە سەردەمی تزاردا، ببووە هۆی دروستبوونی گیانی بەرەنگاربوونەوەی لە نێو شارنیشینەکانی

کرۆنشتات دژی دەستەڵات. بۆ نموونە لە پرۆسەی خەباتی فێبرواری تا ئۆکتۆبەر شارنیشینەکان، هەر ڕۆژە لە گۆڕەپانی (کۆنگەر) کۆدەبوونەوە و سەبارەت شار و هەڵومەرجەکانی وتووێژیان دەکرد. ئەو گۆڕەپانە جێگای نزیکەی ٢٥ هەزار کەسی لێ دەبووەوە. هەر ڕۆژە بەشێوەیەکی ئاسایی هەمان ژمارە لەو گۆڕەپانە کۆدەبوونەوە. بەکورتی بڵێین، ئەوە سادەترین و لە هەمانکاتدا ڕاستەوخۆترین شێوەی کۆنترۆل و هێنانەدی دیموکراتی بوو.

## دەوڵەتی بۆلشەڤیکەکان و شەڕی ناوخۆ

دوای سەرنگوونی دەوڵەتی کاتی و دەست بەسەرداگرتنی دەوڵەت لەلایەن بۆلشەڤیکەکانەوە، نەک لە چالاکییەکانی ڕادیکالییەکانی دەریاوانانی دانەبەزاند، بەڵکوو زیادی کرد. لەم بارەیەوە لە ژانیوەری ١٩١٨ دوو کەس لە وەزیرانی دەوڵەتی کاتی کە لە نەخۆشخانەی پێترۆگراد خەوێندرابوون، شەو کوشتنیان. لێنین تا ماوەیەکی زۆر هەر خەریکی دۆزینەوەی بکوژەکان بوو، بەڵام لەو کاتەدا ناکۆکی لە وتووێژ دا هەبوو، و دۆسییەی کوشتن ڕەوانەی ئارشیڤ کرا.[٥٤]

لەو کاتانەدا یانی سەرەتای ساڵی ١٩١٨ دەریاوانان، پەیوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ دەوڵەت دەست پێکرد، لەبەر ئەوەی لەو باوەڕەدابوون کە ئەو دەوڵەتە لە ڕەچەڵەکێکی ترە. هەر لەو کاتەشدا بۆلشەڤیکەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەران شکەستیان خوارد و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنیان دا. بۆ پەرتو بڵاوکردنی لایەنگیرانی ئەو ئەنجومەنە سوودیان لە گرووپێک دەریاوان بە ڕێبەرایەتی ئەنارشیستێک وەرگرت.[٥٥]

دوا بە دوای دەست پێکردنی شەڕی ناوخۆ و هێرش هێنانی ژەنراڵەکانی تزاری بۆ گۆشە و کەنارەکانی ڕووسیا. دەریاوانان لە ڕیزی پێشەوەی ٤٠ هەزار کەسی، یەک دەست و

یەک پارچە بۆ پارێزگاری لە بۆلشەڤیکەکان هاتنە پێش و لە سەنگەری نەبەردی دامەزران. لەو کاتەی کە لێنین پێکهێنانی دەوڵەتی خۆی ڕاگەیاند، دەریاوانان بە نەبوونی سۆسیالیستەکانی تر لەناو دەوڵەت نارەزایيان دەربڕی و ئەوەش بە یەکەمین پڕوشکی ناکۆکیان لەگەڵ دەوڵەتی بۆلشەڤیک دادەنرێ.(٥٦)

گۆڕانی ئەو پڕوشکە بە ئاگرێکی کز هەر لە مارسی ١٩١٨ وە دەتوانرێ هەستی پێبکرێ. کاتی دەریاوانان بە شێوەی هەمیشەیی خۆیان (کۆمیتەی کۆنترۆلی هێزی دەریا) یان لە نێوان ئەندامانی هێزی دەریایی هەڵبژارد و ئەو کۆمیتەیە لەلایەن بۆلشەڤیکەکانەوە ڕەتکرایەوە، لە جیاتی ئەوە کۆمیتەیەک لەلایەن حیزب هەڵبژێردا. لە ڕاستیدا ئەو ڕەفتارە مانای گرنگی نەدان بوو بە بڕیاری دەریاوانان، کە لە ئۆکتۆبەری ١٩١٨ سەبارەت بە وەستاندنی زەوتکردنی دانەوێڵە، سەرکوتکردنی گرووپەکانی دیکەی چەپ و هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئاشتی (برێست) ....(٥٧)

ئەو هەڵسوکەوتانەی سەرەوە بەشێکن لە یەکەمین هەنگاوەکانی بۆلشەڤیکەکان بۆ توندکردنی پایەی دەستەلاتی خۆیان. لە ڕیزی سوپاشدا بە هەمان شێوە سیستەمی شورای ناو سوپای سووریان هەڵوەشاندەوە و پەیڕەوی کوێرانە و ملکەچی بۆ سەرەوەی لەجێ دانرا. دوا بە دوای ئەوە بە هەزاران ئەفسەر و خاوەن پلەو پایەی پێشووی سەردەمی تزاریان هێنایەوە سەر کار.(٥٨)

هێزەکانی سوپایی ( سوپای وشکانی و دەریا) لە دوای ئەو سیاسەتەی کە لەلایەن بۆلشەڤیکەکانەوە خرابووە کار، دەستیان دایەوە دووبارە خۆ ڕێکخستنەوە و فۆرمۆلە (داڕشتنەوەی) ئۆپۆزسیۆن. ئەو ڕێکخستنەش دەتوانرێ لە دامەزراندنی (ئۆپۆزسیۆنی هێزی دەریای) لە هێزی دەریا، (ئۆپۆزسیۆنی سوپا) لە سوپای سووردا و (ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری) لەکارخانەکاندا ببینرێ[14] .ئەو ڕێکخراوانە، بۆ دووبارە وەدەستهێنانەوەی ئامانج و دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٩١٧ تێیان دەکۆشی. ئەو دەستکەوتانەی بە خێراترین شێوە

[14] .ئەو ئۆپۆزسیۆنە جیاوازە لەگەل ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە لەناو دەروونی حیزب دا هەبوو

لە دەستی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە ناوی دامەزراندنی (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا) دەرهێنرا.

## کۆتایی شەڕی ناوخۆ تا ڕووداوەکانی پێترۆگراد

بە تێکشکانی سپییەکان و کۆتایی شەڕێ ناوخۆ، هەموو لایەک سوپایی و شارستانی خەڵکی کرۆنشتات و سەرتاسەری ڕووسیا، چاوەڕوانی بارودۆخێکی باشتر بوون. مەرجی سەرەکی بۆ چارەسەری باشتر کردنی ئەو بارودۆخە کۆتایی هێنان بوو بە سیاسەتی کۆمونیزمی شەڕ. بەڵام بە ڕوونی دەیاندیت کە نەک تەنیا گرێکانی کۆمونیزمی شەڕ شل نەبووینەوە، بەڵکوو توندتر بووین. جا ئێستا ترسی دەوڵەتی سپییەکان یان داگیرکردنی نیشتمانیش لەلایەن دەوڵەتە بێگانەکان نەماوە، بۆیە ناڕەزایی خەڵکی بە ئاشکرا هەر ڕۆژە لە زیادبوون دابوو. ژمارەیەکی زۆری خەڵک کە لەکاتی شۆڕش و دوای شۆڕش پەیوەندییان بە حیزبی کۆمونیست کردبوو، وازیان لە ئەندامییەتی حیزب هێنا. ژمارەی ئەندامانی حیزب لە کرۆنشتات گەیشتە نیوەی[٦٠]. هەندێک لەو ئەندامانە حیزب خۆی پاکی کردنەوە و بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور (هێزی دەریایی قەراخ دەریای ڕەش)ی ناردن.[٦١]

لە بەردەوامی ئەو ناڕەزاییەدا، لە کۆنفرانسی دووەمی دەریاوانانی کۆمونیست، لە بەرواری ١٥ فێبرواری ١٩٢١، لە بڕیارنامەیەکی چوار پەرگرافی (مادده) دا، ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر دەوڵەت و (کارگێڕی سیاسی هێزی دەریایی) لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵکراو بەرامبەر دەریاوانان دەربڕی و دەستووریکیان بۆ چالاکی سیاسییان بەرزکردەوە.[٦٢] لەو کاتەدا ڕووداوی مۆسکۆ و پێترۆگراد هاتەپێش. دەریاوانانی کرۆنشتات بەهۆی نزیکی جوگرافی لە پێترۆگراد لەلایەک و هەمیش بە درێژایی ساڵانی خەبات لە ڕێگای ئازادی،

چەندین جار چووبوونە پێترۆگراد و بەرگرییان لە خەباتی کرێکاران کردبوو. لە هەمان کاتدا زۆر خێزانی دەریاوانان لە پێترۆگراد دەژیان. بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی مانگرتن و نارەزایی جەماوەری و سەرکوتکردنی خەڵکی بە توند و تیژی و بێ بەزەییانەی تزار ئاسا، لەلایەن دەست و پێوەندی دەوڵەت، کرێکارانی کرۆنشتات بۆچوونێکی تایبەتییان سەبارەت بەو بەو تەنگژەیە هەبوو. هەر بۆیەش لە بەرواری ٢٦ فێبرواری، کرێکارانی دوو بنکەی هێزی دەریایی (سباستوپۆل) و (پێتروپالوسک) پێکەوە بە پەلە دەستەیەکی ٣٠ کەسییان هەڵبژارد و بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو بارودۆخە ڕەوانەی پێترۆگرادیان کردن. دەستەکە دوای سەیرکردنی ئەو هەلومەرجە خراپە و لێکۆڵینەوەی کارخانەکان، یان بە قسەی (پێتەر یچینکۆ) کە یەکێک بوو لە ڕێبەرانی دەریاوانان (ئۆردووگای کاری زۆرەملێ سەردەمی تزار). دوای دوو ڕۆژ گەڕانەوە کرۆنشتات [٦٣]. ئەو پرسە سەرنجی دەستەی لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی کارخانەکان ڕاکێشابوو، ترسی کرێکاران بوو لە ڕاوێژکردن، بە تایبەتی لە بەرچاوی گاردی تایبەتی و ئەندامانی حیزب. بەڵام یەکێ لە کرێکاران ئەو بەندەی شکاند و گوتی:

> کاتی ئێوە لە کرۆنشتاتەوە بە تەمابوون بێن، تەواوی ئەو ماوەیە ئێمەیان بە ئێوە دەترساند. ئێوەش ئێستا ئارەزوومەندی بیستنی ڕاستین. با ڕاستتان پێ بێژین ئێمە برسین، پوشاک و پێڵاومان نییە. لە ڕووی دەروونیشەوە کەوتینەتە بەرەوڕووی ترسناکییەکی گەورە. سەرجەمی خواست و داواکارییەکانی ئێمە بە شێوەیەی ئۆتۆماتیک بە تێرۆر و تێرۆرێکی بێ کۆتایی وەڵام دەدرێتەوە. ئێوە تەنیا تەماشایەکی بەندیخانەکانی پێترۆگراد بکەن، دەبینن چی ژمارەیەک لە هاوڕێیانی ئێمە لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەی دوایی دەستگیرکراون و لەوێ بەسەر دەبەن.
>
> نەخێر هاوڕێیان. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، بە ئاشکرا بە کۆمونیستەکان بێژین. لە قسەکانتان تێربووین و بەسە. دەک دیکتاتۆریتان سەرنخونبێ کە ئێمەتان خستۆتە ڕێگایەکی بنبەست، ڕێگا بۆ خەڵکی بێ لایەن و ناحیزبی چۆلکەن. هەربژین شوراکانی کە بە ئازادانە هەڵبژێردراون. تەنیا ئەو شورایانە دەتوانن ئێمە لەو بەدبەختییە ڕزگارکەن.[٦٤]

دوای گەڕانەوی (دەستەی لێکۆڵینەوە) لە پێترۆگراد، دەریاوانان لە کۆبوونەوەیەک لە پاپۆڕی (پێترۆپالوسک) ئەو بڕیارنامەیەی خوارەوەیان دەرکرد.

## دەقی بڕیارنامەکە

دوای گوێڕاگرتن لە ڕاپۆرتی نوێنەرانی هەلبژێردراوی کرێکارانی هێزی دەریایی، کە بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە هەڵومەرجی لائارادا، ڕەوانەی پێترۆگراد کرابوو. ئێمە ڕایدەگەیێنین کە:

یەکەم: لەبەر ئەوەی، شوراکانی ئێستا دەربڕی ویستی کرێکاران و جوتیاران نین. دەستبەجێ هەڵبژاردنی نوێ و بە شێویەکی نهێنی بکرێتەوە. ئازادی پڕۆپاگاندەی پێش هەڵبژاردن بدرێتە گشت کرێکاران و جوتیاران.

دووەم: ڕەهایی دان بە ئازادی گوتن و چاپەمەنی بۆ گشت کرێکاران، جوتیاران، ئەنارشیستەکان و حیزبەکانی سۆسیالیستی تر.

سێیەم: زامنکردنی ئازادی کۆبوونەوە و کۆمەڵ بوون بۆ تریدیۆنییەکان و ڕێکخراوە جوتیارییەکانی تر.

چوارەم: بانگهێژی یەک کۆنفرانسی بێ لایەن (ناحیزبی) کرێکاران، جوتیاران، سەربازانی سوپای سوور، دەریاوانانی پێترۆگراد، کرۆنشتات لە مەیدانی پێترۆگراد تا ١٠ مانگی مارسی ١٩٢١.

پێنجەم: بەڕەڵاکردنی سەرجەمی گیراوە سیاسییەکانی سەربە حیزبە سۆسیالیستی و کرێکاران و جوتیاران، سەربازان و دەریاوانانی کە بەر لە بزووتنەوەی کرێکاری و جوتیاری خزێونراوەتە بەندیخانە.

شەشەم: هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو تاوانانەی خراونەتە پاڵ ئەو کەسانەی لە بەندیخانە و ئۆردووگا زۆرەملییەکان بەسەردەبەن.

حەوتەم: هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم مەڵبەندە سیاسییەکان، لەبەر ئەوەی هەرکەسێ ئەگەر حیزبی نەبێ مافی ئیمتیازی تایبەتی بۆ پرۆپاگاندە لە بابەت بیروباوەڕی و تابگرە کۆمەکی دارایی، لەلایەن دەوڵەتیش ناتوانی وەربگرێ. لە جیاتی ئەوەدەبێ کۆمیتەی رۆشنبیری و پەروەردەیی دروست بکرێ، بەشێوەی خۆجێی (لۆکاڵی) بەڕێوە ببردری و لەلایەن دەوڵەتەوە خەرجیان بدرێ.

هەشتەم: لابردنی هێزی تایبەتی کە بۆ کۆنترۆلی جادەکان دامەزراوە.

نۆیەم: یەکسانکردنی سەرجەم خەڵکی کە خەریکی هەر کارێکن، بێجگە لەوانەی کە کاریان بۆ ئاسایشی خەڵکی زیانبەخشە.

دەیەم: هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم (هێزی شەڕکەری کۆمونیست) لەناو هەموو بەشەکانی سوپا. بە هەمان شێوە (گاردی کۆمونیست) لە کارخانەکان و ناوەندییەکانی پیشەسازی، ئەگەر لە کاتێکا نیازی دروستکردنی ئەو جۆرە هێزانەش بەبیرداهات، ئەوە لە دەروونی سوپا بە هۆی سەربازان و لە کارخانەکان و ناوەندییەکانی پیشەسازیش بەهۆی کرێکاران هەڵبژێردرێن.

یانزەم: دانانی کۆنترۆلی توکمە لەسەر زەوی و مەڕومالاتی جوتیاران، بۆ ئەوەی جوتیاران نەتوانن سوود لە هێزی کار وەرنەگرن. بە شێوەیەکی تر بڵێین کەسێکی تر نەکەنە خزمەتکاری خۆیان.

دوانزەم: لە سەرجەم بەشەکانی سوپا و هەروەها هاوڕێیانی کۆلیجی ئەفسەری داوادەکەین، کە ئەو بڕیارنامەیە پەسەندکەن.

سیانزەم: لە چاپەمەنی و ڕاگەیاندنەکان داوا دەکەین، ئەو بڕیارنامەیە لە ئۆرگانەکانی خۆیان بە شێوەیەکی باش دابەزێن.

چواردەم: هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆی کۆنترۆل.

پانزەم: مۆڵەتی دروستکردنی کارگەی کاری دەستی لەلایەن هێزی کاری تایبەتییەوە بدرێ.(٦٥)

## لە بڕیارنامەی دەریاوانانەوە تا دەستپێکی سەرکوتکردن

دوای پەسەنکردنی بڕیارنامەی هێزی دەریایی (پێترۆپالۆسک) لەلایەن دەریاوانانی دوو ستوونی شەڕی هێزی دەریایی لە کرۆنشتات، و بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە و گەیشتنی بە پێترۆگراد. زەنگی ترس دەنگی دەرچووە، لەم بارەوە، دوو کەس لە پلەدارە بەرزەکان بۆ ووتاردان سەبارەت بەو هەلومەرجە بۆ خەڵکی شارو داپۆشینی بریارنامەی ناوبراو ڕەوانەی کرۆنشتات کران. لە بەرواری ١ مانگی مارس کۆبوونەوەیەکی گەورە بە ئامادەبوونی ١٥ هەزار کەس لە مەیدانی لەنگۆ بەسترا. یەکەم ووتار هی کالێنین بوو، (سەرۆکی کۆمیتەی سەرپەرشتی شورای سەرتاسەری ڕووسیا). لەبەر هەلومەرجی نەگونجاو داوای کرد کە ووتارەکە لە شوێنێکی بچووکتر بێ، بەڵام دوای ئەوەی خەڵک ڕازی نەبوو، داوای لێبووردنی لە ووتاردانکرد و کازمین کۆمیساری شەڕ لە جێگەی ئەو ووتاری دا. ووتارەکەی سەبارەت بە قەیرانی ئابووری و ترسی هێرشی دووبارەی سپییەکان تابگرە دەوڵەتانی بیانیش بوو. لە کۆتاییدا داوای وورە بەرزی و هێمنی لە خەڵکی کرد. ووتارەکەی ئەو نەک هەر بە ساردی لەلایەن خەڵکی وەرگیرا، بەڵکوو جەماوەر زۆر بە توندی لەگەڵیاندا کەوتنە ووتووێژ.(٦٦)

دوای ئەوەی پلەدارە بەرزەکانی حیزب، لە ئەنجامدانی ئەرکی خۆیان واتە لەخشتەبردن سەرنەکەوتن. دەریاوانان بڕیارنامەی (پێترۆپالۆسک) یان خستە بەردەمی جەماوەر بۆ ڕا

لەسەردان. لە ناو سەرجەمی ئامادەبووان تەنیا کالینین، کازمین و ڤاسیلۆ (سەرۆکی حیزب لە کرۆنشتات) و چەند کەسێکی تری فەرمانبەری حیزب ڕایان دژی دا، ئەگینا بەگشتی جەماوەر، بە شێوەی یەک پارچە بڕیارنامەی ناوبراویان پەسەندکرد.(٦٧)

ڕاستییەکەی دوای سەرنەکەوتن لە پەسەندنەکردنی بڕیارنامەی دەریاوانان، لەلایەن جەماوەی شار. بڕیارنەی (پێترۆپالۆسک) شێوەی مانیفیست و بەرنامەی خەباتی جەماوەری وەرگرت. پەسەندکردنی بڕیارنامەکە لە دوو لاوە بووە هۆی نیگەرانی زۆربەی سەرۆکایەتی حیزب. یەکەم پەسەندکردنی بەو شێوەیە و بەرمەیدان و گرنگییەکەشی بۆ ئەوان لەوەدابوو، کە هیچ یەکێک لەو کۆمونیستانەی لە ناو خەڵک بوون، ژمارەشیان کەم نەبوو، ڕایان دژی بڕیارنامەکە نەبوو و مۆری لایەنگیرییان بۆ لێدا. خاڵی دووەم یانی هاودەنگی کۆمونیستەکان لەگەڵ خەباتی جەماوەر دژی (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا) بە شێوەی بۆلشەڤیکی، جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ ناڕەزایی خەڵکی تر وەدەرخست.(٦٨)

ڕۆژی دواتر، یانی ٢ مارس ٣٠٠ یا ٣٠٣ نوێنەری هەڵبژێردراو لەلایەن دەریاوانان، ناوەندی کارخانەکان، بەندەر و تریدیونەکان بۆ هەڵبژاردنی شورای بەڕاستی کۆنفەرانسێکیان لە کۆلیجی ئەندازیاری شار بەست. نوێنەرەکان لە نێوان خۆیاندا ٥ کەسیان[15] بە ناونیشانی (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی) هەلبژارد(٦٩). لەو کۆنفرانسەدا کازمین و ڤاسیلۆ بە ووتار و هاندان دژی دەریاوانان کەوتبوونە کار و ڕایانگەیاند کە کۆمونیستەکان دەستەڵاتی دووانە ڕەتدەکەنەوە و تا دوا هەناسە دژیان دەوەستن. هەروەها کازمین فەرمانی دا شار لە شتی گرنگ و کەرەستەی خواردن چۆل کەن، ئەوە بووە هۆی ئەوەی دەریاوانان هەردووکیان دەستگیرکردن و خستنیانە بەندیخانە.(٧٠)

لە ماوەی ٢ و ٣ ی مانگی مارس، نزیکەی ٩ هەزار بەیاننامە سەبارەت بە بڕیارنامەی کرۆنشتات کە لەلایەن دەریاوانانەوە بۆ پێترۆگراد و شوێنەکانی دیکە ڕەوانەکران و کەوتنە دەستی پۆلیسی سیاسی، ٩ دەریاوانیش لەسەر ئەوە دەستگیرکران (٧١). دەریاوانان بۆ

[15] دواتر ئەو ژمارەیە گەیشتە ١٥ کەس.

پرۆپاگانده لەسەر بەرنامەی کاری خۆیان دەستەیەکی ٣٠ کەسییان لەگەڵ چەندین دانە لە بڕیارنامە ڕەوانەی بنکەی ئاسمانی (ئاڤرانین بووم) کرد [٧٢]. بۆ بەردەوامی دارشتنی سیستەمێکی پتەوی پرۆپاگاندە و دامەزراندنی پەیوەندی بیروباوەڕ لەگەڵ هەموو جەماوەر (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی) ڕۆژنامەیەکی بە ناوی (هەواڵەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی، دەریاوانان، سەربازان و کرێکارانی شاری کرۆنشتات) دەرکرد. ئەو ڕۆژنامەیە بەبێ وەستان تا ١٦ مارس دەرچوو، سەرنووسەرەکەی کەسێکی ناوی (ئەناتۆلی لامۆنۆف) بوو. بە پێی بۆچوونی هەندێک مێژوونووسان، هەر ئەو کەسە بۆ خۆی تیوریستی ڕۆژنامە و سەرجەمی بزووتنەوەی کرۆنشتات بوو. و دوای شکانی ڕاپەڕینی کرۆنشتات دەستگیرکرا و لە سێدارە درا.[٧٣]

کالینین کە لە پێشدا باسمان کرد، دوای کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەی ڕۆژی ١ مارس گەڕایەوە پێترۆگراد و هەواڵی ڕووداوەکانی بە ڕابەران گەیاند. دوای ئاگاداربوونی (کۆمیتەی بەرگری) پێترۆگراد لە ئاستی خۆڕاگری دەریاوانان و خراپی هەلومەرجەکە، سەرەتا، فەرمانی سوپایی لە سنووری پێترۆگراد درا و کەوتنە خۆ ئامادەکردن. دوای ئەوە بەیاننامەیەکیان لە بەرواری ٤ مارس دژی دەریاوانان دەرکرد. لەو بەیاننامەیەدا دەڵێن کە سەرانی ئەو ڕاپەڕینە هەموویان نۆکەرن و بەستراونەتەوە بە ژەنراڵەکانی تزاری. دوای ئەوە داوادەکەن کە دەریاوانان خۆیان بدەنە دەست ئەگینا وەکوو کەو بەشیان هەر گولە دەبێ.[٧٤]

بە بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی سەرەوە، دەریاوانان کە خۆیان بە بەرگری کەری سیستەمی شورایی دادەنا، ئەو دەمە یانی هەفتەی یەکەمی مانگی مارس ڕاپەڕینی خۆیان دژی دەوڵەت ڕانەگەیاند، بەڵکوو کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی دەستەیەکی ٣٠ کەسی بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستی ڕووداوەکان و ڕاگەیاندنی داواکارییەکانییان ناردە پێترۆگراد. ئەو دەستەیە هەر پێیان نایە ناو شار لەلایەن پۆلیسی سیاسییەوە دەستگیرکران [٧٥] و هیچ هەواڵێک سەبارەت بە ژیان و مردنیان نەبیسترایەوە. بە ڕوودانی تەواوی ئەو بگرەو بەردەیە، ترۆتسکی کە سەرپەرشتیاری کۆمیساریای شەڕو بەرگری و بەرپرسیاری

سەرتاسەری سوپا لە سیبیریا بوو. دوای ئاگادار بوونی لە ڕووداوی کرۆنشتات بە پەلە هاتە پێترۆگراد. و بەبێ وەستان خۆی گەیاندە مۆسکۆ، دوای ڕاوێژی لەگەڵ لینین، دووبارە لە بەرواری ٤ یان ٥ مارس گەڕایەوە پێترۆگراد و ئەو بەیاننامەی خوارەوەی دەرکرد. لێرەدا پێویستە یەک خاڵ دەستنیشان بکەین. ئەویش، ئەگەرچی ترۆتسکی واژووکەری بەیاننامەکەیە، بەڵام بە ڕەچاوکردنی ڕاوێژی لەگەڵ لینین، ڕەنگە ئەو بەیاننامەیە ڕای لینینیش بگرێتەوە. بە هەرحاڵ بەیاننامەکە ئاوا دەڵێ:

## ئاگاداری

بۆ ئۆردووگا و خەڵکی کرۆنشتات و ڕاپەڕیوانی قەڵای سوپا

دەوڵەتی کرێکاران و جوتیاران، بڕیاری وایە کرۆنشتات و هێزی دەریایی ڕاپەڕیوو دەبێ دووبارە و بێ درەنگ خۆیان بدەنە دەست یاسای کۆماری شوراکان. لەبەر ئەوەی من فەرمان دەدەم کە سەرجەمی ئەو کەسانەی دژی سەرزەمینی باوکی سۆسیالیستی هەڵستاون، چەکەکانیان فڕێ بدەنە زەوی، ئەو کەسانەی بەرەنگار دەبنەوەدەبێ لەچەک بکرێن و بدرێنە دەستی دەستەڵاتدارییەکانی شورا. دەست بەجێ کۆمیسار و نوێنەرانی دیکەی دەوڵەت ئازادبکەن. تەنیا ئەو کەسانەی بەبێ مەرج خۆیان دەدەنە دەست، لێبووردنی کۆماری شوراکان دەیانگرێتەوە. بە بڵاوبوونەوەی ئەو ئاگاداریە، فەرمانی ئامادەکردنی کەرەستەی کۆتایی هێنانی چەکدارانە بەو یاخی بوونە دەدەین.

تەواوی بەرپرسیاری ئەو کارەساتانەی بەسەر خەڵکی شاردا هاتوون لە ملی یاخییەکانی گاردە سپییەکانە. ئەوەش دوا ئاگادارکردنەوەیە.[٧٦]

لیۆن ترۆتسکی
٥ی مارسی ١٩٢١

بڵاوبوونەوی ئەو ئاگادارییە، بەشێکی نوێی لە دەفتەری ناکۆکی نێوان خەڵکی کرۆنشتات و دەوڵەت کردەوە. لە ڕاستیدا ئەو ئاگادارییە ڕاگەیاندنی شەڕ بوو. ئەوە دژی داواکارییەکانی کرۆنشتات و ڕاوێژیان و نییەت پاکی دەریاوانان بوو. لەوەش گەڕێ تا دوای ئەوەش لەلایەن زینۆڤیف بە وابەست و نۆکەر باسدەکران. بۆ ناساندنی بیروڕا و بۆ چوونەکانیان دەستەیەکیان ڕەوانەی پێترۆگرادکرد، بە هەرحاڵ (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی) کرۆنشتات دوای ئەوەی ئاگادارییەکەی ترۆتسکی پێ گەیشت، ئەو بەیاننامەی خوارەوەی وەکوو وەڵام دەرکرد:

> نۆیەمین شەپۆلی شۆڕش[16] لە گۆڕەپانیووڵاتدا سەری بەرزکردۆتەوە. دەبێ وەدەرتان بنێین، بە تەواوی زۆرداریتان. بەدگۆیی و درۆ هەڵبەستن و فەسادیتان. هەروەها ئێوە، جەنابی ترۆتسکی، بەخشندەییتان جێگای ڕەزامەندی ئێمە نییە (٧٧)

هاوکات لەگەڵ ئاگادارییەکەی ترۆتسکی لە بەرواری ٥ مارس، بەیاننامەیەکی دیکە لەلایەن کۆمیتەی بەرگری پێترۆگرادەوە ئامادە کرا و بە فڕۆکە لەسەر کرۆنشتات فڕێدرایە خوارەوە. ناوەرۆکی بەیاننامەکە ئاوا بوو:

> لەماوەی ٢٤ کاتژمێری داهاتوو دا خۆتان بدەنە دەست یان وەکوو کەو بە گولە دەسپێردرێن(٧٨)

ناوەرۆکی ئەو بەیاننامەیە کارێکی خراپی کردە سەر پەیوەندییەکان و دەریاوانانی یاخی تر کرد.(٧٩)

دوای بڵاوبوونەوەی هەردوو بەیاننامەکەی ترۆتسکی و کۆمیتەی بەرگری پێترۆگراد ئێما گۆڵدان و ئەلسەندەر بێرکمەن کە دوو لە کەسانی چالاکی ئەنارشیستەکان بوون، ئەو دەمە لە ڕووسیا بەسەریان دەبرد و بە لایەنگیرانی شۆڕش دەژمێردران، لە نامەیەکدا کە بۆ زینۆڤیف ناردیان، تێیدا داوایان کردبوو، کەدستەیەکی ٥ کەسی و دوو لەوانە ئەنارشیست بن، بنێرنە کرۆنشتات تا لە کێشەکە بکۆڵنەوە(٨٠). هەڵبەتە زینۆڤیف وەڵامی ئەو نامەیەی

---

[16] .کاتی تۆفانی دەیا. شەپۆلی نویەم، گەورەترین و بەهێزترین شەپۆلە

نەدایەوە. بەڵام لە بەرواری ٦ مارس لە تەلەگرافێک دا کە بۆ کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی پێشنیاری کرابوو. کە دەستەیەک لە حیزبی بێلایەن ڕەوانەی کرۆنشتات بکەن. کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی لە وەڵامدا ووتی ئەگەر بە چاوەدێری نوێنەرانی کە لەلایەن خەڵکی کرۆنشتاتەوە چەند کەسێک لە پێترۆگرادەوە هەڵبژێردرێن ئێمە ڕازین(٨١). بە هەر حاڵ بەدەست پێکردنی هێرش لە ڕۆژی دواتر، یانی ٧ مارس پرسەکە بە فەرامۆشی سپێردرا



ئێما گۆلدمان[17] و ئەلکسەندەر بەرکمان[18]

ئەگەر بە شێوەیەکی وورد و ڕێکوپێک، سەرنج بدەینە پرۆسەی ڕووداوەکانی نێوان ٢٤ فێبرواری تا ٦ مارس دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامانا. ئارەزوویەکی زۆر لەلایەن خەڵکی کرۆنشتات سەبارەت بە ڕاوێژکردن دەربارەی داواکارییەکان هەبوو، پوختەی ئەو

---

[17] Emma Goldman (1869-1940) لە شاری کاوناس – لیتوانیا لەدایک بووە و لە تۆرۆنتۆ- کەندا کۆچی دوایی کردووە. ئەندامێکی چالاکی ئەنارشیست بووە. ووتاربێژێکی ڕەوان و نووسەرێکی سیاسی بوو.

[18] Alexander Berkman (1870-1936) لەدایک بووی شاری ڤیلنووس- لیتوانیا. بەدرێژایی ژیانی لە هەڵاتن بووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چالاکییەکانی. لە ساڵی ١٨٨٨ وەک پەنابەر بەرەو ئەمەریکا هەڵات تا ساڵی ١٩١٩ لە ئەمەریکا بۆ ڕووسیا دیپرۆرتکرایەوە. لە ماوی ٣١ ساڵی ئەمەریکا نیوەی لە بەندیخانە بەسەر بردووە. دوای دووساڵ لە ڕووسیا واتە ١٩٢١ جارێکی تر دەربەدەر بووەوە لە شارەکانی ڕیگا، شتۆکهۆلم، بەرلین، پاریش و دواترین وێستگەی ژیانی لە شاری نیس- فەرەنسا کۆچی دوایی کرد.

داواکاریانەش دەتوانرێ لە ناردنی ئەو دوو دەستەی نوێنەران بۆ پیترۆگراد و چۆنییەتی ڕازی بوونیان بە تەکەگرافی زینۆڤیف بەدی بکرێ. بەپێی ئەو بەڵگەنامە و شایەتیانەی کە هەن دیاردەکەوێ کە بۆلشەڤیکەکان نەک تەنیا نیازی ڕاوێژیان لەگەڵ دەریاوانان نەبوو، بەڵکوو ئەو کاتەی چاویان بە بڕیارنامەی دەیاوانان کەوت مەبەستی سەرکوت و تارومارکردنیان بە خەیاڵدا هات. بە هەمان شێوە و بە ئاسانی ئەو پرسە لە بەیاننامەکانی زینۆڤیف، لە بەرواری ٢ و ٥ مارس و هەروەها ترۆتسکی لە بەرواری ٥ مارس دەبینرێ.

هەرچۆنی بێ بۆلشەڤیکەکان هەستیان بە جۆرە ترسێک کردبوو و بۆ ئەوەی ڕێگا لە بڵاو بوونەوەی یان هاوکاری خەڵکی تریش بگرن، ئامادە بوون بە توندو تیژییەکی بێ هاوتا هاواری ڕاستی خەڵکی کرۆنشتات لە قوڕگدا خەفە بکەن.

## سەرەتای هێرش

ترۆتسکی لە دوا ئاگادارییەکەی خۆی لە ٥ مارس گوتبووی کە مۆڵەتی ٢٤ کاتژمێر(لە ڕۆژی دوایی دا ٢٤ کاتژمێری تر درێژکرایەوە) دەبێ خۆیان بدەنە دەست. هەر لەو کاتەدا چالاکییەکانی ئامادەکردنی کەرەستە و ڕێکخستنی هێرش دەستی پێکرد.

هەرچەندە لە ڕاستیدا دەستی پێکردبوو. فەرماندەی ئۆردووگای پیترۆگراد (تۆخاچۆفسکی) بە بەرپرسیاری سەرکوتکردنی کرۆنشتات هەڵبژێردرابوو، توخاچۆفسکی یەکێک بوو لە ژەنراڵەکانی تزاری و لە دواییدا تۆبەی کرد و خۆی گەیاندە بۆلشەڤیکەکان. ئەو یەکێک بوو لە ئازاترین ئەفسەرانی سوپای تزار، بە جۆرێ کە تەمەنی ٢٧ ساڵ بوو گیشتە پلەی ژەنڕاڵ.

هەروەها ڕۆلێکی چالاکانەی لە ڕۆژانی شەڕی ناوخۆ و سەرکوتکردنی هاوکارانی ڕابردووی خۆی بینی.[٨٢]

سەرئەنجام ئاگاداری ٤٨ کاتژمێری ترۆتسکی کۆتایی هات. بەخشندەیی ترۆتسکی بە بەر دەریاوانان نەکەوت. دەوڵەت بە ٦٠ هەزار کەس لە هێزەکانی خۆی کرۆنشتاتی گەمارۆدا [٨٣]. لە دوو بەرەوە هێزەکانی خۆی دامەزراند. لە کۆتاییدا لە بەرواری ٧ مارس لە کاتژمێری حەوتی چارەکێک کەم (٦،٤٥) هێرشێکی بەرفراوان لە بەرەی باکوورەوە دژی دەریاوانان کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی ١٥ هەزار کەس [٨٤]، دەستی پێکرد، دوا بەدوای ئەوان فڕۆکەکانی سوپای سوور لەسەر شاری کرۆنشتات دەستیان بە سووڕانەوە کرد [٨٥]، لەبەر نزیکی کرۆنشتات لە پێترۆگرادوە دەنگی بۆمبارانی شار دەگەیشتە گوێ. بە شێوەیەک بێرکمەن لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ:

> ڕۆژان شێلکی پەی دەر پەی تۆپ، ڕۆژانی دەرد. دڵم لە بێ هیوایی و ڕەشبینی، هەستی تێدا نەماوە. شتێ لە دەروونی مندا مرد. خەڵکی لە جادەکان بە خەم، گێژ و دڵتەزیو دەهاتنە بەرچاو. هیچ کەس متمانەی بە قسەوباس تەنانەت لەگەڵ خۆشیدا نییە. شریق وهۆڕی شێلکەی تەقینی چەک ئاسمان شەق دەکا.[٨٦]

دوا بەدوای بۆمبارانی کرۆنشتات بە فرۆکەی سوپای سوور، ڕۆژی دواتر یانی ٨ مارس هێزەکانی زەوی لە ستوونە جۆربەجۆرەکان بۆ داگیرکردنی بەندەری کرۆنشتات کشان، بەڵام لەوێ بەهۆی ڕۆیشتنیان لەسەر سەهۆڵ[19] توانای خۆ پەنادانیان نەبوو و نەشیان دەویست سەهۆڵ بشکێنن. هەروەها نەشیان دەتوانی سوود لە هێزی تۆپی پشتیوانە وەربگرن. هاوکات لەلایەن بەرگری کەرانی کرۆنشتاتەوە بەسەختی کەوتنە بەر هێرش. بە سەدان کەس گیانی لە دەستدا، بەبێ ئەوەی بتوانن نزیکی سەنگەرەکانی کرۆنشتاتیش بکەون.[٨٧]

ئەو شکانە تەواو لەگەل بۆچوونی دەوڵەت ناکۆک بوو. ئەوان چاوەڕوان بوون بە یەکەمین هێرش دەریاوانان خۆیان بدەنە دەست یا تەواو شکەستیان پێ بخۆن. ناوەرۆکی ئەو

---

[19] .هەروکوو پێشتر باسکرا، کەنداوی فینلەندا لە مانگی نۆڤێمبەر تا کۆتایی مارس یا سەرەتای ئەپریل بەستوویەتی

بۆچوونەش بە سادەیی لە ووتاری لینین بۆ کۆنگرەی نۆیەمی حیزب لە بەرواری ٨ مارس دەردەکەوێ، کە بەم شێوەیە درکاندی:

> من هێشتا دوا هەواڵم سەبارەت بە کرۆنشتات پێ نەگەییوە، بەڵام گومانم لەوە دانییە، کە ئەو ڕاپەڕینە ژەنراڵەکانی گاردی سپی لە پشتن. ئەگەر نا لە ماوەی چەند کاتژمێری دیکە، لەماوەی چەند ڕۆژی داهاتوو تار و مار دەکرێ (٨٨)

لە هەر ڕوویێکەوە دوای خراپ شکانی سوپای سوور لە ٨ مارس، خۆ هەڵکێشانەکان پووچەڵ بوونەوە. کامینۆف لە ٩ مارس لە ووتاری خۆی بۆ کۆنگرەی نۆیەم ئاوها دەڵێ:

> هەڵومەرجی سوپایی لە کرۆنشتات، لەوە زیاترە کە هەرکەس بیری لێ دەکردەوە. درێژە دەکێشێ. بە ئانجام گەیینی تارومارکردنی ڕاپەڕین لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوو ناتوانرێ جێ بەجێ بکرێ (٨٩)

دوا بە دوای کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازان کە لە بنچینەدا ئارەزووی شەڕکردنییان لە دەروونیدا نەبوو. دوای ڕووداوی ٨ مارس، هەندێ لە ستوونەکانی سوپا لە دووبارە هاوبەشی سەرکوتکردن خۆیان لادەدا. داوایان کرد، دەستەیەک بنێرنە کرۆنشتات تا لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵکی دەربارەی داواکارییەکانیان بدوێن. تا بگرە هەندێ لەو سەربازانەی کە نێردرابوونە سەر کرۆنشتات دەستیان بە نامە گۆڕینەوە کرد.(٩٠)

توندی نارەزایی گەیشتبووە ئاستێک کە توخاچفسکی داوای لە ترۆتسکی کرد، تا دەست بە ڕێکخستنەوەی دووبارەی هێزەکان بکەنەوە، هەندێکیان پاکتاوکردن و تا بگرە چەندین کەس بە بیانۆی سەرپێچی لە فەرمانەکانی سوپا لە سێدارە دران.

ترۆتسکی تاکتیکێکی تری سەرنج ڕاکێشی بۆ بەهێزکردنی ڕیزەکانی سوپا گرتە بەر. ژمارەیەکی زۆری لە سەربازانی سەر بە بەشی ئاسیا بۆ بنکەکان گواستەوە. ئەو سەربازانە بە شێوەی ئاسایی پلەی هوشیارییان زۆر نزم بوو، و دووەم بە تەواوی لە ڕووداوەکە بێ ئاگابوون. (ئەو شتانەی سەبارەت بە پرسی دەریاوانان، بەوان گوترابوو هەمووی درۆ بوو) بۆ سەرکوتکردن و کوشتار باشتر و بە تواناتر بوون.

تاکتیکی دیکەی کە توخاچفسکی و ترۆتسکی گرتبوویانە بەر، گواستنەوەی بۆمبی کیمیاوی بوو، لە ئۆردووگای پێترۆگراد بۆ بەرەکانی شەڕ [٩١]. تا ئەگەر گواستنەوەی ئەو بۆمبانە بۆ بەکارهێنانیش نەبوو، کە بوو، مەبەست ترساندنی دانیشتوانی کرۆنشتات بوو. ئەوەش شێوەیەکی تری پێشێل کردن بوو. لە پرۆسەی دووبارە ڕێکخستنەوەی سوپا بۆ هێرشی نوێی دەوڵەت، دووبارە سوودی لە هێزی ئاسمانی بۆ بۆمبارانی کرۆنشتات وەرگرت. هەڵبەتە دەریاوانان بە خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەک لە ڕۆژی ١٢ مارس وەڵامێکی (ددان شکێن) ڕەقی دەوڵەتییان دایەوە.[٩٢]

لەو کاتەی کرۆنشتات کەوتبووە نێو گەمارۆی تەواوی هێزەکانی سوپا، توانای وەدەست هێنانی کەرەستەی بژێوی نەبوو. ئەو خۆراکەی کە خەڵکی هەیانبوو بە خێرایی ڕووی لە کەمی دابوو. هەر لە ڕۆژی یەکەمی دەرگیری دا، خەڵکی بەرنامەیەکیان بۆ خواردن دانابوو، بەڵام لە ١٥ مارس تەواوی ئارد و نان و کەرەستەی تری خواردن تەواو بوو بوو. ئەوەی کە لەبەر دەست دا هەبوو تەنیا چەند خۆراکی قوتوو بوو. بێ خۆراکی و کەمی کەرەستەی سوتان و بێ خەوی، نەبوونی جلوبەرگ و پێڵاوی زستانە، کەمی هێز بە بەراورد لەگەڵ سوپای سوور. هەموو شتێ دەست لە دەست پێکەوە لە توانای سەربازی دەریاوانانی کەم کردبووەوە.[٩٤]

سەرئەنجام، سوپای نوێ ڕێکخرایەوە. سەرەتاکانی هێرشی نوێ ئامادەکرا ٥٠ هەزار کەس لەو هێرشەدا، لەلایەن سوپای سوورەوە بەشدار بوو[٩٥]. بەرامبەر ١٥ هەزار کەسی کرۆنشتات.

لە کاتژمێری ٢ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٦ مارس، هێزەکانی وشکانی و فرۆکە، هێرشی ڕێکوپێکیان دەست پێکرد. دوای کوژران و بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازان، گەیشتنە شار. خەڵکی کرۆنشتات ژن و پیاو شەقام بە شەقام، خانوو بە خانوو بە دڵ و بە گیان بەرگرییان لە ئابڕووی خۆیان دەکرد. لە ئەنجامدا توانای بەرگرییان لە دەست دا و لە کاتژمێری ٢ی ڕۆژی ١٧ مارس قەڵای پتەوی کرۆنشتات گیرا.[٩٦]
هێزەکانی سوپا، سەرجەم شوێنە ستراتیژییەکانی شاریان خستە ژێر کۆنترۆلی خۆیان

# هەڵکردنی ئاڵای بۆلشەڤیک

لەو بەشەدا هەوڵدەدەین لە بارو دۆخی خەڵکی، بەتایبەتی دەریاوانان دوای داگیرکردنی شار لەلایەن هێزەکانی دەوڵەت بکۆڵینەوە.

دوای ئەوەی هێزەکانی دەوڵەت هاتنە ناو شار و شوێنە گرنگەکانی شاریان لە ڕۆژی ١٧ مارس داگیرکردن، بنکەی حیزب لە شار نامەیەکی بە بۆنەی شکەست خواردنی ڕاپەڕینی کرۆنشتات بۆ (کۆمیتەی بەرگری پێترۆگراد) نارد. دوای ئەوە ڕۆژی دووەم واتە ١٨ مارس قەڵا و هێزەکانی دەریاش کەوتنە ژێر دەستی دەوڵەت.[٩٧]

هەڵبەتە بەشێوەیەکی کەم تا زۆر لە هەندێ شوێنی شار، خەڵکی خویان نەدەدایە دەست و بەرگری مێژوویی خۆیان دژی دەوڵەت هەر دەکرد، بەڵام لە بەر تەنگانەی لە ئەندازە بەدەر یان دەکوژران یانیش دەستگیر دەکران، یانیش خۆیان دەدایە دەست. لە ڕاستی دا ئەگەرچی شکەستەکە لە ڕۆژی ١٥ مارس بوو، کەچی تا ڕۆژی ٢١ مارس هێزەکانی دەوڵەت نەیانتوانی دەستەڵاتی خۆیان لە سەرجەمی گۆشەکانی شار بچەسپێنن.

بەگشتی لەو شەڕە نا بەرابەرەدا زیانێکی زۆر لە هێزەکانی دەوڵەت کەوت. بەپێی ئاماری فەرمی دەوڵەت نزیکەی ٧٠٠ کەس گیانیان لەدەست داو ٢٥٠٠ کەسیش بریندار بوو. هەڵبەتە لەبەر گەرمی شەڕ ناتوانرا ژمارەکان بە ووردی بێ بە جۆرێ یەکێک لە بەشدارانی شەڕ ژمارەی کوژراو و بریندار پێکەوە بە نزیکەی ٢٥ هەزار کەس مەزەندە دەکا. ڕەنگە ئەوەش زێدەڕۆیی تیدابێ. نزیکترین ژمارە بە ڕاست دەتوانرێ لەلایەن کۆنسوڵی ئەمریکا لە ڕووسیا بزانرێ. ئەو ژمارەی بریندار و کوژراوان بە گشتی بە نزیکەی ١٠ هەزار کەس دادەنێ. سەبارەت بە زیانی خەڵکی کرۆنشتات ئامارێکی وورد لەبەر دەست دانییە، ژمارەی متمانە پێکراویش تا ئێستا نادیارە. بەپێی چەند ڕوونکردنەوەیەک نزیکەی هەزار کەس بریندار

و ٦٠٠ کەسیش گیانیان لە دەست داوە [٩٨]. لە هەر ڕوێکەوە ژمارەی زیانی هەردوو لا بە ئەندازەیەکی وا زۆر بووە، کە دوای کۆتایی شەڕ دەوڵەتی فینەلاندا داوای لە مۆسکۆ کرد، کە لاشەی کوژراوەکان لە کەنداوی فینلاندا کۆبکەنەوە، لەبەر ئەوەی ترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ترسناکی لێدەکرێ.[٩٩]

دوای سەرکەوتنی هێزەکانی دەوڵەت بەسەر خەڵکی کرۆنشتات بە تایبەتی دەریاوانان، نزیکەی ٨ هەزار کەس بە ٢٥٠٠ چەکەوە هەڵاتن و چوونە ناو خاکی فینلەندا. لە ناو ئەوانەدا ١١ کەسیان ئەندامانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی بوون. دەوڵەتی فینلەندا هەڵاتووەکانی لە ئۆردووگای پەنابەران دانا. هەندێک لەوانە توانیان کارێک هەڵبژێرن، بەڵام زۆرترینی هەڵاتووەکان بە یارمەتی بەردەوامی (خاچی سوور) ی ئەمەریکا و بەریتانی دەژیان. دوای ماوەیەک دەوڵەتی ڕووسیا داوای گەڕاندنەوەی هەڵاتووەکانی کردەوە و وای ڕاگەیاند کە بە گەڕانەوەیان بۆ ڕووسیا لێیان دەبووردرێ. دوای هەواڵی ئەو ڕاگەیاندنە زۆر لە هەڵاتووەکان گەڕانەوە ڕووسیا، بەڵام نەک تەنیا لێبووردن نەیگرتنەوە، بەڵکوو دەستگیرکران و ڕەوانەی ئۆردووگای زۆرەملێ کران.[١٠٠]

دوای ئەوەی ڕۆژنامەی (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی) لە بڵاوکردنەوە وەستا، ڕۆژنامەیەکی نوێ لە ژێر ناوی (کرۆنشتاتی سوور) بڵاوکرایەوە. هەروەها ناوی هەردوو ستوونی هێزی دەریایی (مارات) و (کۆمونی پاریس) گۆڕدران. مەیدانی (لەنگەر)یش کرایە (مەیدانی شۆڕش)، کاتی کە گفتوگۆ لە سەر کۆمیوونی پاریس کرا، پەنجە بۆشتی سەبارەت بەو بابەتەوە ڕاکێشان بێ سوود نابێ. لە بەرواری ١٨ مارس لە پێترۆگرادیش ئاهەنگی سەرکەوتنی ئەو ڕووداوەی گێڕدرا و ڕۆژنامەی پێترۆگرادیش نووسینێکی بە ناونیشانێکی گەورە بۆ ئەو مەسەلەیە نووسی. هەر لەم بارەوە بێرکمەن لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی دا ئاوا دەنووسێ:

> سەرکەوتووەکان، بۆ پیرۆزکردنی سەری ساڵی کۆمیوونی ١٨٧١ ئاهەنگ دەگێڕن. ترۆتسکی و زینۆڤیف. تێرز و گالیفت بە کوشتاری شۆڕشگێڕانی پاریس تاوانبار دەکەن.[١٠١]

## نمدار چۆن نم دەگێڕێتەوە

لە بارەی دەستگیرکراوەکانیش، دوای داگیرکردنی شار، هێزەکانی دەوڵەت نزیکەی ٢ هەزار کەسیان گرت. لە ناو ئەوانەدا بە درۆ ناوی ١٣ کەسیان بە ڕێبەرانی ڕاپەڕین ڕاگەیاند. ئەوانەش بریتی بوون لە ٥ ئەفسەری کۆنی سەردەمی تزار، ١ قەشە و ٧ لادێی. مەبەستی دەوڵەت لە ڕاگەیاندنی ناوی ئەو کەسانە، زەمینە خۆشکردن بوو بۆ چەسپاندنی مۆری دژە شۆڕش بە نێوچەوانی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕی کرۆنشتات. بە هەر حاڵ لە ڕۆژی ٢٠ مارس ئەو ١٣ کەسە لە سێدارە دران. لەناو دەستگیرکراوەکانی تر، چەند سەد کەسێ بەیەک جار لە سێدارە دران. ئەوانەی مانەوەش یان ڕەوانەی بەندیخانەی پێترۆگراد کران، کە دەستە دەستەی بچووک لە سێدارە دران یان ڕەوانەی (ئۆردووگای زۆرەملێ) کران. ئەوانەش لە هەر ڕوویەکەوە دووچاری مەرگێکی لەسەرەخۆ بوون.[١٠٢] ئەوەی جێگەی سەرنج ڕاکێشانە، هیچ یەکێک لەوانەی لە سێدارە دران. جا چی ئەوانەی بە فەرمی لە سێدارە دران یان بە دزی و تابگرە دەستگیرکراوەکانیش، هیچ کاتێک نەدرانە دادگا، (خەڵکی هوشیار) لە جێی خەلکی بڕیار دەدا.

## پرۆگرامی دەریاوانان و بەرپاکردنی شۆڕش

لەو بەشەدا دەمانەوێ لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەن سەبارەت بە پرۆگرام و داواکارییەکانی دەریاوانان، بە شێوەیەکی گشتی و بزووتنەوەی کرۆنشتات لە ڕوویێکی دیکەوە بکەین. سەرەڕای ئەوە چاوێکیش بە تێکۆشانی ئەوان بۆ فراوانکردنی ڕاپەڕینەکەیان و دروستکردنی بزووتنەوەی تری کرێکاران و زەحمەتکێشان دا بخشێنن. هەر بەو شێوەی لەمەوبەر پەنجەمان لەسەردانا، بڕیارنامەی دەریاوانان لە کۆبوونەوەی ١ مارس، لەلایەن سەرجەمی

خەڵکی شار پەسەندکرا. ئەوەش خۆی بەڵگەیە بۆ ئەوەی پرۆگرامەکە، بە پرۆگرامێکی سیاسی _ کۆمەڵایەتی ئەو ڕاپەڕینە بژمێردرێ.

لە ناو هەر ١٥ داواکارییەکانی ڕاپەڕینی کرۆنشتات، ئێمە دەتوانین خاڵە گرنگەکانی دەربهێنین. بۆ نموونە داواکاری ١٤ هەم، سەبارەت بە کۆنترۆڵی کرێکاری. لەڕاستی دا ئەوە بەردەوامی داواکارییەک بوو، کە کرێکارانی ڕووسیا لە ١٩١٧ بە دواوە لەسەر جێ بەجێ کردنی سووربوون. بەڵام ئەوەی جێگای ڕاوێژ و کلیلی هەرە گرنگی داواکارییەکان بوو، خاڵی یازدەم بوو. لەم خاڵەدا، داوایان دەکرد، کە کۆنترۆڵی تەواو لەسەر زەوی جوتیاران دابنرێ. ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی یەک مەرج، ئەویش تا بۆ سوود لە زەوی وەرگرتن کەسێکی دی بە خزمەتکار نەگرن. ڕەنگە هەندێ کەس پێیان وابێ ئەو داواکارییە سۆسیالیستی نەبووە و هەر ئەوەیە کە کشتوکاڵ بە شێوەی هەرەوەزی بێ. ئەوەش هەڵەیە، بەڵکوو خاڵی گرنگ لێرەدایە، ئایا ئێمە لێکۆڵینەوەی درووشم و ڕاوێژە مارکسیستەکان تەنیا لە چوارچێوەی (تیوری) دەکەین یان نا. بە پلەی یەکەم لە هەر هەلومەرجێکی دیار و تایبەتمەندییەکانی ئەو ژینگەیە دەکۆڵینەوە، هەوڵدەدەین سیاسەتێکی ڕیالیستی زانستیانەی (مارکسیستی) پیادە بکەین. لە هەلومەرجی ڕووسیادا. سەرجەمی هەڵە سیاسییەکانی بۆلشەڤیکەکان، سەبارەت بە پرسی کشتوکاڵ و جوتیاران بوو. بە زۆرەملێ کردنی کاری هەرەوەزی ، بە زۆرەملێ کردنی تۆمارکردنی دانەوێڵە، نەک تەنیا توانای دابینکردنی پێویستییەکانی بژێوی خەڵکیان نەبوو، بەڵکوو ڕێژەی بەرهەمی کشتوکاڵ لە کەمی دا (دابەزی). ئەگەر کارەکە بە شێوەیەکی تر کرابایە، تا بگرە بە شێوەی تاکتیکیش بوایە، سەرجەمی سوودگیرییەکان بە جوتیاران بسپێردرابووایە، ئایا ڕێژەی بەرهەم هێنان لەسەدا زیادی نەدەکرد(بەرزنەدەبووەوە)؟

لەلایەکی تر، مەگەر دابەشکردنی زەوی و کۆنترۆلی زەوی بەدەستی جوتیاران دروشمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر نەبوو؟ ئایا ئەو کاتەش هەر هەڵە بوو؟ هەروەک (ئادامێت) دەڵێ چۆن دەبێ ئەو داواکارییە، بە داواکارییەکی دژی شۆڕش بژمێردرێ؟ یان کاتی خستنە ڕووی لە لایەن لێنین شۆڕشگێڕانەیە؟[١٠٣]

ئەو پرسەی کە بەڕاستی مەیدانی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلە، خاڵی نویەمە. لەو خاڵەدا دەریاوانان داوای وەدیهێنانی یەکسانی بۆ هەموو کرێکاران دەکەن. ئەو داواکارییە بە شێوەیەکی ئاسایی ڕەنگە شایەنی لێکۆڵینەوە نەبێ، بەڵام لێکۆڵینەوەکە لەبەر ئەوە گرنگە، ترۆتسکی دوای ١٧ ساڵ یانی ١٩٣٨ دەڵێ:

دەریاوانان داواکاری مافی ڕەوای خۆیان بوون [١٠٤]

ئەگەر ئەو کێشەیە لە ساڵی ١٩١٧ ڕوویدابایە، ڕەنگە خستنە ڕووی ئەو جۆرە ڕاو بۆچوونە، وایلێکردبان کە بەدوای بەڵگە دابگەڕێن بۆ سەرکوتکردنی یان بەلای کەمی دوورخستنەوەی. بەڵام دوای حەقدە ساڵ ئەو دەربڕینە تەنیا دەتوانێ گوزارە لە (بۆچوونی کەسی ترۆتسکی بێ).

یەکێکی دیکە لە داواکاری دەریاوانان، دروستکردنی شووړای ڕاستی (ڕەسەن) بوون. لە ڕاستی دا ئەو دروشمە چەقی خەباتیان بوو. ئەو خاڵە نەک تەنیا لە بڕیارنامەی پەسەندکراوی ١ مارس هاتبوو، بەڵکوو هەمیشە پەنجەیان بۆ ڕادەکێشا. بۆ نموونە لە ووتاری ڕادیۆی هێزی دەریای پێترۆگراد (پێترۆپالوسک) لە بەرواری ٢ مارس ئاوها بلاوکرایەوە:

> ئێمە بۆ دەستەڵاتی شوراکان، نەک حیزبەکان هاتینە مەیدان. بۆ هەلبژاردنی بە ئازادی نوێنەرانی زەحمەتکێشان، شوراکانی کە لەلایەن حیزبی کۆمونیست داگیرکراون، هەمیشە گوێیان بۆ بیستنی داواکاری و نیازەکانی ئێمە کەڕ بووە. تەنیا وەڵامێکی کە لەوانمان وەرگرتووە، شێلکەی گولەبووە [١٠٥]

دروشمی (دەستەڵات بۆ شوراکان نەک حیزبەکان) دروشمێکی بەرجەستە لە خەباتی دەریاوانان وەکو ئەستێرەیەک دەدرەوشایەوە. ئەو دروشمە دەربڕی میکانیزمی بەڕێوەبەرایەتی وڵات بوو، کە ئەوان بە هاوڕێکی لەگەڵ ئەوەدا ڕاپەڕینی مێژوویی خۆیان بەرپاکرد. بە پێچەوانەی هەندێ مێژوونووسی ڕووسی یان تا بگرە ڕۆژئاواییش پێیان وایە کە دروشمی ( شوراکان بەبێ کۆمونیستەکان هیچ کاتێک لەلایەن ڕاپەڕینی کرۆنشتاتەوە

داوا نەکراوە، بەلای کەمی بەڵگەنامەکان وا دەڵێن لەبەر ئەوەی دەریاوانانی کرۆنشتات بزوتنەوەکەیان بۆ بەرگری لە کرێکاران و خەڵکی پێترۆگراد دەست پێکردبوو، هیوایەکی باشیان بە خەباتی کرێکاران هەبوو، هەر سەبارەت بەوەش بوو ٩ هەزار بڵاوکراوەی ڕوونکردنەوەیان لە ڕێی پەیام بەرانی خۆیان ڕەوانەی پێترۆگراد کرد. کەچی هاوڕێک لەگەڵ هەستانی ڕاپەڕینیان، نارەزایی و خۆپیشاندان و مانگرتنی خەڵکی بەرەو ڕووی کزی، دواییش بەیەکجاری خامۆش بوو. هەڵبەتە لەگەڵ بوونی ئەو کزییەشدا هیوای باشیان بە پەیگیری دووبارەی خەبات هەبوو. لەبەر ئەوە دەبینین لە سەرەتای دەستەڵات گرتنەدەست لە کرۆنشتات بە پێچەوانەی ڕاپرسی ڕاوێژکارانی سوپا جولانەوە (کە پێشنیاریان دەکرد بۆ پارێزگاری لە پێگای شار دەبێ بە بۆمب سەهۆڵی دەوروبەری شار بشکێنن. ئەوەش لەبەر دوو هۆ بوو. یەکەم ڕێگایەکیان بۆ گواستنەوەی هێزەکانی دەوڵەت لە پێترۆگرادەوە بۆ کرۆنشتات نەبوو. دووەم هەردوو ستوونی هێزی دەریای، لە پراکتیکدا نە تەنیا بەرچاوی یەکریان گرتبوو، بەڵکوو توانای شەڕو ئاگریان لەبەر نزیکی لەیەکتر لەدەست دابوو) لە ڕاستیدا سیاسەتی چاوەڕوانیان گرتبووە بەر. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تاکە هیوایان بە خەباتی شارەکانی تر هەبوو، بە تایبەتی پێترۆگراد و مۆسکۆ.

بە هەر حاڵ لە ٣ مارس، بۆ بڵاوکردنەوەی پرۆگرامی خۆیان سەبارەت بە بڕیارنامەی ١ مارسیان بۆ ئۆردووگای ئاسمانی (ئاڤرانین بوم) نارد، دەستەیەکی نزیکەی ٢٥٠ کەسییان نارده ئەو ناوچەیە، بەڵام دەریاوانان هەر لە دوورەوە کەوتنە بەر ڕێژنەی گوله (١٠٦)

باشه پرسەکە بەچی گەیی؟ دوا بە دوای گەیشتنی نامەی دەریاوانان، ئەندامانی (ئۆردووگای ئاسمانی هیزی دەریایی) لە (ئاڤرانین بوم) لە کۆبوونەوەیەکی گشتی دا، بە هاوبەشی سەربازان ڕاگیرییان لەسەر پرۆگرامی دەیاوانان کرد و پەسەندیان کرد. هەروەکو کرۆنشتات (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی) یان لە نێوان خۆیان دا بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار هەڵبژارد. دوا بە دوای ئەوە هەواڵی ڕاپەڕینی ئۆردووگای ئاسمانی گەیشتە زینۆڤیف. ئەویش یەکسەر دەستی بە چەکدارکردنی بۆلشەڤیکەکان کرد. چەکی زۆر و جلوبەرگی گەرمی زستانی

و خۆراکی بۆ ڕەوانەکردن. دوای ئەو کارە، لە کاتژمێری ٥ ەوە بە درێژایی ڕۆژی ٣ مارس هێزەکانی دەوڵەت بۆ گەمارۆ و سەرکوتکردنی ئۆردووگای ئاسمانی ئاڤرانین بوم نارد. دوا بە دوای گەمارۆی چەند کاتژمێری، سەرجەمی ئەوانەی ڕایان بۆ پەسەندکردنی بڕیارنامەی دەریاوانان دابوو دەستگیرکرد، دوای لێکۆڵینەوەیەکی چەند کاتژمێری ٤٥ کەسیان لە سێدارەدان، سەرۆکی (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی) یش لەگەڵ لە سێدارە دراوەکان بوو.(١٠٧)

دوا بەدوای شکانی (ئۆردووگای ئاسمانی ئاڤرانین بوم، یەکێ لە هیواکانی دەیاوانان بووە بڵقی سەر ئاو. پاش ئەو ڕووداوە، لەبەر ئەوەی هێشتا هیوایەکی زۆریان بە پێترۆگراد هەبوو، هەلستان بە پڕۆپاگاندەیەکی بەرفراوان سەبارەت بە داواکارییەکانی خۆیان. بەم بۆنەیەوە لە بەرواری ٨ مارس، لەگەڵ ناساندنی ڕاپەڕینی خۆیان وەک بەردەوامی شۆڕشەکانی فێبرواری و ئۆکتۆبەر و دەستپێکەری شۆڕشی سێیەم، لە سەرجەمی زەحمەتکێشانی ڕووسیایان داواکرد کە هاوکاری و یەکییەتی خەبات بن لەگەڵیاندا. سەبارەت بە ڕوونکردنەوی ڕاپەڕینەکەشیان دەڵێن:

> لێرە لە کرۆنشتات، یەکەمین بەردی بناخەی شۆڕشی سێیەم دانراوە. بۆ ئەوەی دوایین زنجیرەی دەستەڵات بۆ جەماوەری کرێکاران گڕ خۆشدەکەین. ڕێگایەکی نوێ بۆ خولقاندنی سۆسیالیستی (١٠٨)

شتێکی تر کە دەیاوانان بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەکەیان دڵیان پێوە بوو، جوتیاران بوون. بە شێوەیەک کە بە نموونە لە ڕۆژنامەی خۆیاندا دەنووسن:

> جوتیارایێ کە بە کۆنگرەی هەشتەمی شوراکانی گوت. هەموو شتێ زۆر باشە. زەوی هی ئێمەیە، بەڵام دانەوێڵە هی ئێوەیە، ئاو هی ئێمەیە، بەڵام ماسی بەشی ئێوەیە، جەنگەڵ هی ئێمەیە، بەڵام دارەکانی بۆ ئێوەن. ڕاستی دەگوت (١٠٩)

له هەر ڕوویێکەوە، ئەگەر لە چالاکییەکانی دەریاوانان دەربارەی فراوان کردنی بەرەکانی شەڕیان دژی بۆلشەڤیکەکان بکۆڵینەوە، دەتوانین بگەینە ئەو سەر ئەنجامە. ئەویش پاژنەی چەقیوی ڕاپەڕینەکە بوون. سەبارەت بەوەی کە دەبووایە چییان بکردایە، ئەوە پرسێکی ترە.

## ڕۆڵی سپییەکان

سەرەڕای ئەوە، دەوڵەت هاوکات لەگەڵ خۆ ئامادەکردن بۆ سەرکوتکردن. بە هەموو توانایەوە خەریکی پڕۆپاگاندە دژی بزووتنەوەی کرۆنشتات بوو. تا لەو ڕێگەیەوە بتوانێ پرسی خەباتی جەماوەر داپۆشێ و زەمینەی گونجاو بۆ ئاڕاستەی سەرکوتکەرانە لە مێشکی خەڵکی دا دروستکا.

ڕاستی ئەو پڕۆپاگاندەیە گوایە:

یەکەم ئەو بزووتنەوەیە لە ژێر کاریگەری ئێس.ئاڕەکان، مەنشەڤیکەکان و ئەنارشیستەکان دایە.

دووەم ئەوە بە هۆی ژەنراڵەکانی تزاری، بە یارمەتی سپییە کۆچکردووەکانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی فەرەنسا و بەریتانیا، پشتیوانی و ئاڕاستە دەکرێن و ئامانجی دەریاوانانیش جگە لە هێنانەوەی دووبارەی دەستەڵاتی میری تزاری بەولاوە هیچی تر نییە.

یەکەمین هەنگاوی ئەو ڕەفتارەش لە بەرواری ٢ مارس کەوتە کار، (شورای کار و بەرگری) ڕاگەیاندنێکی سەبارەت بە بڕیارنامەی کرۆنشتات دەرکرد.(بەڵگەی لە سەدا

سەدی ئێس.ئاڕەکانە و هەروەها ژەنەڕال کۆزلۆفسکی سەرۆکی گشتی ڕاپەڕینەکەیە، هەروەها دەبێ ئەو لە پلە و پایەی دابەزێ) (١١٠)

ژەنڕال کۆزلۆفسکی یەکێک لە ئەفسەرە بەرزەکانی سوپای تزار بوو، لەلایەن بۆلشەڤیکەکان لەژێر ناوی ( پسپۆری سوپایی) هاتە ناو سوپای سوور، بە سەرۆکی تۆپخانەی کرۆنشتات هەڵبژێردرا. لە بەر خزمەتی باش و بە وەفایی لە ٢٠ ئۆکتۆبەر ١٩٢٠ لەلایەن فەرماندەی گشتی هێزەکانی بەلتیک (ڕاسکۆلینکۆف) کاتژمێرێکی خەڵات کرا. (١١١) بەڵام دوای ئەوەی (کۆمیتەی شۆڕشگێری کاتی) دەستەڵاتی گرتە دەست، ئەو هیچ ڕۆڵێکی لە کاروباری سەرۆکایەتی بزووتنەوە پێ نەدرا. لە ڕاستیدا هاوبەشی ئەو زۆر کەم بوو، تەنانەت لەوەش کەمتر بوو کە ناوی ببەیت، جا چ بگاتە سەرۆکایەتی.

وەک لە پێشدا باسمان کرد، پرۆپاگاندەی دەوڵەت دژی بزووتنەوەی دەریاوانان کە گوایە لەلایەن ژەنڕاڵەکانی تزاری و دەوڵەتە بیانییەکان پاڵپشتی و ئاڕاستە دەکرێن. و لە بنچینەدا جەماوەر نەک لەبەر ناڕەزایی هەڵومەرجی دەروونی دەرەوەی دەستەڵاتدارییەتی ڕاپەڕیوە، بەڵکو لەلایەن سپییەکان و دەوڵەتانی بیانی هاندراون و پشتیوانی دەکرێن.

لەو بارەوە لە ٨ مارس لینین گوتی

> لە پشت ئەو ڕاپەڕینە، دەتوانرێ بوونی ئاشنایانەی گاردە سپییەکان ببینرێ. بە لەبەرچاوگرتنی نووسینەکانی ڕۆژنامەی (لومتن) و (ئاکو دو پاریس)، تەواو ڕوونە کە ئەوە کاری ئێس.ئاڕەکان و گاردە سپییە دەربەدەرەکانە (١١٢)

سەبارەت بەو ڕۆژنامانەی کە لینین بە هۆی نووسینەکانیانەوە ڕاپەڕینی دەریاوانانی بە دەرەوە دەبەستەوە یان سپییە ئاوارەکان و ئێس. ئاڕەکان ئەو بزووتنەوەیان بەرپا کردووە، بەو جۆرەیە.

ڕۆژنامەی (لو متن) لە ١٣ و ١٤ فیبروری، ئاکۆ دە پاریس لە ١٤ فیبرواری١٩٢١ و دوای ئەوانیش نیویۆرک تایمز لە ١٤ مارس لە چمکی نووسینەکانیان دا ڕایانگەیاندبوو کە

دەریاوانان، نوێنەری خۆیان بۆ مۆسکۆ ڕەوانەکردووە، یا تا بگرە پێترۆگرادیان داگیرکردووە. لە ڕاستیدا ئەوە کارێک بوو لەگەڵ بزووتنەوەی داریاوانان نەدەهاتەوە. بەڵام بە لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکان، بە ئاسانی دەتوانین، لەوە تێبگەین کە هیچ یەک لەو کارانە نەکراوە. نە نوێنەر بۆ مۆسکۆ ڕەوانەکراوە و نە پێترۆگرادیش داگیرکراوە. ئەوەش وەک مەتەڵێک وابوو کە هیچ کام لە داڕێژەرانی بزووتنەوەی دەریاوانان نەیاندەزانی چی بوو؟! گرێدانی هەر بزووتنەوەیەکی نارەزایی بە دەوڵەتانی بیانی یان میری ڕابردوو، سادەترین شێوەی پرۆپاگاندەیە کە دەستەڵاتدارانی هەر کۆمەڵگەیەک سوودی لێوەردەگرن. بەڵام ئەگەر ئێمە باوەڕمان وابێ کە ٢٥ ملیۆن کرێکار لە پۆلۆنیا (کە ئەندامی سۆلیدارنۆشن)، کاری ئیمپریالیستەکانە یان کاری جاسووسانی ڕۆژ ئاوایە لە پۆلۆنیا. ئەگەر وابێ دەتوانین بەوەش ڕازی بین کە ڕاپەڕینی کرۆنشتاتیش کاری بیانیان بووە، بە قسەی دەریاوانان خۆیان، ئەگەر ڕاپەڕینی ئێمە لە پاریس دروستکراوە، کەواتە دەبێ مانگیش لە بەرلین دروستکرابێ. [١١٣]

بەڵام ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە ئاوارە سپییەکان، تەقەللایەکی زۆریان دا بۆ ئەوەی بتوانن چەند دەرمان و خۆراک و شتی تر ڕەوانەی کرۆنشتات بکەن. بەڵام تەنانەت یەک پاکەتی بچووکیش نەگەیشتە کرۆنشتات. ئەوان شکەستییان خوارد و هیچ جۆرە یارمەتییەکی دەرەوە لەلایەن هیچ گرووپێک، یان دەوڵەتێک یان ڕێکخراوێک نەگەیشتە دەستی دەریاوانان. ئەوەش بە شایەتی بۆلشەڤیکەکان خۆیان.[١١٤] هەڵبەتە گرێدانی دەریاوانان بە دەوڵەتە بیانییەکان، یان سپییەکان تەنیا کاری لینین یان ترۆتسکی نەبوو، بەڵکوو بۆخارینیش لە کۆنگرەی سێیەمی کۆمێنتێرن لە ژونی ١٩٢١ دا گوتی کە ئەو بزووتنەوەیە لەلایەن سپییەکانەوە نەخشەی بۆ کێشراوە. ئەو ڕاپەڕینەش کاردانەوەی ووردە بورژوازییە بەرامبەری سیستەمی ئابووری سۆسیالیستی.[١١٥]

سەبارەت بە شانۆگەری تۆمەتیش بە دەریاوانان، لینین لە گفتوگۆی لەگەڵ پەیامنێری (هارالد تریبیۆن) دا ڕایگەیاند کە هەندێ خۆفرۆش یان دەبەنگ لە کرۆنشتات، باسی ئەنجومەنی نوێنەران دەکەن.[١١٦]

ئەوەش خۆی لە خۆیدا تۆمەتێکی بێ بنچینە و درۆ بوو، کە لەلایەن لێنینەوە بۆ ڕاپەڕینی کرۆنشتات هەڵبەسترابوو. بۆ بەر پەرچ دانەوەی ئەو تۆمەتە لە بەرواری ١٣ مارس نوێنەری ڤیکتۆر چرنیف سەرۆکی ئەنجومەنی دامەزرێنەران هاتە کرۆنشتات و ڕایگەیاند کە لە بەرامبەر بەرگری ئەوان لە ئەنجومەنی دامەزرێنەران و بانگهێژی چرنیف بۆ کرۆنشتات، ئەوان ئامادەن یارمەتییان چی لە ڕووی سەربازی و چی لە ڕووی خۆراک بگەیێنێ، بەڵام کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی ئەو پێشنیارەی ڕەتکردەوە. (١١٧) لەوەش سەیرتر ئەوەیە دوای داگیرکردنی کرۆنشتات، لەلایەن هێزەکانی دەوڵەت، پەیامنێرێک لە دەستەیەک لەوانەی کە لە کرۆنشتات مابوونەوە دەپرسێ، بۆچی ئێوە داوای ئەنجومەنی دامەزرێنەرانتان نەدەکرد. یەکێک لە وەڵامدا ووتی:

> لەبەر ئەوەی ئێمە دەمانەوێ، بەڕێوەبەرایەتی ڕاستی کرێکاران و جوتیاران بێ. ئەوەش تەنیا لە ڕێگای شوراکانەوە مەیسەر دەبێ (١١٨)

با قسەکانمان کورت کەینەوە، ئەو تۆمەتانەی کە دەوڵەت دەیدانە پاڵ دەریاوانان، بە هەمان ئەندازەی تۆمەتەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییە بەرامبەر خەباتی کوردان. (١١٩)

بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی پرسی کرۆنشتات و پەیوەندی بە سپییەکانەوە، بەشێک لەو تێکستەی کە لە بەرواری ٤ مارس لە ڕۆژنامەی خۆیاندا بڵاوکراوەتەوە، وەک خۆی دەنووسینەوە:

## بەڕێزان و هاوڕێیان[20]

> هاوڕێیان، لەو پێشوازییەتان بۆ سەرکەوتنی گەورە و بەبێ خوێنڕێژی بەرامبەر کۆمونیستەکان وەدەستتان هێناوە، تەنیا نین. دوژمنانی ئێوەش لە گەڵتاندا ئاهەنگ دەگێڕن. بەڵام هۆی دڵخۆشی ئێوە لەگەڵ هی ئەوان تەواو جیاوازە.

[20] لە هەر شوێنێ کە ناوی کۆمونیست هاتووە، مەبەست دەوڵەتە.

بزووتنەوەی ئێوە، سرووشی لەو هیوایە وەرگرتووە کە خۆی لە دامەزراندنی دەسـتەڵاتی ڕاسـتی شوراکان دا نیشان دەدا. لە ئارەزووی باش، کە داواکاری کاری ئازادن بۆ کرێکاران و کۆنترۆل لەسەر زەوی و بەرهەمی جوتیاران. بەڵام ئەوان (دوژمنان) لە خەیاڵی دامەزراندنی شەللاقی تزاری و ئیمتیازی تایبەتی ژەنراڵەکانیان دان.

ئەوان هاوسەفەری ئێوە نین، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندییەکانتان جیاوازن. ئێوە داواکاری لابردنی دەسـتەڵاتی کۆمونیستەکانن بۆ بنیاتنانی داهێنانی کار. ئەوان داواکاری خستنی دەسـتەڵاتدارانن بۆ دووبارە بە کۆیلە کردنەوەی کرێکاران و جوتیاران. ئێوە لە تێکۆشان بۆ ئازادی دان و ئەوان بۆ لە زنجیرکێشانی پێی ئێوە تێدەکۆشن. وورد لێ ڕامینن، ڕێگە نەدەن گورگ لە پێستی مەڕدا ، خۆیان بخزێننە کورسی دەستەڵات.

## ئۆپۆزسیۆنی ناوەوەی وولات

یەکێک لە تاوانە گرنگەکانی دەریاوانان، ئەوە بوو گوایە پەیوەندییان بە ئۆپۆزسیۆنی ناوەوەی وڵاتەوە هەبوو، ئەوەش ئەگەر گەورەترین گوناح نەبوایە، ئەوە هەڵەیەک بوو کە هەرگیز لێی نە بووردرێ. چونکە لەلای تۆتالیتاری پەیوەندیش مۆنۆپۆلکراوە و شکاندنیشی گوناهێکی گەورەیە. هاندانی جەماوەر و ڕێکخستن و تا بگرە بەرنامەی دەریاوانانیش بە ئۆپۆزسیۆن دادەنرا، لە بەرئەوەی چالاکی قەدەخە بوو. سەیرتر لەوەش ئەوە بوو هەموویان خۆیان بە بەرپرسیار دادەنا. لە باڵی چەپی ئێس. ئارەکان، ئەنارشیستەکان، باڵی ڕاستی ئێس. ئارەکان و تا بگرە مەنشڤیک و ماکسیمالیستەکانیش. ئەو گرووپ و ڕێکخراوە

جیاجیایانە هەر هەموویان بەرپرسیارن ئەوەش خۆی لە خۆی دا مەتەڵێکی ئاڵۆزە و چارەسەری ئەستەمە.

جا لە خوارەوە هەوڵدەدەین ڕۆڵی ئەو گرووپانە سەبارەت بە پەیوەندییان لەگەڵ ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی کرۆنشتات ئاوەڵاکەین، لێبکۆڵینەوە و ڕاستی نا ڕاستی تۆمەتەکان هەڵسەنگێنین.

## مەنشێڤیکەکان

مەنشێڤیکەکان، وەکوو ڕێبازێکی ئیدیۆلۆژی هەوڵیان دەدا لە چوارچێوەی یاسادا چالاکی بنوێنن، سەرەڕای نارەزاییان دەربارەی سەرکوتکردنی دەریاوانان، چالاکییەکی بەرچاویان بۆ بەرگریکردن لە خەباتی دەریاوانان نەدەنواند.

هەڵبەتە دەبێ بڵێین، دوای ڕاپەڕینی پۆپەگیری کرۆنشتات و سەرکوتکردنی لەلایەن دەوڵەتەوە. ئەوان لە دوو بایاننامە بۆ کرێکارانی پێترۆگراد، داوا دەکەن کە بۆ کۆتایی هێنان بەو شەڕە هەوڵێ بدەن. (١٢٠)

مەنشیڤیکەکان لە هیچ کاتێکدا، توانایەکی دیاریان لە کرۆنشتات دا نەبووە، جگە لە چەند کەسی لایەنگیریان، کە لەلای جەماوەر ئەو پلەو پایەیان نەبووە. دوای تاوانبار بوونیان لەلایەن دەوڵەت بەوەی ئەوان دەریاوانانیان هانداوە. مارتۆف کە بە یەکێک لە سەرانی مەنشێڤیک بوو لە دەروەی ڕووسیا بەسەری دەبرد. لە نووسینێکدا کە لە بەرواری ١ مانگی مای ١٩٢١ دا بڵاوی کردەوە، نکۆڵی لە ڕۆڵی مەنشێڤیک و ئێس.ئارەکان سەبارەت بەو کێشەیە کرد.(١٢١)

هەڵبەتە دەبێ جوولانەوەی مەنشێڤیکەکان لەگەڵ ڕێبازی ئیدیۆلۆژیان هەلبسەنگێندرێ

## ئێس. ئاڕەکان[21]

ئەو گرووپە زۆر لە مەنشێڤیکەکان چالاکتر بوون، بەرگرییان لە بزووتنەوەی دەریاوانان، بڕیارنامە و ڕاگەیاندنەکان دەکرد. ناردنی نوێنەری ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی لەلاین بۆلشەڤیکەکان هەڵوەشاوە. ئامادە بوون یارمەتی کەرەستەی خۆراک و .... هتد بۆ کرۆنشتات بنێرن. هەڵبەتە کۆمیتەی شۆڕشگێری کاتی ئەو ئاڵوگۆڕییەی ڕەتکردەوە. بە هەر حاڵ هیچ جۆرە یارمەتییەکیان نەنارد. هەتا لە ڕێکخستنی خەباتیش دا بەشدار نەبوون

لە بابەت باڵی چەپی ئێس. ئاڕەکان ئەو ڕێکخراوە داواکارییەکانی دەریاوانانی زۆر لە ئامانجەکانی ئیدیۆلۆژی خۆی بە نزیک دەدیت. ئەو نزیکییەش بە ئەندازەیەک دەتوانین لە بەیاننامەی ژونی ١٩٢١ دا بەدی بکەین.

بە هەرحاڵ دوای ئەوەی دەریاوانان ڕاپەڕین و دەوڵەتیش ئێس. ئاڕەکانی بە بەرپرس دانا. لە بڵاوکراوەی خۆیاندا بەناوی (زنامیا) وا دەڵێ:

> لە کرۆنشتات، تابگرە یەک نوێنەری بەرپرسی پۆپۆلیستی چەپ نەبوو،
> سەرجەمی بزووتنەوە بەبێ بوونی ئێمە لەوێ پەرەی سەند (١٢٢)

## ئەنارشیستەکان

ئەوانە ناویان لە کرۆنشتات نا (کۆمونی پاریس دووەم) و پڕۆپاگاندەییەکی بەرفراوانیان سەبارەت بەوە ئەنجامدا. هەر بە بۆنەی ئەوەوە بوو، زۆر لە ئەنارشیستەکان ڕەوانەی سیبیریا کران. هەندێ لە مێژوونووسان ڕێبەرایەتی ڕیالیستانەی ڕاپەڕین دەدەنە

---

21 سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان

ئەنارشیستەکان. (١٢٣) بەڵام بە هەڵسەنگاندنی بۆچوون و ئیدیۆلۆژی ئەنارشیستەکان لە ڕوویێکەوە و ڕاپەڕینی کرۆنشتات لە ڕوویێکی تر. دەتوانین بە ئاسانی دەرک بەوە بکەین کە بیروباوەڕیان نەک هەر نزیک نەبوو، بەڵکوو لە بنچینەدا جیاواز بوون. جیاوازیشیان ئەوە بوو دەریاوانان داوای دامەزراندنی شورای زەحمەتکێشانیان لە قالبی سیستەمێکی ناوەندی دا دەکرد و ئەنارشیستەکانیش سەودای دوای میکانیزمی دیکە بوون. (١٢٤)

ئەنارشیستەکان لە هیچ جێگایەک خۆیان بە ڕێبەری یان تابگرە بە ڕێکخەری بزووتنەوەی کرۆنشتات دانەدەنا.

لێرەدا، ڕاستییەک هیەیە کە دەبێ پێی لێ بنێین، ئەویش لەبەر خاتری خەباتی دوور و درێژییان لە کرۆنشتات خاوەنی خۆشەویستییەکی بەرفراوان بوون. و لە فێبرواری ١٩١٧ ئەوان لە سەرۆکایەتی شورای کرۆنشتات دابوون، کەچی بۆ نموونە لە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کاتی دا هیچ نوێنەریان نەبوو. (١٢٥)

ئاما گۆلدمان و ئەلکساندەر بێرکمەن دوو کەس لە ئەنارشیستەکان کە لە نامەیاندا بۆ زینۆڤیف باسیانکردن، دوا بە دوای بینینی شێوەی سەرکوتکردنی دەریاوانان و ئەو سیاسەتەی لەلایەن دەوڵەتەوە گیراوەتە بەر ڕووسیایان بەجێ هێشت. بێرکمەن بۆ فەرەنسا و گۆلدمان بۆ بەریتانیا کۆچیان کرد و لەوێ لەسەر چالاکییەکانی خۆیان بەردەوام بوون.

کاتی گۆلدمان گەیشتە بەریتانیا، میوانداریەکی ئێوارە بۆ ڕێزلێنانی ئەو سازکرا (بیرتراند ڕاسل) لەو بارەوە دەبێژی:

> بۆ دەست پێکردنی ووتەکانی زۆر بەکەیف بوو، بەڵام کۆتایی ووتارەکەی بەرەو ڕووی بێدەنگییەکی مەرگ ئاسابوو. نزیکەی تەواوی ووتارەکەی دژی بۆلشەڤیکەکان بوو (١٢٦)

## ماکسیمالیستەکان

لە ڕاستیدا، ئەو کۆمەڵە لاباڵێکی دیکەی ئێس. ئاڕەکان بوو، لە ڕووی تیورییەوە لە نێوان باڵی چەپی ئێس. ئاڕەکان و ئەنارشیستەکان دابوو. ئەو گرووپە لە ڕووی سیاسییەوە بیروڕایان لەگەڵ ڕێبەرایەتی کرۆنشتات لە گشت ئەوانی دیکە نزیکتر بوو. لامانۆف سەرنووسەری ڕۆژنامەی کرۆنشتات، بە یەکێک لە ئەندامانی ئەو گرووپە دەژمێردرا. هەڵبەتە ئەو گرووپەش وەک ئەوانی تر لە جۆشدان و ڕێکخستنی ئەو بزووتنەوەیە ڕۆڵێکیان نەبوو.

● ● ●

بۆ لێکۆڵینەوەیەکی بنبڕ و هەمەلایەن. بە پێی بەڵگەنامە و ئەو شتانەی کە هەن لەسەر بۆچوونەکانی ئۆپۆزسیۆنی ناوەوەی ڕووسیا، دەتوانرێ بگوترێ کە هیچ گرووپێک یان ڕێکخراوێکی تایبەتی چ لە ناوەوەی ڕووسیا چ لە دەرەوەی ڕووسیا ڕۆڵێکی نەبووە لە هاندان و ڕاپەڕاندنی خەڵکی کرۆنشتات و ڕێکخستنی بزووتنەوەکە. پۆل ئاڤریش لەو بارەوە دەبێژی:

> ئەو ڕاپەڕینە نە بەهۆی گرووپ و حیزبێکی تایبەتی بوو، نە سرووشیشی لەوانەوە وەرگرت. ڕاپەڕیوەکانی کرۆنشتات، کۆمونیستانی شورا بوون و ئامانجیان گەڕانەوە بوو، بۆ سەردەمی تەمەنی کورتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر. (١٢٧)

هەڵبەتە دەشتوانین سەرجەمی گەواهی و بەڵگەنامەکان لەبەرچاو نەگرین و پشت گوێیان خەین. تا بگرە دوای ١٨ ساڵ کە ماوەیەکی زۆرە بۆ پێداچوونەوەی بەڵگەنامەکان. هەروەکوو جۆن ڕاید دەڵێ: ئەو ڕاپەڕینە نوێنەرانی ئێس. ئاڕەکان بەرپایان کرد [١٢٨]

## پایەی چینایەتی دەریاوانان

لە یەکەم تێڕوانین، ڕەنگە هەڵسەنگاندنی ئەو ناونیشانەی سەرەوە، بێ مانا بێتە بەر چاو. بەڵام پرسی پایەی چینایەتی دەریاوانان، بەڵگەیەک بوو بە دەستی دەوڵەت، بەتایبەتی ترۆتسکی، بۆ هێنانە پێشەوەی ڕووداوەکە و سەرکوتکردنی. ئەو بەڵگەیە شتێکی وانەبوو، مەگەر دانانی دەریاوانان لە ساڵی ١٩١٧ بە مایەی شانازی شۆڕش. هەر ئەو دەریاوانانە لە ساڵی ١٩٢١ دژی دەوڵەت ڕاپەڕین و کەوتنە شەڕ. بوون و پایەی چینایەتیشیان بە پێچەوانەی ساڵی ١٩١٧ نەک هەر کرێکاری بەڵکو جوتیاری بوو. تا بگرە ئەگەر پایەی چینایەتی دەریاوانان لە ساڵی ١٩٢١ جوتیاریش بوو، ئایا شایەنی ئەو جۆرە سزایە بوون. لێگەڕێن با لە ژێرەوە ئەو تۆمەت و درۆ ڕووتانە بخەینە ڕوو.

ترۆتسکی لە ١٩ نۆڤێمبەری ١٩٣٧ لە نامەیەکدا بۆ کوڕەکەی دەنووسێ:

> کرۆنشتات، لە کەسانی پرۆلیتاریا بەتاڵ بوو[١٢٩]

ئەو کرۆنشتاتی ١٩٢١ وەبیر بوو و لە جێگایەکی تر دەنووسێ

> دەریاوانانی ساڵی ١٩١٧ کە کۆشکی زستانییان داگیرکرد، خاوەنی ئابووری شۆڕشگێڕی بوون، ئەوان لە ساڵی ١٩٢١ خاوەنی ورەیەکی سارد و سڕ بوون و

پیاوانێک بوون پانتۆڵی ناسک و سپیان دەپۆشی و مووەکانیشیان وەک جاکشەکان
شانە دەکرد [١٣٠]

بۆ چوونی لەو شێوەیە لە زۆر نووسین و ووتارەکانی ترۆتسکی و تابگرە لێنینیش بەدی دەکرێن. بەڵام با لێرە بەس بێ.

شتی سەرنج ڕاکێش لێرەدا ئەوەیە لە نێوان ساڵانی ١٩١٧ تا ١٩٢١ ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر کرۆنشتات دا هاتن چین تا پایەی چینایەتی لە کرێکارییەوە بێ بە جوتیار. بۆ کردنەوەی ئەو باسە، تا بگرە بۆ چاوقوچانێکیش بێ، با سەرجەمی بەڵگە و سەلماندنەکان وەلا نێین. با وا دابنێین پرسی گۆڕانی پایەی چینایەتیان ڕاست بێ! ئەگەر ئەو گۆڕانە پێویستی بە پرۆسەیەکی درێژ خایەنیش نەبێ، بەلای کەمی ماوەیەکی پێدەوێ. باشە لەبەر چی لە پایزی ١٩٢٠ و نۆڤێمبەری ١٩٢٠ بەبۆنەی ڕێزگرتن لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەوان جێگای شانازی بوون. [١٣١] باشە لەبەرچی ٤ مانگ بەر لە ڕووداوی کرۆنشتات هیچ کەسێ لە دەوڵەت و تا بگرە ترۆتسکی خۆشی سەبارەت بە خزینی پایەی چینایەتی دەریاوانان باسێکی نەدەکرد. کەچی لە پڕ هەموویان دەبنە جوتیار، هەموو بە دژی شۆڕش، بە کۆنە پەرست و نۆکەری سپییەکان دەژمێردرێن.

لە سێپتێمبەر و ئۆکتۆبەری ١٩٢٠ (ئایرۆنیمس یاسینسکی) نووسەر و ووتارێژی حیزبی بۆلشەڤیک ، بۆ هەڵسەنگاندنی زانستی و هوشیاری سیاسی ٤٠٠ دەریاوان کە تازە لە هێزی دەریای کرۆنشتات دامەزرابوون، ڕادەستی کرۆنشتاتیان دەکا.

یاسینسکی ئەو کەسانە لەباری سیاسی زۆر بە دواکەوتوو دادەنێ، بە شێوەیەک تەنیا ١٠ کەس لە ناو ئەوانە دا هەبوون کە بتوانن کۆمونیزم پێناسە بکەن. ئەو لە کاتی هەڵسەنگاندنیان و گفتوگۆ لەگەڵ دەریاوانە تازەکان، ڕایگەیاند کەزۆر چاک دەکەونە ژێر کاریگەری هوشیاری سیاسی، دیسپلین و سەرڕاستی دەریاوانانی کرۆنشتات [١٣٢]

یاسینسکی دوای کۆتایی لێکۆڵینەوەی و کاتی بەجێ هێشتنی کرۆنشتات گوتی:

رووسیای شورەوی، تەواو قەرزاری دەریاوانانی کرۆنشتاتە. بە ویژدانی ڕەسەنی شۆڕشگێڕانەیان و بە بەڵگەی سەلماندنی بوونی خۆیان (١٣٣)

دوای سەفەری ووتاربێژ و نووسەری حیزب بۆ کرۆنشتات، یەکێ لە دەریاوانانی پێشووی کرۆنشتات بە ناوی (ئاسکرومنی) لەلایەن حیزبەوە بۆ ووتاردان سەبارەت بە باری نێو نەتەوەیی دەنێردرێتە کرۆنشتات. ئەو دوای ئەنجامدانی ووتارەکەی خۆی، لەگەڵ لایەنگیری بۆ یاسینسکی ، کەوتە پێدا هەلگوتن و ڕێزلێنانی دەریاوانان و گوتی ئەوانە زۆر ئارەزوومەندی پرسەکانی سیاسی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتین. لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی گشتی قسەی سەبارەت بە هوشیاری سیاسی و ڕێک و پێکی ئەوان کرد(١٣٤)

لەو دوو دوانەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، کە چۆن تا پێش ڕوودانی مارس، نەک تەنیا باسێک لەمەڕ کۆنەپەرستی و دژی شۆڕشی ئەوان لە ئارادا نەبووە، بەڵکوو لە هەر شوێنێک کە جێی باس بووایە، ئەوان تەنیا پێدا هەڵگوتن و شانازیان پێ ڕەوا دەبینرا.

بە هەرحاڵ لەو بەشەدا بە هۆی هەندێ ئامار و ژمارە ڕوونی دەکەینەوە، کە هیچ گۆڕانکارییەک لە ١٩١٧ تا ١٩٢١ بەسەر پایەی چینایەتی دەریاوانان دا نەهاتووە و هەمیشە ناویان بە مایەی شانازی شۆڕش هێنراوە و دژی تزار و دەوڵەتی کاتی ڕاپەڕیون و کۆشکی زستانیان داگیرکردووە. هەر ئەو کەسانەش بوون دژی زۆرداری بۆلشەڤیکەکان ئاڵای خەباتیان بەرزکردەوە.

لە ساڵی ١٩٢١ لە ٢٠٢٨ دەریاوانان کە لە هێزی دەریایی جێگیری کرۆنشتات خزمەتیان دەکرد و بەرواری دامەزرانیشیان هەیە ٩٣،٩٪ ئەو دەریاوانانە پێش ١٩١٧ بووبوونە ئەندامی هێزی دەریایی. لە ناو ئەو کەسانەشدا نزیکەی ١١٩٥ کەس لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٤ تا ١٩١٦ پەیوەندییان بە هێزی دەریاییەوە کردبوو و تەنیا ١٣٧ دەریاوان لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٨ تا ١٩٢١ و ٣ کەس لە ساڵی ١٩٢١ بووبوونە ئەندامی هێزی دەریایی. هەروەها سەبارەت بە سەرجەمی هێزی دەریایی بەڵتیکەوە، کە هەردوو ستوونی دەریای

کرۆنشتاتیش دەگرێتەوە، لە نێو گشت ئەو کەسانەی لە بەرواری ١ ژانواری ١٩٢١ لە خزمەتدابوون، نزیکەی ٧٥،٥٪ پێش ساڵی ١٩١٨ پەیوەندییان بە هێزی دەریاییەوە هەبوو.[١٣٥] لە ڕاستیدا لە ماوەی شەڕی ناوخۆ هێزی دەریای، بەتایبەتی ستوونەکانی جێگیری کرۆنشتات ڕۆڵێکی گەورەیان لە خەبات و وەستانەوە بەرامبەر ژەنراڵەکانی تزاری بینی. وەرگرتنی ئەندام بە شێوەیەکی بەر فراوان نەبوو، لەبەر ئەوەی پەروەردەکردنی دەریاوان و کادیری چالاک لەو کاتەدا لە توانادا نەبوو.

گەواهی، گوتە و کردارەکانی دەوڵەت خۆی تا ئاستێک ڕوونە و پێویستی بە باس و سەلماندنی پایەی چینایەتی دەریاوانان لە ساڵی ١٠١٧ تا ١٩٢١ ناکا.

## حیزب و دەیاوانان

بە درێژایی باس و خواسەکانی پێشتر، سەبارەت بە بابەتەکانی باس و بۆچوون و کردەوەکانی سەرۆکایەتی حیزب متمانەی خەڵکیمان، بەتایبەتی لینین و ترۆتسکی مان کۆڵییەوە. لەو بەشەشدا لە گۆشەیەکی دیکەوە هەڵیدەسەنگێنین. بەرەچاوکردنی ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری و سێنترالیستە دیموکراتیەکان و پەیوەندییان بە کرۆنشتاتەوە.

# لێنین




یەکەمین ڕاگەیاندنی لێنین سەبارەت بە ڕاپەڕینی کرۆنشتات دەگەڕێتەوە بۆ ٢ مارس، کە داواکارییەکانی دەریاوانانی لە سەداسەد بە ئێس. ئارەکان ئەژمارد و کازلۆفسکی لە کارەکەی وەلانا. لەو بەروارەوە تا ٨ مارس، ئیمزای ئەو لەسەر هیچ ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەیەکی دەوڵەت نەبوو. هەروەها هیچ کاتێ بەرمەیدان بۆ ڕای گشتی دژی دەریاوانان باسێکی نەکرد. بە درێژایی ئەو ٥ ڕۆژە چەند ڕووداوێک قەومان کە ناکۆکی نێوان دەوڵەت و

کرۆنشتاتی توندتر دەکرد. بەڵام لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا لە خەباتی پڕۆپاگاندە دژی دەریاوانان بەشدارییەکی نەبوو. دەریاوانانیش هەڵوێستێکی دژ بەویان وەرنەگرت. خەیاڵیشیان هەروا بوو. بۆ نموونە کاتی کارگێڕی و خانووەکانی دەوڵەتییان داگیرکرد وێنەی سەرجەم سەرانی حیزبیان لە دیوار هێنایە خوارێ، بێجگە لە هی لینین، کەچی دوای ووتاری ٨ مارس تەواوی بۆچوونی دەریاوانان دەربارەی لینین سەرنخوون بووەوە. هەر دوای ئەوە دەریاوانان لە رۆژنامەی خۆیان ڕایانگەیاند کە (ئێمە چاوەڕوانی هاوبیر بوونی لینین لەگەڵ ترۆتسکی و زینۆڤیف نەبووین) [١٣٦]

هەندێ لە مێژوو نووسان لەو باوەڕەدان کە لەبەر ئەوەی لینین جوولەکە نەبوو، بۆیە جێی سۆزی دەریاوانان بوو، بەڵام بە کلکایەتی ناوبردنی دەریاوانان، بووە هۆی نەفرەت لێکردن و ئەو بۆ چوونەی سەرەوە ڕەتداکاتەوە. هەڵبەتە هەستی دژی جوولەکان لەو سەردەمەی ڕووسیا ناتوانرێ نکۆڵی لێبکرێ.

دوای یەک هەفتە لینین لە ووتاری خۆیدا بۆ کۆنگرەی دەیەم لە بەرواری ١٥ مارس، شتێکی خستەڕوو، لە ڕاستیدا ئەوە تابگرە نەک تەنیا لەگەڵ ووتار و ڕاگەیاندنەکان و قسەکانی خۆی ناکۆک بوون، بەڵکوو دژی سەرجەم دامودەزگای پڕۆپاگاندەی دەوڵەت بوو و گوتی:

> لە کرۆنشتات، ئەوانە نە خوازیاری دەستەڵاتی سپییەکان بوون و نا داواکاری دەستەڵاتی ئێمەشن [١٣٧]

ڕووداوی کرۆنشتات، ڕاستی لە هەر شتێکی تر زیاتر بۆ لینین ڕوونکردەوە.

# ترۆتسكی



(جەستەی میری زۆردار) و (تا ئەژنۆ لە خوێنی کرێکاراندا نقووم بوو) ئەوە دوو لەو نازناوانە بوون کە لەلایەن بزووتنەوەی کرۆنشتاتەوە درابوونە ترۆتسکی.(١٣٨)

ترۆتسكی بەو پێیەی کە کۆمسیاری شەڕ و سەرۆکی گشتی شوراکانی شۆڕشگێڕی شەڕ بوو، بەر پرسیاری ڕاستەوخۆی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی کرۆنشتات بوو. ڕاگەیاندنی ٥ مارس ئەوی زیاتر ڕەکێشی گۆڕەپان کرد و کردییە خۆراک و هێرشی بنچینەیی بزووتنەوەی کرۆنشتات.

سەرەڕای ئەوەش ترۆتسکی لە کاتی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کرۆنشتات ڕۆڵی بنچینەیی لە ڕووی فەرمادەی سوپا و هێرشی پڕۆپاگاندە کەوتبووە ئەستۆ. لە دواییدا خۆی گرفتاری ڕۆتینی دامودەزگایی بوو، کە خۆی ڕۆڵی بنچینەیی لە دامەزراندیدا هەبوو. لە داپۆشینی

بزووتنەوەی کرۆنشتات دا دەستی هەڵنەدەگرت. بۆ نموونە لە نووسینێک بە ناوی (هات و هاوار و گریە بۆ کرۆنشتات) دا دەنووسێ:

ڕاپەڕینی کرۆنشتات، بێجگە لە کاردانەوەی چەکدارانەی وورده بۆرژووازی دژی تەقەللای سەختی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سەختی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا شتێکی تر نەبوو (١٣٩)

سەبارەت بە ڕۆڵی خۆشی لە سەرکوتکردنی دەریاواناندا لە نووسینێکی تردا دەڵێ:

من وەکو کەسێک، بچووکترین ڕۆڵم نە لە کاروباری سەرکوتکردنی ڕاپەڕیووەکانی کرۆنشتات و نە لە خامۆشکردنەوەی دوای سەرکوتیش دا هەبووە (١٤٠)

لەمەوبەر سەبارەت بە (ووردی بۆچوونەکانی ) ترۆتسکی دواین. ئەو کاتەی کە ئەو داواکارییەکانی دەریاوانانی لەسەر بنچینەی پرۆگرامی دابەشکردن و دانی ئیمتیازی تایبەتی لێکدەدایەوە. تۆ بڵێی دوای ١٧ ساڵ لە بیری چووبێ کە شوێنی ئەو لەو دەزگایەدا چی بوو یان چاوپۆشی لە لەبیرچوونەوە دەکرێ.

دواین شت کە ترۆتسکی سەبارەت بە کرۆنشتات دەیڵێ. ڕستەیەک پڕ مانا بەلام کورت، دەڵێ:

ئەوەی بۆلشەڤیکەکان لە کرۆنشتات کردیان کارێکی تراژیدی بوو (١٤١)

ئافەرین خەیاڵی بەتاڵ

ئەو گرووپە وەکوو فراکسیۆن (کتلە) لە دەروونی حیزب دا چالاکیان دەنواند، لەگەڵ ئەوەی هەندێ لە داواکارییەکانییان هەروەکوو داواکارییەکانی کرۆنشتات بوو، کەچی نەک تەنیا بەرگرییان لە خەباتی خەڵکی کرۆنشتات نەدەکرد، بەڵکوو لە سەرکوتکردنەوەشیاندا بەشداریان بوون. باشە ئەوانە بۆچی بەرگرییان لێ نەکردن، دەبێ لە دوو ڕووەوە سەیر بکرێ. یەکەم بەرگری دەیاوانان لە مافی جوتیاران، کە تەواو لەگەڵ بۆچوونی ئەو دوو گرووپە سەبارەت بە پرسی کشتوکاڵ و جوتیاران ناکۆک بوو. ئەویتر واتە دووەم لە بەر ئەوەی خۆیان، بەو پێیەی لە ناو حیزب دا فراکسیۆن (کتلە) بوون و لە ژێر فشار دابوون. ئامادە نەبوون بەڵگەی نوێ بدەنە دەست بۆ هەڵوەشاندنەوەیان. ئەگەر چی دوای سەرکوتکردنی کرۆنشتات، لە هەمان کۆنگرە بڕیار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەوانیش درا. هەڵبەتە هۆی یەکەم ڕۆڵی زیاتری و سەرکی لە بڕیاریاندا بینی.

کاتی هەواڵی دەرگیری نێوان دەوڵەت و دەریاوانان گەیشتە کۆنگرە، نزیکەی ٢٧٩ نوێنەر[22] کۆنگرەیان بەجێ هێشت و خۆیان گەیاندە بنکەکانی شەڕ. لە ناو ئەوانە دا ژمارەیەک لە نوێنەرانی ئەو دوو گرووپەش هەبوون. (١٤٢) لۆتۆنیف کە لە سەرانی ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری بوو لە ٢٧ مارس ١٩٢١ کاتی گەیشتە بەرلین ڕایگەیاند کە ئەو هەواڵانەی لە مێدیای دەرەوە دەربارەی ڕووداوی کرۆنشتات لە چاپەمەنییەکان دەبینرێن زێدەڕۆییە. دەوڵەتی شوراکان بە ئەندازەی تەواو دەستەڵاتدارە کە لە پرسی ڕاپەڕیووەکان بکۆڵێتەوە. دەوڵەت ئەو هەنگاوەی بۆ پارێزگاری ئاسایشی خەڵکی شار هەڵێناوە، بۆ ئەوەی بەر لە فریوخواردنیان بگرێ (١٤٣)

پێش کۆتایی هێنان بەو بەشە سەرنجێکی زۆر کورت سەبارەت بە پرسی بەندەکانی حیزب لە کرۆنشتات دەدەین.

22 یەک لەسەر چواری سەرجەمی نوێنەرانی کۆنگرە

هاوکات لەگەڵ فراوان بوونی بزووتنەوەی کرۆنشتات و دەستگرتنیان بەسەر دەستەڵات، نزیکەی ٣٠٠ کەس لە کاربەدەست و ئەندامانی حیزب دەستگیرکرابوون یانیش بە هۆی شتی جۆر بە جۆری ترسناکەوە تاوانبار کرابوون. ئەو ژمارەیە بە بەراورد لەگەڵ سەرجەمی ژمارەی ئەوانەی سەربە حیزب بوون زۆر کەم بوو. ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەو بەندانەدا زۆر باش بوو، لە هیچ کاتی تا بگرە لەو کاتەی (کۆمیتەی بەرگری پێترۆگراد) خێزانی دەریاوانانی بە کۆمەڵ دەگرت. ڕەفتاری ئەوان لەگەڵ بەندەکان نەگۆڕا. (١٤٤)

کاتی کازمین لەلایەن دەریاوانانەوە بە دیل گیرا، دامودەزگای دەوڵەت دەستی کرد بە پڕۆپاگاندە، کە گوایە ڕەفتاری خراپیان لەگەڵ کردووە و خەریک بوو لە سێدارەی بدەن. ڤیکتۆر سیرژ لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ:

> کاتی کازمین ئازاد بوو، من چوومە لای و دەربارەی ئەو پڕۆپاگاندەیە پرسیارم لێکرد، ئەو ئەو پڕۆپاگاندانەی تەواو ڕەتکردەوە و بە زێدەڕۆیی دانا (١٤٥)

بەڵام پرسی بەکۆمەڵ گرتنی خێزانی دەریاوانان کۆتایی نەهات، بەڵکوو یەخەی خێزانی ئەفسەرەکانی پێشووی سەردەمی تزاریشی گرتەوە کە لە کرۆنشتات دەژیان. هەڵبەتە ئەو تاکتیکە یەکەم جار لەلایەن ترۆتسکی بەکار هێنرا، کاتی کە ژەنرال و ئەفسەرانی پێشووی سوپای تزاری بەهەراو هێنایە ناو سوپای سوور، بۆ ئەوەی ڕێگا لە خراپەکارییان بگرێ. بە درێژایی ئەو کاتە خێزانەکانیان وەکوو بارمتە، لەبەر دەستی دەوڵەت بوون (١٤٦)

سەرئەنجام

پرواز را بە خاطر بسپار
پرندە مردنی است

فروغ فروغ زاد

وای لێهات کە ئەستێرەی هەڵکشاوی بەرگری وەژێر خاک دراو بە دەنگبڕینیش کەمەریان بەست. ڕەنگە پرسی بزووتنەوەکە بەخۆی نەبوو، پرسەکە ئاوەڵا بوونی ڕاستییەک بوو کە ساڵەهای ساڵ بوو لە پشت ووشە و ڕستەی ئاگرین شاردرابووەوە. کرۆنشتات هۆی ئاشکرابوونی ئەو ئیدیۆلۆژیە داپۆشراوە بوو.

بزووتنەوەیەک لێنینیشی لەگەڵ دابێ (بێ دوو دڵی لە دینکین،یۆدنیچ و کۆڵچاک پێکەوە هەموویان ترسناکتر بوو) (١٤٧) بەیەکجار جلەوی شۆڕنەکرد، فاکتەرێک بوو کە لەلایەن ئەوانەی خۆیان بە ڕێبەری بزووتنەوەی کرێکاری دەزانی ئەفرێندرابوو.

ئەو بزووتنەوەیە تا بگرە مۆنۆپۆلی فیکری کرد، بەبێ بنچینە نەبوو کە لێنین لە مای ١٩٢١ دەڵێ:

> جێگەی سۆسیالیستەکانی ناحەز یان بەندیخانەیە یان دەربەدەری لە تەک گاردە سپییەکان (١٤٨)

بۆخارینیش دەڵێ

> بێهوودەیە کە دەڵێن لە ڕووسیا حیزبی جیا جیا ناتوانێ هەبێ. بەڵێ دەتوانێ هەبێ، بە مەرجێ کە یەکێ یانی حیزبی کۆمونیست لە کرێملن و ئەوانی تر لە بەندیخانە بەسەر دەبەن (١٤٩)

کەسانێک تا بگرە توانای گوێگرتن لە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناو دەروونی حیزب نییە و دەڵێ:

> کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە هەموو ناکۆکییەکان بێهنرێ. ئێمە تا ڕادەیەکی باش ئۆپۆزسیۆنمان هەبوو (١٥٠)

ئیتر بێجگە لە ئاخنینە ناو بەندیخانە و دەربەدەرکردنی ئۆپۆزسیۆن بەولاوە، نەدەتوانرا چی تریان لێ چاوەڕوان بکرێ. بەڵام ئەورۆ ڕۆژێکە، بە هۆی پشتیوانی هەمان ڕابردوو کەسانی زۆر هەن دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بە ئەو تاکە ڕێگایە دادەنێن بۆ لەناو بردنی بورژوازی و دارشتنی سیستەمێکی بێ چین بە سەرکوت و کوشتار، خنکاندنی دەنگی ناڕەزایی سانسۆر، نەهێشتنی ئازادی ڕادەربرین، بۆ چوون و چاپەمەنی و کۆنترۆڵی دەوڵەت

و هتد.... ئەوەی کە دەمێنێتەوە، هاتنی ئەو ڕژێمانەن لە ژێر ناوی (دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا) بەڵام تەنیا بگاتە دەستەڵات تۆتالیتاریزمە ئایا باکۆنین ڕاستی نەدەگوت کە سۆسیالیزم بەبێ ئازادی کەسی و خواستی چینەکانی خوارەوە ناتوانێ بێجگە لە زۆرداری بە شێوەیەکی تر هیچی کەبێ (١٥١)

بەڵام دیکتاتۆری پرۆلیتاریا خەستبوونەوەی کۆماری شوراکانە، لە ڕەگەزێکی دی کە ئەویش مێژووی مرۆڤایەتییە، کە مرۆڤ دەست لە مەزنی و گەشانەوە دەدا.

بەڵێ تێکۆشەرانی کرۆنشتات (قوربانیانی بێ گوناهی شۆرشگێڕ) بوون کە بەرەو ڕێگەی بەرینی بەشێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتی دەڕۆیی. (١٥٢)

١٩٨٤ – ٥ - ٧

ئەو لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری (زمان نو) ژمارە ٥ ساڵی ١٣٦٣ لاپەڕەکانی ٥ تا ٢٥ بە زمانی فارسی بڵاو بۆتەوە.

# سەرچاوەکان


1. Shub, Dvid; Lenin, Doubleday 1948, p.405
2. Avrich, Paul:Kronstadt 1921, Princton University press 1970, p.9
3. Kristman, Geroicheskii, Periodvelikoi russkoi revoliutsii, p. 135.
4. Avrih, p.10 لە پەرتووکی ئاڤریش
5. Pukov, A.S;Kronstadtskii maitezh 1921,g. Leningrad 1931, p.8.
6. Avrich, P.16. لە پەتووکی ئاڤریش
7. Thorndycraft, Lynne; The kronstadt uprising of 1921; left bank books, Pamphlet nr 1, p.4.
8. Singelton, Seth; the Tambov revolt (1920-21); slavi, Review xxv. Sept 1966, p-p-479-512.
   ئەو بزووتنەوە جوتیارییە دوای سەرکوتکردنی کرۆنشتات، لەلایەن تۆخاچێفسکی سەرکوتکرا، ئەنتۆنۆف کە ڕێبەری بوو یەکێ لە باشترین پارتیزانەکانی سەردەمی خۆی بوو.
9. Osinskii, N; Gosudarstrennoe reguli rovanie Krestian skogo Shoziaistva; Moscow 1920, pp-8-9.
10. Avrich. P.20 تائکید لە ئێمەوەیە – لە کتێبی ئاڤریش
11. Mc Cauley, Sartin; The Russian Revolution and the soviet State 1917 -21, p-p. 16-18.
    ئەو داخوازیە دەوڵەتی کاتی لەبەر نەبوونی ئازموونی لە بزووتنەوە، ڕەتی کردەوە.
12. 
13. Prokopovitch, S.N; The ekonomic condition of Soviet Russia London, 1924? P-p. 20 -25.
    ئاڤریش، نزمبوونەوەی ئاستی بەرهەم بەیەک لە سەرپێنج دادەنێ
14. Avrich, p.22.
15. Ibid, p.22
16. Pukhov, p.23.
17. Avrich, p.24
18. Slepkov, A; Kronstad tskii maitezh, Moscow 1928, p.13.
19. Pukhov, p.23.
20. Berkman, Alexander; The kronstadt Rebellion, Berlin 1922 p. 10.
21. Avrich, p. 29
22. Ibid, p.29.
23. Bunyam, James; The origion of Forced Labour in the Soviet State, 1917- 21. Document and material, Baltimore.
24. بڵاوکراوەی (زمان نو) ژمارە ٣، ل ١٣
25. Avrich, p.28.
26. Ibid, p.26
27. Pravda, January 22, 1921

28. Avrich, p.35.
29. Ibid, pp 35-36.
30. Newyorktimes, march 6, 1921.
31. Avrich, p.36.
32. Balbanoff, Angelica; Mylife as a Rehel, Nework 1938, p.261.
33. Pukhov, p.19.
34. Pravda, February 12, 1921.
35. METT, Ida; The kronstadt uprising. Solidarity Pampher 27, London 1967, p.36.
36. Avrich, p.38.لەو بارەوە سەیری سەرجاوەکانی ۳٥ بکە
37. Pollack, Emanuel; The kronstadt Rebellion, philosophi, Library, 1951, p.10.
38. Avrich, p.40.
39. Pravda, February 25,1921.
40. Avrich, p.40.
41. Berkman, p.7.
42. Avrich, p.42.
43. Schapiro, Leanard; The origion of communist Autocracy 1917 – 22. P.205.
44. Serge, Victor; Memories of a revolutionary 1901 – 1941 London. 1963, p. 130.
45. Avrich, p.47.
46. Ibid, p-p. 48-50.
47. Pukhov, p.48.
48. Avrich, p.56.
49. Browder, R.P.8 Kernesky A.F; The Russian Provisional Gouverment, 1917, Standfort 1961, vol 3, p-p 1269-99.
50. Avrich, p.58.
51. Ibid, p.60.
52. Sukhanov, N.N; The Russian anarchists, Prinston.u.pren 1967 p.156.
53. Browder, R.P.8 Kernesky, p-p. 1581-82.
54. Avrich, p.61.
55. Avrich, Paul; The Russian anarchists, princton .u. pren 1967 p.156.
56. Avrich, p.62.
57. Ibid, p.p 63 -64
58. Ericson, jhon; The Soviet Hiah Command, London 1962, p-p. 25-52.
59. Avrich, p.69.
60. Mett, Ida; LaCommune de cronstadt; crépuscule sanglant des soviet, Paris, 1949, p.26. لە کتێبی ئاڤریش
61. Avrich, p.76.
62. Mett, Ida, p.34.
63. Avrich, p.72.
64. Getzler, Israel; Kronstadt 19, The fate of soviet democracy, Cambridge,u,pren. 1983, p.p 212-13.
65. Thorndycraft, Lynne, p.p. 212-13.
66. Berkman, Alexander; The Bolshevik myth, N.Y, 1925, p. 294.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕووداوی ١ مارس سەیری ئەو کتێبانە بکە.
Serge, Victor, p.127
Getzler, Israel, p.215
67. Getzler, Israel, p.p 215-16.
68. Katkov, George; The kronstadt rising; st.Antony´s paper, nr 6, Pionnering sudy, London. 1956, p.28. لەو بارەوە سەیری پەرتووکی سەرچاوە ٤٣ بکە.
69. Getzler, p.218.
70. Ibid; p.218. Berkman, Serge. لەو بارەوە سەیری ئەو پەرتووکانە بکە
71. Pukhov, p.35.
72. Avrich, p.87.
73. Getzler, p.3.
74. Ibid, p.220. هەندێ مێژوونووس ئەو ڕستەیە بە هی ترۆتسکی دەزانن
75. Ibid, p.221. هەواڵی گیرانی دەستەی نوێنەرانی کرۆنشتات لە پراڤدای پێترۆگراد ٤ مارس بڵاوکرایەوە.
76. Lenin & Trotsky; Kronstadt, Monad Pren, N.Y 1979. P.67.
77. Deutscher, Issac; The prophet armed, Trotsky 1979 – 1921 oxford. u. pren. P.512.
78. Avrich, p.146.
79. Ibid, p.145.
80. Goldman, Emma; Living my life, N.Y. 1934, p.p. 882-83.
Berkman, Alexander, Bolsheviksmyth, p.p. 301-302.
ئەو نامەیە لەلایەن بێرکمانەوە نووسرابوو.
81. Avrich, p.148.
82. Ibid, p.149.
83. O+Bllance, Edgar; The red army, Feber & Feber, London 1964, p.90.
84. Avrich, p.150-52.
85. Thorndycraft, p.16. سەیری سەرچاوەی ٨٣ بکە
86. Berkman, Bolshevik myth, p.303.
87. Thorndycraft, p.17.
88. Lenin & Trotsky, kronstadt, p.44.
89. Avrich, p.193.
90. Ibid, p.154.
91. Pozdnyakov, v; The chemical Arm in the redArmy.N.Y. 1956, p.p. 384-85.
نووسەری ئەو پەرتووکە خۆی خوێندکاری (خویندنگای بەرزی کیمیایی سوپا بووە، کە لە بەکارهێنانی بۆمبی کیمیایی لە کرۆنشتات بەشدار بووە.
92. Avrich, p.196.
93. Mett, Ida, Paris, p.p. 77-78.
94. Berkman, Kronstadt rebellion, p.36.
95. Newyork Times, March 18, 1921.
96. Avrich, p.p. 202-4.
لەو بارەوە سەیری پەرتووکی Thorndycraft, ل ١٧ و ١٨ بکە
97. Avrich, p.210.

98. Ibid, p.211.
99. London Times, March 31, 1921.
100. Avrich, p.216.
101. Berkman, The Bolshevik myth, p.303.
تێرز سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا بووە و گالیفت جەنەڕالی سەرکوتکەری کۆموون بوو.
102. Avrich, p.p 214-15.
103. Mett, Ida, London, p.40.
104. Mett, Ida, London, p.39.
ترۆتسکی ئەو پرسەی، لە وەڵامی پرسیاری "ڤیدێلین تۆماس" هێنایە ڕوو. توماس ئەندامی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی دادگای مۆسکۆ بوو.
105. Berkman, The kronstadt Rebellion, p.65.
106. Avrich, p.137.
107. Ibid, p.138.
108. Ibid, p.p. 166-67.
109. Ibid, p.164.
110. Pravda, March 3, 1921.
111. Getzler, p.219.
112. Avrich, p.96.
113. Ibid, p.98.
114. Dagres, jane(ed); The communist international 1919-43, 3 vols, London 1956, VOLI, p.p. 213-15.
115. Bukarin, N; The new polices of soviet Chicago, 1921, p.56.
116. New York Harald Tribune, March 15 1921.
117. Getzler, p.237.
118. Avrich, p.163.
119. ئامانج لە هێنانی ئەو نموونەیە، بە هیچ شێوەیەک بەراوردی خومێنی بە بۆلشەڤیکەکان نییە. مەبەست تەنیا بێ بنچینەیی بوختانکردنە.
120. Mett, Ida, London. P.62.
121. Ibid, p.63.
122. Ibid, p.66.
123. Deutscher, p. 510.
124. Thorndycraft, p.p. 13-14.
125. لەبارەی ڕابردووی ئەنارشیستەکان لە ڕووسیا، بە تایبەتی کرۆنشتات سەیری ئەو پەرتووکە بکە.
Avrich, Paul; The Russian anarchists, princton.u. 1967.
126. Bantam, N.Y; he Autobiography of Bertrand Russell, 1914-44, 1069, p.168.
127. Thorndycraft, p.12.
128. Wright, Jhon, G; The Truth about Kronstadt.
بڕوانە پەرتووکی کرۆنشتات نووسینی لێنین و ترۆتسکی ل. ١٠٣
129. Lenin & Trotsky; Kronstadt, p.91.
ترۆتسکی لەو نامەیەدا لە کوڕەکەی داوا دەکا کە نووسینێک سەبارەت بە کرۆنشتات بنووسێ، لەبەر ئەو ناتوانێ. نووسەری ناوبراو لە سەرچاوەی ١٢٨ ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ.

130. Thorndy craft, Lynne, p.7.
131. Goldman, Emma; Trotsky protests too much, Glasgow 1938, p.37.
132. Getzler, p.p. 205-6.
133. Ibid, p.207.
134. Ibid, p.207.
135. Ibid, p.208.
136. Avrich, p. 179.
137. Getzler, p.20.
138. Avrich. P.p. 175-6.
139. Trotsky; Leon; Hue and Cry over Kronstadt. New international, April 1938.
140. Lenin & Trotsky, Kronstadt, p.p.95-6.
ئەو نووسینە لە ٦ ژانواری ١٩٢٨ نووسراوە.
141. Ibid, p.98. ئەو رستەیەی لە ئەوگوستی ١٩٤٠ درکاندوویەتی
142. Getzler, p.243.
143. حمید شوکت زەمینەی سیستەمی یاک حیزبی لە ڕووسیای سۆڤییەتی ١٣٦٢ ل.٨٢
144. Avrich, p.p 186-7.
145. Serge, Victor, p.p 126-27. بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەوە بڕوانە سەرچاوەی ٦٨ ل ٤٥ و ٤٨
146. Avrich, p.146.
147.
148. Avrich, p.226.
149. حمید شوکت: ل.٤٥.
ئەو ڕستەیەی لە ساڵی ١٩٢٨ بە هەواڵنێری ئەمریکایی گوت.
150. Shapiro, Leonard, p.316.
لێنین ئەو قسەیەی لە وتارێکی خۆیدا لە کۆنگرەی دەیەم درکاند.
151. Avrich, p.190.
152. Steinberg, I.N; In the work shop of the Revolution N.Y. 1953, p.300.